رووداو
RÛDAW
ژمارە (524) دووشەممە 2018/10/8 – 16ی ڕەزبەر 2718 (750) دینار



شاجوانی 2015ی عێراق بۆ (رووداو):

## عێراقم بەجێهێشت چونکە هەڕەشەم لێ دەکرا



رووداو- هەولێر

شەیما قاسم، کە لە ساڵی 2015 بە شاجوانی عێراق هەڵبژێردرا، لە ترسی هەڕەشەی کوشتن عێراقی بەجێهێشتووە و لە ئوردن نیشتەجێ بووە.

شەیما کە لە دایکێکی کورد و باوکێکی عەرەبی عێراقی لەدایکبووە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی هۆکاری بەجێهێشتنی عێراق دەکات و دەڵێت: "هەڕەشەی کوشتنم لێدەکرا، ژیانم لە مەترسیدابوو، دوای کوشتنی چەندین کەسایەتیش بەڕاستی ترسابووم، ژیانم نەمابوو، بۆیە بەناچاری عێراقم بەجێهێشت و هاتمە عەممان".

قسەکانی شەیما لە کاتێکدایە کە کۆتایی مانگی رابردوو، تارا فارس، هاوەڵی شاجوانی عێراق لە بەغدا تیرۆر کرا.

شەیما دەڵێت ئەوەی لەم دواییە لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق روویاندەدا ئەوانی تۆقاندبوو. ئەو گوتی کە "بەغدا بۆ کچانی ئەستێرە بووەتە کابووس"، بۆیە تا بارودۆخەکە بەوشێوەیە بێت لە عەممان دەمێنێتەوە.

10»

عادل عەبدولمەهدی.. ئەو پیاوەی هەمیشە ئیستیقالەکەی حازرە

4

پارتی

جێگری سەرۆکوەزیران و وەزارەتێکی سیادیمان بەردەکەوێ

3



هێمن عەبدوڵڵا

بەرهەم شۆو

19

(رووداو) بۆ بەدواداچوونی دۆسیەکەی دەچێتە گوانتانامۆ

# سەرکردە گیراوەکەی ئەلقاعیدە چۆن کرایە کورد؟



5

تەندروستی 15

لە کوردستان هەفتانە 18 ئافرەت تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبن



ڕاپۆرت 6

بەربژێرەکان چاپخانەکانیان خستە ژێر قەرزەوە

کۆمەڵایەتی 13

سەوزەفرۆشێک خۆی دەخنکێنێ



ژنان 12

ئافرەتە کوردەکەی بەریتانیا لە لایەن هاوژینی پێشووی کوژراوە



## 4000 قوتابیی عەرەب ڕوویان لە هەولێر کردووە

**ڕووداو- هەولێر**

لەماوەی سێ ڕۆژدا، 4000 قوتابیی عەرەب هاتوونەتە هەولێر و لە قوتابخانەکانی حکومەتی عێراق وەرگیراون و ڕۆژانەش بە سەتان کەسی دیکە سەرقاڵی مامەڵەن بۆ هەمان مەبەست تەنیا لە هەولێر خوێندنی عەرەبی خاوەنی 75 هەزار قوتابییە، چاوەڕوان دەکرێت بۆ ئەمساڵی خوێندن ژمارەکە بگاتە 87 بۆ 90 هەزار قوتابی، بەڵام قوتابخانەکانیان توانای وەرگرتنی ئەو ڕێژە زۆرەی قوتابییان نییە، بۆیە ناچار داوا لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان کراوە تاوەکو یارمەتیان بدات.



ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (524) - دووشەممە 2018/10/8

### ئامادەیە پۆستەکان لەگەڵ عەرەب و تورکمان بەش بکات

# یەکێتی داوای گەڕانەوەی ڕێبوار تاڵەبانی دەکات

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ، زۆرتر بۆنی نزیکبوونەوەی گەڕێکی دیکەی ناکۆکی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لێدێت. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت حیزبەکەی ناتوانێ لەوە زیاتر لە کەرکووک بەدیار پارتییەوە دابنیشێت "ئەگەر هەر نەیەنەوە، ناچارین پارێزگاری نوێی کەرکووک هەڵبژێرین".

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو، ئامادەبوونی 21 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لەنێو هۆڵی کۆبوونەوە وای لە بەرپرسانی یەکێتی کرد کە بە دەنگێکی دلێرتر داوای گەڕانەوەی پارتی بکەن تاوەکو لە کۆبوونەوەیەکدا بە زۆرینەی دەنگ پارێزگاری نوێ بۆ کەرکووک هەڵبژێرن.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، هێشتا بە تەواوی بێهیوا نەبووە لەوەی گفتوگۆکانی پارتی و یەکێتی لەبارەی کەرکووکەوە بە ئەنجامێک بگەن، بەڵام ناشتوانێ بۆ داهاتوویەکی نزیک گەشبین بێت "ناکرێ هەر چاوەڕوان بین، دۆخی کەرکووک لەوە زیاتر بەرگەی ئەوە ناگرێ و دەبێ پارتی بگەڕێتەوە".

ناوبراو، دەڵێ ئەو لە داواکاریی پارتی تێناگات لەبارەی کەرکووکەوە "داوای هیچیان نەکردووە و نەیانگوتووە چییان دەوێ، ئەوەی داوای دەکەن، دەبێ سەرۆکوەزیرانی عێراق جێبەجێی بکات، نەک یەکێتی".

ڕۆژی 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو، هێزەکانی سوپای عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی پەلاماری شاری کەرکووکیان دا و دەسەڵاتی ئیداری و سیاسی کوردیان لە شارەکەدا لە سفر نزیک کردەوە، لەوکاتەوە کاراکردنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکە بۆ ئەوەی پارێزگارێکی نوێ هەڵبژێرێ، یەکێک لە خاڵە ناکۆکانی نێوان پارتی و یەکێتییە.

یەکێتی چاوەڕوانی گەڕانەوەی ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکە بۆ ئەوەی بتوانێ ڕێکارە یاساییەکان بگرێتەبەر بۆ کاراکردنەوەی ئەنجوومەنەکە و هەڵبژاردنی پارێزگار. بەڵام تاڵەبانی، بە نامەیەک دەسەڵاتەکانی خۆی بەشێوەیەکی کاتی داوەتە ئەندامێکی تورکمانی ئەنجوومەنەکە، تاوەکو ئەوکاتەی دەگەڕێتەوە.

ڕێبوار تاڵەبانی، دەڵێ: "من دەستم لەکارنەکێشاوەتەوە، بەڵام ئەو ماوەیە سەرقاڵم و ناتوانم بگەڕێمەوە. هەر دانیشتنێکیش بۆ هەڵبژاردنی پارێزگار بەبێ ئامادەبوونی سەرۆکی ئەنجوومەن دەستووری و یاسایی نییە. ئەو ئەندامەش کە داوام لێکردووە دەسەڵاتەکانم بەکاتی وەربگرێ، ئامادە نییە پەسەندی بکات".

بەڵام ئەحمەد عەسکەری، پێیوایە گواستنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجوومەن بۆ ئەندامێکی ئەنجوومەن لەکاتێکدا سەرۆکی ئەنجوومەن نەخۆش نەبێت و سەفەری نەکردبێ، یاسایی نییە: "دەبێت خۆی بگەڕێتەوە و ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو 25 ئەندامی ئەنجوومەن ئامادە دەبن. ئێستا عەرەب و تورکمانەکانیش وەک ڕابردوو کێشەیان نییە لە دانانی پارێزگار و کاراکردنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کە لە چەند سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەستیکەوتوون، پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا بە ئاگاداریی ئەمریکییەکان بۆ ڕێککەوتن لەسەر شێوازی گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ کەرکووک و ناوچەکانی دیکە بەئەنجام نەگەیشتن بەهۆی ئەوەی پارتی دەیویست پێشمەرگە بە دەسەڵاتی تەواوە بگەڕێتەوە و فەرمان لە وەزارەتی پێشمەرگە وەربگرێ نەک بەغدا.

محەممەد کەمال، ئەندامی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک گوتی، نابێ یەکێتی چاوەڕوانی گەڕانەوەی پارتی بێت لەکاتێکدا دۆخی کەرکووک هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە "تاوەکو کەرکووک ئاسایی نەبێتەوە و هێزە سەربازییەکان نەچنە دەرەوە و ڕەوشە سەربازییەکە کۆتایی نەیەت، ناچینەوە".

ئەو بەرپرسەی پارتی هەروەها دەڵێ، لای ئەوان کەرکووک بووەتە پاکێجی گفتوگۆ لەگەڵ ئەو حکومەتەی ئێستا عادل عەبدولمەهدی سەرقاڵی پێکهێنانیەتی "هەرکاتێک حکومەتی نوێ ڕەوشی کەرکووکی ئاسایی کردەوە، ئەوکات لەگەڵ یەکێتی و حکومەتی نوێی عێراق ئەو پرسانە یەکلادەکەینەوە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانییەوە وەریگرتوون، یەکێتی ئەگەر دڵنیا ببێت لەوەی پارتی ناگەڕێتەوە "ئامادەیە جێگری پارێزگاری کەرکووک بداتە عەرەبی سوننە و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاش بداتە تورکمانێک و پۆستی پارێزگار وەربگرێتەوە".

گوتیشی: "لە سەرەتاوە تورکمان بەوە ڕازی نەبوون. ئێستا نەرمترن، بەڵام ئێمە پێمان باشە لەگەڵ پارتی ڕێکبکەوین".

ڕێبوار تاڵەبانی، بەبێ ئامادەبوونی تەواوی ئەندامانی ئەنجوومەنەکە و ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک، ئەوە بە یاسایی و دەستووری نازانێ پۆستی پارێزگار و پۆستەکانی دیکە یەکلا بکرێنەوە: "نە ئاسایش بەرقەرارە و نە بەشێک لە ئەندامەکانیش دەتوانن بگەڕێنەوە، بۆیە دەبێت پێش هەر شتێک، ئەو دۆخە ئاسایی بکرێتەوە".



ئەگەر پارتی نەگەڕێتەوە یەکێتی بەنیازە پۆستەکانی کەرکووک ببەشێتەوە

### ڕێژەی بەشداری لە 87% دابەزیوە بۆ 61%

# بادینان لە هەڵبژاردن سارد دەبێتەوە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، لەم هەڵبژاردنەدا بادینییەکان کەمتر لەبەردەم بنکەکانی دەنگداندا بینران، کادیرانی پارتی دەڵێن نەچوونی خەڵکی دەڤەرە زەردەکەی بادینان هۆشدارییەک بوو بۆ پارتی، بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی پێیوایە ئەوانەی نەچوون بۆ دەنگدان، پارتی نین.

ئەو ڕێژە بەشدارییەی لە هەڵبژاردنی 30ی ئەیلول لە بادینان تۆمارکراوە، بەلای پارتی و کادیرەکانییەوە چاوەڕواننەکراو بوو، یەکەمجارە خەڵکی ئەوێ بەو ڕێژە کەمە بچن بۆ دەنگدان.

بادینان کە بە بانکی دەنگی پارتی دانراوە، لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لە ساڵی 1992، نزیکەی 87%ی دەنگدەرانی بەشدارییان لە دەنگدان کرد، بەڵام ئەم ڕێژەیە هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن دابەزیوە، بە جۆرێک ساڵی 2005 بۆ 75% دابەزی، 2009 بۆ 74% و 2013 بۆ 73% دابەزی، لەم هەڵبژاردنەشدا بۆ 61% هاتە خوارەوە.

ڕەمەزان کێڤلی، کادیری پێشکەوتووی پارتی لە دهۆک کەمیی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردن بە مەترسی دەزانێت بۆ پارتی و دەڵێت: "کەمیی ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردن بە تایبەتی لە شوێنێکی وەکو زاخۆ کە کەمتر لە 60% بووە، چاوەڕواننەکراو بوو، ئەوەی ڕوویدا هۆشدارییەک بوو بۆ پارتی، ئەگەر تا هەڵبژاردنی داهاتوو خزمەتی خەڵک نەکات و دز و گەندەڵەکان سزا نەدات، ڕەنگە چیدی خەڵک دەنگ بە پارتی نەدەن". بۆیە ئەو کادیرەی پارتی داوا لە حیزبەکەی دەکات بە جددی لەو بابەتە بکۆڵێتەوە.

ڕەمەزان تێبینی لەسەر دەستنیشانکردنی بەربژێرەکان هەیە و دەڵێت: "ئەوەی لە دهۆک ڕوویدا، لە ئاستی حیزبی دەرچووبوو، ڕکابەرییەکە لە نێوان هۆز و بنەماڵەکاندا بوو، بۆنی حیزبی لەو هەڵبژاردنە نەدەهات، بەربژێرەکانی ئەمجارە لە ئاستی پێویستدا نەبوون، خەڵک قەناعەتی پێیان نەبوو دەنگیان بداتێ".

بەڵام د.عەلی تەتەر نێروەیی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی لقی هەشتی پارتی لە زاخۆ ڕەتیکردەوە پارتییەکان سزای پارتییان دابێ و گوتی: "دەنگدەرانی پارتی لە زاخۆ بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەشدارییان لە هەڵبژاردن کرد، ئەوانەی نەچوون بۆ دەنگدان سەر بە حیزبەکانی دیکە بوون".

د.عەلی تەتەر بەداتا وەڵامی ڕەخنەکان دەداتەوە و دەڵێت: "لە سنووری دهۆک 81549 دەنگدەری پارتەکانی دیکە کە دەکاتە 11%ی دەنگدەرانی دهۆک، دەنگیان نەدا. جگە لەوەش ئەم هەڵبژاردنە ناوی 54 هەزار و 239 کەس بەهۆی مادەی 140ەوە دەرهێنرابوون، ئەمەش دەکاتە نزیکەی 7%ی دەنگدەران، هەر ئەمەش وایکرد وا دەربکەوێ کە ڕێژەی دەنگدان لە دهۆک کەم بووە".

ئەو هەروەها دەڵێت: "ڕێکارە نوێیەکانی کۆمیسیۆنیش هۆکار بوون بۆ ئەوەی خەڵکێکی زۆر نەتوانن دەنگ بدەن".

د.عەلی ڕەتیکردەوە پارتی لە بادینان هیچ مەترسییەکی لەسەر بێ و گوتی: "لەسەرجەم لقەکانی پارتی لە سنووری پارێزگای دهۆک دەنگی پارتی زیادی کردووە، بۆ نموونە پارتی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق 75.86%ی دەنگەکانی زاخۆی هێنابوو، ئەم هەڵبژاردنە 79%ی دەنگەکانی هێناوە. بە گشتی 78%ی دەنگەکانی دهۆک بۆ پارتی چووە".

ئەو بەدووری نەزانی دەنگدەری پارتیش هەبن دەنگیان نەدابێ "بەڵام ڕێژەکە بەو جۆرە نییە کە لە سۆشیال میدیا باسی دەکرێ".



# دهۆک 28 بەربژێری 7 لیستی گەیاندنە پەرلەمان

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**



بەپێی ئەو ئەنجامە بەراییە نافەرمییانەی تا ئێستا بڵاوکراونەتەوە، 28 بەربژێری حەوت لیست لە دهۆک بوونەتە پەرلەمانتار کە زۆربەیان پارتین، یەکێتییش بۆ یەکەمجار دوای گۆڕینی سیستەمی هەڵبژاردن لە داخراوەوە بۆ نیمچە کراوە، توانی بەربژێر لە بادینانەوە بگەیەنێتە پەرلەمان.

بەپێی ئەنجامە بەراییەکان، پارتی 21 بەربژێر، یەکگرتوو یەک بەربژێر، یەکێتی یەک بەربژێر، نەوەی نوێ یەک بەربژێر. هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی (شلاما) دوو بەربژێر، ڕافیدەین یەک بەربژێر، کۆتای ئەرمەن یەک بەربژێریان لە دهۆک دەرچوون کە سەرجەمیان دەکاتە 28 پەرلەمانتار.

خالد ئەحمەد، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی ئەو ئەنجامانەی هەتا ئێستا پێمانگەیشتوون، 21 بەربژێرمان دەرچوون، دوو بەربژێری دیکەش لە ڕکابەریدان، هێشتا دیار نییە کامیان سەردەکەون".

لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا 23 بەربژێری پارتی لە سنووری پارێزگای دهۆک گەیشتنە پەرلەمان. سەرەڕای زیادبوونی دەنگەکانی، بەڵام ئەمجارە پارتی بەربژێری کەمتری گەیشتنە پەرلەمان. خالید ئەحمەد دەڵێت: "بۆ ئێمە گرنگە چەند بەربژێری پارتی سەردەکەون، نەک بەربژێری چ شارێکن".

بەپێی ئەنجامە بەراییەکان پارتی 700 هەزار و 696 دەنگی هێناوە. نزیکەی 40 هەزار دەنگدەری دهۆک دەنگیان بە بەربژێرەکانی هەولێر و سلێمانی داوە. ئەمەش بووە جێی گلەیی بەربژێرە دەرنەچووەکانی پارتی لە دهۆک.

خالد ئەحمەد دەڵێت: "ئەوەی ئەمجارە لە دهۆک ڕوویدا شتێکی نوێ بوو کە بەشێک لە بەربژێرەکانی پارتی لە هەولێر و سلێمانی، دەنگی زۆریان لە دهۆک هێنا، ئەمە نیشانەی هۆشیاریی کادرانی پارتییە کە بەرپرسیارانە دەنگ دەدەن".

دوای ئەوەی سیستەمی هەڵبژاردن لە داخراوەوە کرایە نیمچە کراوە، یەکەمجارە بەربژێری یەکێتی لە بادینان دەگاتە پەرلەمان. ئیسماعیل گۆران، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی مەڵبەندی چواری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەمجارە حەوت بەربژێرمان لە دهۆک هەبوو، هەتا ئێستا بەربژێرێکی ژن بەناوی شنۆ ئەشقی سورچی سەرکەوتووە، دوو بەربژێری دیکەش لە ڕکابەریدان، بەڵام هێشتا یەکلا نەبوونەتەوە".

بەرپرسەکەی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتی لە دهۆک، دەڵێت قوباد تاڵەبانی کاریگەری هەبووە لەسەر دابەشبوونی دەنگ بەسەر بەربژێرەکانی یەکێتی. ئیسماعیل گۆران گوتی "کاک قوباد لە دهۆک 8844 دەنگی هێناوە، لە سەرجەم کوردستانیش نزیکەی 200 هەزار دەنگ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی قاسمی سەرکەوتنی بەربژێر لەناو لیستی یەکێتی کەمبێت، هەر بەربژێرێکی یەکێتی 3600 دەنگی بەسەرەوە هێنابێ دەردەچێ، هەر ئەمەش وایکرد کە ئەمجارە بەربژێری یەکێتی لە دهۆک بە لیستی نیمچەکراوە بگاتە پەرلەمان".

لە سنووری پارێزگای دهۆک 771 هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەبوو، لەو ژمارەیە نزیکەی 455 هەزار کەس دەنگیان داوە کە پارتی 78%، یەکێتی 6.62%، بەرەو ئیسلاح 7.88%، نەوەی نوێ 3.84%، بزووتنەوەی گۆڕان 1.56%ی دەنگەکانیان هێناوە.

> **4هەزار دەنگدەری پارتی لە دهۆک دەنگیان بە بەربژێرەکانی هەولێر و سلێمانی داوە**

### خەتای لۆگۆ بوو

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە لە سەرجەم هەڵبژاردنەکان لە دوای پارتی دێت لە بادینان، ئەم هەڵبژاردنە دەنگەکانی بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیون. لە خولی چوارەمدا چوار بەربژێری لە دهۆک گەیشتنە پەرلەمان، بەڵام ئەمجارەیان تا ئێستا تەنیا یەک بەربژێری بە مسۆگەری دەرچووە و ڕەنگە بەربژێرێکی ئافرەتیشی بەهۆی کۆتاوە دەربچێ.

یەکگرتووی ئیسلامی لە هەڵبژاردنی ڕابردوو تەنیا لە دهۆک 84 هەزار دەنگی هێنابوو، بەڵام ئەمجارەیان تەنیا 32 هەزار دەنگی هێناوە.

ئیسماعیل سگێری کە یەکێکە لە بەربژێرە سەرکەوتووەکانی یەکگرتوو لە دهۆک، دەڵێت: "هۆکار زۆرن بۆ کەمبوونەوەی دەنگەکانمان، یەکەمیان پەیوەندی بە لۆگۆی لیستەکەمان هەبوو، هەروەها کەمی ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردن هۆکارێکی دیکە بوو".

بەپێی زانیاریی (ڕووداو)، سپیان ئامێدی لە لیستی نەوەی نوێ، ڕۆبینە ئۆیملک و ساندی ڤیکتۆر، لە لیستی هاوپەیمانی شلاما، تۆنی یەعقوب لە لیستی ڕافیدەین، حوزنی عەزیز لە لیستی ئەنجوومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری، یەروانت نیسان لە کۆتای ئەرمەن، لە کاندیدە دەرچووەکانی دهۆکن.

## گۆڕان دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی فەرمی بڕیار دەدات

**ڕووداو- سلێمانی**

نـزار محمـوود، ئەندامی جڤاتی نیشـتمانی و باڵێڕوانی بزووتنەوەی گـۆڕان لە پارێزگای هەڵەبجە بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند تاوەکـو ئەنجامـی فەرمی دەنگدانی پەرلەمانی کوردسـتان ڕانەگەیەندرێ بزووتنەوەکەی هیچ بڕیارێک لەسـەر ئەنجامی هەڵبژاردن نادات "چاوەڕێی یەکلایی کردنەوەی سکاڵاکانین لەلایەن کۆمیسیۆنەوە، کەی ئەوە کرا و ئەنجامی فەرمی ڕاگەیەندرا، ئەوکاتە گۆڕان بڕیار لەسەر ئەوە دەدا، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەنجامەکان بکات". ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی گۆڕان گوتیشی: "زۆربەی جەماوەر و دەنگدەری گۆڕان، لەگەڵ بایکۆتی خەباتی پەرلەمانی و ڕەتکردنەوەی ئەنجامەکانن، بەڵام دوا بڕیاریش لەلای جڤاتی نیشتمانییە".

# عادل عەبدولمەهدی بەپێی ژمارەی خاڵ پۆست دەداتە لایەنەکان

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**

هێشتا دەرنەکەوتووە سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو بـۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، بە کام نەخشـە ڕێگایەوە لـە دەرگای لایەنـەکان دەدات، تاوەکو لەبارەی ناوەڕۆک و ڕوخساری حکومەتەکەی قسـەیان لەگـەڵ بکات، بـەڵام ڕوون بووەتەوە کە لایەنـە سیاسـییەکانی هەرێمـی کوردسـتان، بێهیوابـوون لـەوەی بتوانـن پێکـەوە گفتوگـۆی پێکهێنانـی حکومەت لەگەڵ عـادل عەبدولمەهدی بکـەن. ئەندامێکی سـەرکردایەتی یەکێتی داوا لە پارتی و حیزبەکانی دیکە دەکات پێکەوەبن "باشترە پێکەوە بڕۆین بۆ ئەوەی کورد بەهێز بچێتە سـەر مێزی دانوسـتاندن". بەڵام سـەرکردەیەکی پارتی دەڵێ "ئەو پێکەوەبوونە هەر لەسەرەتاوە لەباربرا".

ڕۆژی سـێی تشـرینی یەکەمـی 2018، چەند سـەعاتێک دوای دەسـتبەکاربوونی وەک سەرۆک کۆماری عێراق لە کۆشـکی سـەلام، بەرهەم ساڵح نامەی ڕاسپاردنی پێشکەش بە عادل عەبدولمەهدی کـرد، تاوەکـو لە ماوەی مانگێکـدا حکومەتەکەی پێکبهێنێـت. عەبدولمەهـدی ئـەو خاڵـە بوو کە دەیتوانی ئێران و ئەمریکا لە عێراق بەیەک بگەیێنێ، بـەڵام گفتوگۆکانـی ڕۆژانی داهاتـوو دەریدەخەن، بەربەسـت و ناکۆکییە سیاسـی و مەزهەبییەکان، بەهێزترن یان عادل عەبدولمەهدی.

ئەو دەبێتە یەکەمین سـەرۆکوەزیرانی عێراقی دوای سەددام کە لەگەڵ کوردیش وەک پێکهاتەیەکی پەرتەوازە گفتوگۆی پێکهێنانی حکومەت دەکات.

### کورد چوار پۆستی ماوە

ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەڵێ هێشتا سەرۆکوەزیرانی ڕاسـپێردراو کارنامـە و بەرنامـەی خـۆی دیـاری نەکردووە تاوەکو بزانین کەی دەست بە گفتوگۆکان دەکات لەگـەڵ لایەنـەکان و دەیەوێ حکومەتێکی چۆن دروستبکات "بەڵام بۆ ئێمەی کورد، گرنگترین کار ئەوەیـە تاوەکـو ئەو ئامـادە دەبێت، ئێمەش یەکڕیزییـەک دروسـتبکەین و بـە پەرتەوازەیـی گفتوگۆی لەگەڵ نەکەین".

ئارێز عەبدوڵڵا گوتی، بۆ دانانی جێگری سەرۆکی پەرلەمانـی عێراق و سـەرۆککۆمار بەجیا چووینە بەغـدا و نەدەبوو وابکەین "بەڵام هێشـتا دەتوانین ئەگـەر بمانەوێ، ئێمە بـەو پەرتەوازەییە ناتوانین قورسـایی خۆمان بەکاربهێنین و داخوازییەکانمان بخەینە بەردەمیان، دەکرێ ئێمە و پارتی هەوڵبدەین و یەکڕیـزی لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووش دروستبکەینەوە".

ئەندامێکـی سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتی کوردستان کە لەبەر هەستیاریی دۆخەکە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، پێیوایە ئەگەر یەکێتی تاکلایەنە نەچوونایەتە نێو گفتوگۆی پۆستی سەرۆککۆمارەوە و لە نێو فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوە دیاریبکرایە، دروستکردنی یەکڕیزی کوردستانی لەنێوان پارتی و یەکێتی و سـێ لایەنەکەی دیکە ئاسان بوو "بەڵام یەکێتی بە هەنگاوێکی هەڵە دەستپێیکرد و ئێستا ئەو یەکڕیزییە قورس بووە".

ئەو ئەندامەی سـەرکردایەتی پارتـی هەروەها دەڵێ: "دوای پۆسـتی سـەرۆک کۆمـار و جێگری سـەرۆکی پەرلەمان، چوار پۆستی دیکە ماون کە بدرێنـە کورد، پارتی پۆسـتی جێگری سـەرۆکی حکومـەت و وەزارەتێکـی سـیادی بەردەکەوێـت و دەستنیشـانکردنی کاندیـد بۆ ئەو دوو پۆسـتە دەمێنێتـەوە تاوەکو ئەوکاتەی ڕووندەبێتەوە عادل عەبدولمەهـدی دەیەوێ پاڵێـوراوەکان چۆن بن و پێکهاتەی حکومەتەکەی چۆن دەبێ".

### "کورد 29 خاڵی هەیە"

عامـر فائـز، پەرلەمانتـاری هاوپەیمانی فەتح بە سـەرۆکایەتی هادی عامـری بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیانـد، بەپێی ئـەو ڕێککەوتنەی کە لەگـەڵ د.عـادل عەبدولمەهدی کـراوە، لایەنەکان بۆ هـەر پۆسـتێکی وەزاری کـە بەریاندەکەوێت، پێویستە پێنج بەربژێر پێشکەش بکەن و لەلایەن عادل عەبدولمەهدییەوە یەکێکیان هەڵدەبژێردرێ.

ئـەو پەرلەمانتـارە باسـی مەرجەکانـی سـەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو دەکات بۆ پێکهێنانی حکومەت کە داوای کردووە ئازادیی تەواوی هەبێت لـە دیاریکردنی وەزیرەکان، لایەنـەکان ژمارەیەک بەربژێـر پێشـکەش بکـەن و ئەویـش یەکێکیان هەڵبژێرێ، بەڵام سرووشـتی هاوکێشە سیاسی و مەزهەبـی و نەتەوەییەکانـی عێراق بەجۆرێکن کە ئاسان نییە عادل عەبدولمەهدی بە خواستی خۆی حکومەتەکەی پێکبێنێ.

ڤیان سەبری، پەرلەمانتاری پارتی لە پەرلەمانی عێـراق، دەڵـێ وەزارەتەکان لەسـەر بنەمای خاڵ دابەش دەکرێن و دوو ئەندامی پەرلەمان بە خاڵێک حیسـابە. جێگری سەرۆکی حکومەت بەرامبەر بە 10 خاڵە، وەزارەتی سـیادی 5 خـاڵ و وەزارەتی خزمەتگوزاری 4 خاڵە. ڤیان سەبری گوتـی: "پارتی ئێستا خاوەنی 13 خاڵە، دەتوانێ جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزارەتێکی سیادی وەربگرێ".


(فۆتۆ: ڕووداو)

جێگری سەرۆکوەزیران و وەزارەتێکی سیادیمان بەردەکەوێ
پارتی

حەز دەکەین لەگەڵ پارتی پێکەوە دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بکەین
یەکێتی

گوتیشـی: "بەڵام کێشەیەکی دیکە ئەوەیە کە بڕیـاردراوە کابینـەی حکومەت بـۆ 15 وەزارەت بچـووک بکرێتـەوە، لەوکاتـەدا بەدەسـتهێنانی پۆستەکان قورستر دەبن بۆ لایەنەکان".

ئارێـز عەبدوڵڵا، ئاماژەی بـەوەدا کە پارتی مافی وەرگرتنی پۆسـتی جێگری سـەرۆکی حکومەتی هەیـە لەگـەڵ وەزارەتێـک "ئەگەر پارتـی بیەوێ وەزارەتە سیادییەکەش وەربگرێ، دەکرێ پارتی و یەکێتی گفتوگۆ بکەن و کێشە نابێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیش گفتوگۆ بکەین و لەسەر پۆستەکانی دیکە کێشەمان نابێت".

عـادل عەبدولمەهدی، خاوەن کەسـایەتییەکی سیاسـی دیـار و شـارەزای بـواری ئابوورییە، لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، بەهۆی بیروباوەڕە سیاسییەکانی دژ بە ڕژێمی پێشووی سەدام و وەک نەیارێکی دەسەڵات، بە غیابی سزای لەسێدارەدانی بـۆ دەرچـوو. ئـەو بـە یەکێک لـەو سـەرکردە عێراقییانـەش ئەژمـار دەکـرێ کـە پەیوەندی و نزیکایەتـی زۆری لەگـەڵ سـەرکردەکانی کـورد هەیـە. وەزیری دارایی عێـراق بووە لە ماوەی 2ی حوزەیرانی 2004 تا 6ی نیسانی 2005، لەماوەی 7ی نیسانی 2005 تا 11ی تەمووزی 2011 یەکێک بووە لە جێگرانی سـەرۆک کۆماری عێراق، جەلال تاڵەبانی.

#### هاوپەیمانییەکی نادیار

12 ی ئایـار، ڕیزبەنـدی سیاسـیی عێراقـی بـە تـەواوی گـۆڕی. ژمارەی کورسییەکانی ئەو لیسـتەی نوری مالیکی سـەرۆکایەتی دەکرد، لە کورتیی دا و حەیدەر عەبادیش نەیتوانی ژمارەیەک بەدەستبهێنێ کە لە کاروانی پێکهێنانی حکومەتی نـوێ جێنەمێنـێ. پارتی دیموکراتی کوردسـتان 25 کورسـی و یەکێتی نیشـتمانی کوردستان 18 کورسـی و بزووتنەوەی گۆڕان 4 کورسی و نەوەی نوێ 4 کورسی و هەریەکە لە کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسـلامیش بە 2 کورسـی، چوونەوە پەرلەمانی عێراق.

پێـش ئـەوەی دادگای باڵا لە بەغـدا ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن پەسـەند بـکات، بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی و هاوپەیمانـی بـۆ دیموکراسـی و دادپەروەری لە سـلێمانی هاوپەیمانییەکیان بۆ کاری هاوبەش لە بەغـدا و کوردسـتان ڕاگەیاند. بەهـار مەحموود، ئەندامی فراکسـیۆنی گۆڕان لـە پەرلەمانی عێراق دەڵێ: "بەهۆی ئەوەی نازانین دوو پەرلەمانتارەکەی هاوپەیمانی چی دەکەن، دەبێ بڵێین سێ لایەنەکە پرس و ڕا دەکەین کە ئاخۆ چۆن ئەو هاوپەیمانییە بخەینەوە گەڕ".

بەڵام ئەحمەدی حاجی ڕەشـید، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسـلامی لە بەغدا، دەڵێ هێشتا نازانین ئـەو هاوپەیمانییـە ماوە یان نـا "دەبێ مەکتەبی سیاسـی حیزبەکان بڕیار بـدەن کە چۆن گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان بکەین بۆ بەشـداری لە حکومەت".

ئەحمەدی حاجی ڕەشـید پێیوایە هێشتا زووە بۆ قسەکردن لەسەر ئەوەی کە بەشداریی حکومەت دەکەن یان نا: "چونکە هێشتا عادل عەبدولمەهدی گفتوگۆی دەستپێنەکردووە لەگەڵ لایەنەکان".

# پارتی: حکومەتی زۆرینە دروست ناکەین

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**

بەپێچەوانەی ئەوهێرشە توندانەی لە میدیاکانەوە ئاراستەی یەکدی دەکەن، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پارتـی گفتوگـۆ و ڕاگۆڕینـەوەی نەرمـی لەگەڵ لایەنە سیاسـییەکانی هەرێمی کوردستان هەبووە بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان. بەرپرسێکی پارتی دەڵێ "حکومەتی زۆرینـە دروسـتناکەین"، بەرپرسـێکی یەکێتیش دەڵێ "هەرچەندە ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام پێمان باشە حکومەتی داهاتووش بنکەفراوان بێت"، ئەندامێکی جڤاتی نیشـتمانی بزووتنەوەی گـۆڕان حکومەتی پێنج قۆڵی بە ئەگەرێکی بەهێز دەزانێ.

دوای ئـەوەی کۆمیسـیۆنی بـاڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسـی ئەنجامـی بەرایی 85%ـی دەنگەکانی هەڵبژاردنـی پەرلەمانی کوردسـتانی بڵاوکردەوە، پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان و سـیناریۆ جیاوازەکانـی بوونەتـە پرسـیاری خەڵک و بەشـێک لە لایەنە سیاسییەکانی براوەی هەڵبژاردنیش، چونکە ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە دەستی پارتی بەتەواوەتی واڵا کردووە لەوەی دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی دەنگەکان، سەردانی لایەنە سیاسییەکان بکات بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو.

هێمن هەورامی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتیی دیموکراتـی کوردسـتان ڕەتیکـردەوە لایەنێکـی دیاریکراویـان بە ئامانج گرتبێت بۆ ئەوەی بیخەنە دەرەوەی گۆڕەپانەکە و دەڵێ: "دەرگامان کراوەیە بـۆ گفتوگۆیەکـی بەرپرسـیارانە لەگـەڵ هەموو لیسـتە براوەکان، گفتوگـۆ لەگەڵ هەموو لایەنێک دەکەین، هێڵی سـوورمان لەسـەر هیـچ لایەنێک نییە، پێمانخۆشـە بە هەموومان چوارچێوەیەکی سـتراتیژی دابنێین کـە چۆن ئەم چوار سـاڵەی ئایندە، بناغەی کوردستانێکی بەهێز دابنێین".

گوتیشـی: "هـەر لایەنێکـی سیاسـی بەپێی ئیسـتحقاقی خۆی ئامادەبێت لەگەڵ پارتیدا شان بداتە بەر ئەو بەرپرسیارێتیە هاوبەشە، ئەگەر ئەوان هەنگاوێک ڕووەو پارتی دیموکراتی کوردستان بێن، پارتی دوو هەنگاو ڕووەو ئەو لایەنانە دەچێت، بۆیە بەرپرسیارانە گفتوگۆ دەکەین".

پۆسـتی سـەرۆککۆماری عێـراق لـە بەغـدا، بەریەککەوتنێکی توندی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان دروسـتکرد. ئـەو دوو هاوبەشـە سیاسـییەی لە سـاڵی 2005ەوە دوو لایەنی سەرەکی و بنەڕەتی پێکهێنانی کابینەکانی حکومەت بوون. هەر ئەوەش وایکـرد کە سـەرکردەکانی پارتـی بڵێن، یەکێتی خۆی ئەو دەرگایەی بۆ خستووینەتە سەرپشت کە لەمەودوا بەپێی 22 کورسییەکەی مامەڵەی لەگەڵ بکەیـن، بەڵام زانیارییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن پارتی هەرچەندە لەگەڵ کورسی کۆتاکان و یەکێک لـە پارتە بچووکەکان دەتوانـێ حکومەتی زۆرینە پێکبهێنـێ، بـەڵام جارێکی دیکە بـۆ حکومەتی بەشدارکردنی لایەنەکان دەگەڕێتەوە.

ئەندامێکـی سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان، زانیاری لەوبارەیەوە دەدات و دەڵێ: "ئەگەر ڕووداوی سـەرۆک کۆمـار نەبووایە، پارتی گوێـی بـە ژمارەی کورسـییەکان نـەدەدا و وەک هاوبەشـێکی ڕاسـتەقینە و سـەرەکی یەکێتـی دەهێنایە نێو حکومەت، بەڵام ئەوە لەڕیزدەرچوون و شـکاندنی یەکڕیزیـی نێوخۆیی بوو، ئێسـتاش پارتی بەبێ یەکێتی ناچێتە نێو حکومەتەوە، بەڵام هاوبەشە سەرەکییەکەی ساڵانی 50 بە 50 نابێت".

ئـەو ئەندامـەی سـەرکردایەتی پارتـی، گلەیی پارتـی لـە یەکێتـی و ئـەو لایەنانـەی دیکە کە دەیـەوێ حکومەتیـان لەگـەڵ پێکبهێنێتـەوە ئاشـکرا دەکات و دەڵـێ "لـەو سـاڵانەی پێکەوە حکومەتمان دروستکردبوو ئەوان بەژمارەی کەمی کورسـییەکانیانەوە وەک ئێمـە خاوەنی حکومەت بـوون و لەسـەر شـەقامیش ئۆپۆزیسـیۆن بوون و بـەردەوام ڕەخنەیـان لـە حکومـەت دەگرت". مەرجەکانی پارتی بۆ لایەنەکان ئاشـکرا دەکات و دەڵێت: "پارتی یەکێک لە مەرجەکانی ئەوە دەبێت کە بەڕاستی لەنێو حکومەت بن، یان ئەوەتا ببنە ئۆپۆزیسیۆن".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) یەکلانەبوونەوەی ئەنجامـی 100%ی دەنگـەکان بۆ سـندووقی ئەو 50 بنکەیـەی دەنگدان دەگەڕێتـەوە کە قردێلەی سووریان لێدراوە و لەنێوان ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمیسـیاران لـە کۆمیسـیۆنی باڵای سـەربەخۆ و هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی هەرێمـی کوردسـتان، شێوازی یەکلاکردنەوەکەی ناکۆکی لەسەرە. بەڵام کۆمسـیۆن سـەرەتای هەفتەی داهاتوو، ئەنجامی کۆتایـی هەڵبژاردنەکـە ڕادەگەیێنـێ. ئـەوەش بەمانای دەستپێکردنی وادەی گفتوگۆ فەرمییەکانی پێکهێنانی حکومەت دێ.

سـامان گەرمیانـی، ئەندامـی سـەرکردایەتی یەکێتـی، دەڵـێ پەیوەندیـی نێـوان پارتـی و یەکێتـی تێکنەچـووە تاوەکو باس لـە گفتوگۆی ئاسـاییکردنەوەی بکرێ. چونکە لە هەڵبژاردنێک هاتووینەتە دەرەوە کە ئێمە سـکاڵامان لێی هەیە و دەبێت پارتیش زۆر ئاسایی سەیری سکاڵاکانمان بـکات "ئێمە و پارتی دوو ئیدارەیی ڕەتدەکەینەوە و ئەوە ڕوونادات، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ پارتی وەک خۆی ماوە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی، هەرچەندە ئەزموونـی خراپـی حکومەتـی بنکەفراوانیش لـە بەرچـاو دەگرێ، بـەڵام گوتی "پێمان باشـە هەمـوو حیزبەکان بەشـداریی لە حکومەت بکەن، ناشـکرێ باسی ئەوە بکرێ کە لایەنێک بەوپێیەی کورسییەکانی زۆرن حکومەت چۆن دروستدەکات".

ئەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کابینەیەکـی بنکە فراوان بـوو، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو، وەک هاوڕێی نیوەی ڕێگا لێی چوونە دەرەوە.

ئەنجامـی هەڵبژاردنـی پەرلەمانی کوردسـتان بـۆ بزوتنەوەی گۆڕان شـۆکهێنەر بوو، بەتایبەتی کە ئاسـتی دەنگەکانی بـەراورد بـە هەڵبژاردنی ڕابـردوو زیاتر لە 300 هـەزار دەنگ کەمی کرد و ڕێـژەی کورسییەکانیشـی 50% دابەزیـن. بەپێی زانیارییەکانـی ڕووداو، هـەر دوای هەڵبژاردنەکـە پەیوەنـدی تەلەفۆنی لەنێوان بەرپرسـانی پارتی و بزووتنـەوەی گـۆڕان هەبـووە. پارتـی دڵنیای کردوونەتەوە کە حکومەت بەبێ ئەوان پێکناهێنرێ.

ئەندامێکـی جڤاتـی نیشـتمانی بزووتنـەوەی گۆڕان، پەیوەندییەکانی ئەمدواییەی نێوان پارتی و گۆڕانی ڕەتنەکردەوە و بە دووریشی زانی حکومەتی زۆرینە دروستبکرێ: "هەر پێنج لایەنەکە دەچنەوە نێو حکومەت، بەڵام ئەمجارە ئەگەری بەهێز ئەوەیە سـەرۆکی حکومەت دوو جێگری هەبێت و یەکێک لـە جێگرەکان دەدرێتە بزووتنـەوەی گۆڕان". ئەو بەرپرسـەی بزووتنەوەی گۆڕان گوتیشی: "هێشتا دەنگـی ناڕەزایی زۆرە لە نێـو بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەوەی بەشـداریی حکومەت نەکات و پێیانوایە بەو بەشـداریکردنە بزووتنەوەی گۆڕان دەنگەکانی کەمتـر دەبنەوە، بەڵام هەموو لایەنەکان دەیانەوێ بەشداریی کابینەی نوێ بکەن".

پێمانباشە حکومەتی داهاتوو بنکە فراوان بێ
ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی

سەرۆکی حکومەت دوو جێگری دەبێت و یەکێکیان بۆ گۆڕان دەبێ
ئەندامێکی جڤاتی گۆڕان


پارتی نزیکەی 45%ی دەنگەکانی ئەم هەڵبژاردنەی بەدەستهێناوە
(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)



## زرێپۆشی BMP-3ی ڕووسی گەیشتنە عێراق

**ڕووداو- بەغدا**

سوپای عێراق بۆ جاری دووەم زرێپۆشی دروستکراوی ڕووسی لە جۆری BMP-3 بەدەست گەیشت و بەمنزیکانە دەخرێتە ژێر خزمەتی هێزەکانی وشکانی. بەگوێرەی میدیاکانی عێراقی بەشی دووەمی زرێپۆشەکانی دروستکراوی ڕووسی لە جۆری BMP-3 ڕادەستی سوپای عێراقی کراوە. بەمنزیکانەش بەسەر یەکە سەربازییەکانی هێزەکانی وشکانی دابەش دەکرێن. سوپای عێراق پێشتر خاوەنی زرێپۆشی BMP-1 بووە، بەڵام زرێپۆشی BMP-3 دوایین مۆدێلی بەرهەمی سەربازیی ڕووسیایە و پشت بەتەکنۆلۆژیای مۆدێرن دەبەستێت. زرێپۆشی BMP-3 دوو بۆمبهاوێژی جۆری 100 ملم و 30 هەیە لەگەڵ سێ دۆشکەی 7.62 ملم و خاوەن بزووێنەرێکی بەهێزە و گونجاوە بۆ بەکارهێنانی لە هەموو جۆرە کەشوهەوایەکدا.

شیعییەکی کۆنە شیوعی

# عادل عەبدولمەهدی.. ئەو پیاوەی هەمیشە ئیستیقالەکەی حازرە

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- لەندەن**

لە یەکەم پەرلەمانی هەڵبژێردراوی عێراقی دوای سەدامدا، چاوەڕێی دەکرد ببێتە سەرۆکوەزیران، بەڵام دواتر بە یەک دەنگی نەیاری ڕەوتی سەدر لە نێو ماڵی شیعەکاندا، داڵەکە لەسەر شانی ئیبراهیم جەعفەری نیشتەوە. کاتێک کورد و شیعە و سوننە کەوتنە تەقە لە ئیبراهیم جەعفەری، بەو مەرجە پۆستەکەی جێهێشت کە سەرۆکوەزیران هەر لەنێو ماڵی حیزبی دەعوە بمێنێتەوە، بۆیە ئەمجارەش عادل عەبدولمەهدی بەخت یاوەری نەبوو، نووری مالیکی پۆستەکەی وەرگرت. چوار ساڵ دواتریش بەڕێککەوتنی ئێران و ئەمریکا، مالیکی لە پۆستەکەیدا مایەوە.

بەڵام عەبدولمەهدی بێ پۆست نەبوو، لە ماوەی 2005 تاوەکو 2011 جێگری جەلال تاڵەبانی بوو. لەو ماوەیەش سێ جار دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەشی سەرۆککۆمار کرد.

### تەتەری تاڵەبانی

جاری سێیەم لە 2011/7/11، تاڵەبانی بە ناچاری واژۆی لەسەر وازهێنانەکەی کرد. بەڵام بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەگەڵ عەبدولمەهدی هەیبوو، تاڵەبانی ڕایسپارد پەیامێکی بۆ بگەیەنێتە بەشار ئەسەد. جەلال تاڵەبانی بە خەتی خۆی نامەکەی نووسیبوو، داوای لە بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریا کردبوو واز لە کوشتنی خۆپیشاندەران بهێنێ و گۆڕانکاری و چاکسازی لە وڵاتەکەیدا بکات.

عومەر شێخموس، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هاوڕێی دێرینی عادل عەبدولمەهدی، پەسنی هاوڕێ دێرینەکەی دەدات و دەڵێت: "عادل عەبدولمەهدی پیاوێکی تێکۆشەر و پێشکەوتنخوازە، ئەگەر پێشتر بکرابایە سەرۆکوەزیران ڕەنگە ئەو هەموو کارەساتە بەسەر عێراق نەهاتبان".

عادل عەبدولمەهدی هەر چاوەڕێی پۆستەکە بوو، بەڵام بۆ جاری سێیەمیش سەرۆکوەزیران لەنێو ماڵی دەعوە مایەوە حەیدەر عەبادی بووە سەرۆکوەزیران. ئەمجارە عەبدولمەهدی پۆستی وەزیری نەوتی وەرگرت، زۆری نەبرد هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی لەسەر دۆسیەی نەوت ڕێککەوتن. بەڵام تەمەنی ڕێککەوتنەکە درێژ نەبوو، حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق، زۆرجار بە توانجەوە دەیگوت "ئەوان (کورد) لەگەڵ دۆستێکی خۆیان ڕێککەوتنیان کردووە و جێبەجێشی ناکەن".

کوردێکیش هەر هێندەی عەبدولمەهدی بڕوای بە کێشەی کورد هەیە
عومەر شێخموس

عادل عەبدولمەهدی تەتەری تاڵەبانی بووە بۆ لای ئەسەد

### ماسیگر ڕزگاریان کردووە

عادل عەبدولمەهدی لە ساڵی 1942 لە ناوچەی بەتاوین لە بنەماڵەیەکی شیعی لەدایک بووە، باوکی لە سەردەمی مەلیک فەیسەڵی یەکەم وەزیری مەعاریف بووە، لە قوتابخانە هاوڕێی هەر یەک لە ئەحمەد چەلەبی و ئەیاد عەللاوی بووە. خولیای وەرزشی تۆپی باسکە و یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان و مەلە بووە. جارێک لە ڕووباری دجلە خەریک بووە بخنکێ، بەڵام ماسیگرەکان ڕزگاریان کردووە.

عەبدولمەهدی لەسەردەمی گەنجێتیدا دەبێتە ئەندامی حیزبی بەعس، بەڵام زوو واز لەو حیزبە دێنێ. غالب شابەندەر، گەورە بیرمەندی عێراقی بە (ڕووداو)ی گوت: "عادل عەبدولمەهدی ئەندامێکی ئاسایی حیزبی بەعس بووە، بەشداری تاوانەکانی ئەو حیزبەی نەکردووە، جگە لەوە عادل لە بنەماڵەیەکی لە خواترسی عێراقیدا گەورە بووە".

### عەبدولمەهدی ... شیعە و شیوعی

عادل عەبدولمەهدی لە ساڵی 1963 بەشی ئابووری لە کۆلێژی بەغدا تەواو کردووە، دوای تەواوکردنی خوێندن لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق دامەزراوە. پاشان بۆ خوێندن چووەتە پاریس. لە ساڵی 1970 ماستەری لە زانستە سیاسییەکان بەدەستهێناوە، ساڵی 1972 لە ئابووری سیاسی ماستەرێکی دیکەی بەدەستهێناوە، سەرقاڵی نامەی دکتۆراکەی بووە، بەڵام نەیتوانیوە تەواوی بکات. پاشان چووەتە سووریا و لوبنان، بەڵام بەهۆی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان گەڕاوەتەوە فەرەنسا.

عادل عەبدولمەهدی دوای وازهێنانی لە حیزبی بەعس، دەبێتە شیوعی، عومەر شێخ مووس دەڵێ: "ساڵی 1978 لەگەڵ دکتۆر عادل لە ڕێگای تورکیا و ئێرانەوە گەڕاینەوە کوردستان. لە ناوزەنگ پیاوێکی شۆڕشگێڕی ماوی بوو. سێ هەفتە لەنێو پێشمەرگە مایەوە، پیاوێکی قسەخۆش و هاوسەنگ و ڕۆشنبیرە، لە گفتوگۆدا ڕێزی ڕای بەرامبەرەکەی دەگرێت".

غالب شابەندەریش باسی سیفەتەکانی ئەو پیاوە دەکات و دەڵێت: "ڕاستە عادل عەبدولمەهدی پێیوایە شیعە مەزڵومن، بەڵام پیاوێکی تائیفی و توندڕەو نییە، دان بە واقیعی فرەیی عێراقدا دەنێت و سیاسییەکی بە سومعەیە".

دوای مانەوەی تەمەنێک لە ڕیزی حیزبی شیوعیدا، دواتر عادل عەبدولمەهدی دەبێتە کەسێکی نزیکی محەممەد باقر حەکیم. لە ئێران ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی دروست دەکەن و دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە.

### بارەگای لە هەرێمی کوردستان بووە

لە دوای ڕاپەڕینی باشووری کوردستان، عادل عەبدولمەهدی نووسینگەیەک لە هەرێمی کوردستان دەکاتەوە و بەردەوام بۆ چالاکی سیاسی و کۆبوونەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان بووە. عادل عەبدولمەهدی لە هەڤپەیڤینێکی پێشووتریدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت: "ئاشنایەتیم لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی بۆ سەردەمی زیندان دەگەڕێتەوە کە بە نامە بیروڕامان لەگەڵ چالاکڤانە کوردەکان دەگۆڕییەوە". هەر لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە بڕوای بە چارەسەری سیستەمی فیدراڵی بۆ عێراق هەبووە، لەم بوارەشدا لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی هەیە. ئەو زۆرجار سەردانی کوردستان دەکات و ماڵێکی لە دووکان هەیە.

عومەر شێخموس دەڵێ: "کاک عادل بیروڕای بەرامبەر مافەکانی گەلی کوردستان زۆر باشە، کەسێکی کوردیش هەر هێندەی ئەو بڕوای بە کێشەی کورد هەیە. بەڵام کە دەبێتە سەرۆکوەزیران نابێ ئەو هەڵوێستانەی پێشووی وەکو خۆی لێ چاوەڕوان بکرێت، یان وا هەست بکەین وەکو کوردێک بیر دەکاتەوە".

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، عادل عەبدولمەهدی پۆستی وەزیری دارایی لە حکومەتی ئینتیقالی وەرگرت. هەروەها سەرۆکایەتی کەیسی قەرزە دەرەکییەکانی عێراقی کرد کە دواجار لە یانەی پاریس وڵاتانی خاوەن قەرز 140 ملیار دۆلار لە عێراق خۆشبوون.

عادل عەبدولمەهدی لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لە ساڵی 2005 بووە ئەندامی پەرلەمان لە بازنەی پارێزگای زیقار. ئەگەرچی لە کابینەی حەیدەر عەبادی، وەزیری نەوت بوو، بەڵام لە ساڵی 2016 دەستی لەکارکێشایەوە.

غالب شابەندەر لەبارەی پسپۆڕیی عادل عەبدولمەهدییەوە دەڵێ: "شارەزاییەکی باشی لە ئابووری و داراییدا هەیە وەختی خۆی بە قەڵەم و وەرەقەیەک حکومەتی عێراقی لە کورتهێنان ڕزگار کرد، کاتێک پێشنیازی کرد بڕی هەزار دینار بوتڵی غاز گران بکات، لە سەردەمی عەبادیش توانی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەرز بکاتەوە سەرەڕای خەرجییەکانی شەڕی داعش، بەڵام توانرا مووچەی فەرمانبەران بدرێت و عێراق لە ئیفلاسبوون بپارێزرێت".

دوای وازهێنانی لە پۆستی سەرۆککۆمار، عادل عەبدولمەهدی سەرقاڵی کاری ڕۆشنبیری، خێرخوازی و بواری پەروەردەیی بوو جگە لەو دوو ساڵەی وەزیری نەوت بوو، ڕۆژانە سەرقاڵی نووسین بوو لە ڕۆژنامەی عەدالە کە خۆی خاوەنی ئیمتیازی بوو.

عادل عەبدولمەهدی خێزاندارە و دوو کوڕ و دوو کچی هەیە، زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی دەزانێت، دوای نوێژی عیشا دەخەوێت و بۆ نوێژی بەیانی هەڵدەستێ. سەرەڕای باکگراوندە ئیسلامییەکەی، بەڵام کەسێکی کراوەیە، حەزی لە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتییە و لە بارەی ژنانیشەوە دەڵێ: "ژنانی شام جوانن، ژنانی هۆرەکانی عێراقیش چاویان جوانە".

### لە لوبنان دانرا

دوای هەڵبژاردنی بەرهەم ساڵح بە سەرۆککۆماری عێراق لە دووی ئۆکتۆبەردا، ئێوارەی هەمان ڕۆژ عادل عەبدولمەهدی بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق ڕاسپێردرا، دوای ئەوەی فەتح و سائیرون لە یەکدی نزیکبوونەوە، ناوی عەبدولمەهدیش کەوتە سەر زاران.

ماڵێکی عادل عەبدولمەهدی لە دووکانە

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر)، نزیکبوونەوەی سائیرون و فەتح دەشێ لە لوبنان بناغەی بۆ دانرابێ. بەگوێرەی سەرچاوەیەکی سیاسیی لوبنانی کە بە مەرجی ئاشکرانەکردنی ناوی قسەی بۆ ماڵپەڕەکە کردووە، موقتەدا لە سەرەتاکانی مانگی ئەیلول کۆبوونەوەیەکی گرنگی لەگەڵ حەسەن نەسروڵڵا، سەرکردەی حیزبوڵڵای لوبنان سازداوە و تێیدا قاسم سولەیمانی، فەرماندەی باڵای سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێرانیش بەشدار بووە. سەرچاوەکە بە ماڵپەڕەکەی ڕاگەیاندووە کە هەرسێ لایەن لەسەر ئەگەرەکانی ڕێککەوتن لەسەر کاندیدێک قسەیان کردووە و دواجاریش لەسەر عادل عەبدولمەهدی ڕێککەوتوون.

خەونەکەی عادل عەبدولمەهدی هاتەدی، بوو بە سەرۆکوەزیران. دەبێ لە ماوەی مانگێکدا ناوی ئەندامانی کابینەکەی ڕادەستی پەرلەمان بکات بۆ ئەوەی متمانەی پێبدرێ.

عومەر شێخموس دەڵێ: "کاک بەرهەم ساڵح و کاک عادل دوو کەسی زۆر باش و چاکن. دەتوانن خزمەتی گەلانی عێراق بکەن. کاک بەرهەم خۆم پێمگەیاندووە، دەیناسم و کاک عادلیش دۆستی دێرینمە، کەسێکی پاک و دڵسۆزە و کەسێکی لیبراڵ و کراوەشە، بۆیە تیمێکی بەهێز دەبن لە عێراق، جگە لەوە کاک عادل لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندە و کەسێکی گەندەڵ نییە".

دەرکەوتنی مەهدی کۆتایی بە 15 ساڵ حوکمڕانی حیزبی دەعوە لە عێراق هێنا، بەڵام عەبدولمەهدی دەبێ لە ماوەی ساڵێکدا بۆ موقتەدا سەدر، سەرۆکی ڕەوتی سەدری بسەلمێنێ کە حکومەتەکەی جیاوازە لەوانەی ڕابردوو، ئەگەرنا بەدوور نازانرێ یەک ملیۆن خۆپیشاندەر بەر دەرگای لێبگرن، ڕەنگە ئەوکات عادل عەبدولمەهدی بەرگەی گوشار نەگرێ و وەکو عادەتی هەمیشەیی، ئیستیقالەکەی نێو گیرفانی دەربهێنێ.

بە قەڵەم و کاغەزێک کێشەی کورتهێنانی بودجەی چارەسەر کرد
غالب شابەندەر



بەخۆیدا دەچێتەوە

# یەکگرتووی ئیسلامی 105 هەزار دەنگی لەدەستداوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەرکردەکانی یەکگرتووی ئیسلامی دان بەوەدا دەنێن کە کەمبوونەوەی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنی 30ی ئەیلول، تەنیا پەیوەندی بە "ساختەکاری" نییە لە هەڵبژاردندا. لە کۆبوونەوەکەی سەرکردایەتی ئەو حیزبەدا "بەخۆداچوونەوە" وەک پێویستییەکی بێ ئەملاولا بینرا. سەرکردەیەکی یەکگرتوو دەڵێت لە ڕۆژانی داهاتوودا، ئەو خاڵە لاوازانە دەستنیشان دەکەن کە بوونە هۆی کەمبوونەوەی دەنگەکانیان.

لە زۆربەی هەڵبژاردنەکاندا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دروشمی چاکسازی بەرزکردووەتەوە، بەڵام ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی 30ی ئەیلول، چاکسازی لەنێو یەکگرتوودا کردووەتە پێویستییەکی حەتمی.

یەکگرتووی ئیسلامی لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2013 بە تەنیا 186 هەزار و 741 دەنگی هێنابوو. بەڵام ئەم هەڵبژاردنە کە لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی و پارتی چاکسازیی گەشە هاوپەیمانێتییەکیان بەناوی (بەرەو ئیسلاح) پێکهێنابوو، بەپێی ئەنجامی بەرایی جیاکردنەوەی 95%ی دەنگەکان 81 هەزار و 738 دەنگی هێناوە. واتە لە ماوەی خولێکدا 105 هەزار دەنگی لەدەستداوە.

"ئیسلامیەکان سەردەمێک 350 هەزار دەنگیان هەبوو، کەچی ئێستا بە هەموویان ناگەنە 200 هەزار دەنگ"

### هەڵەکان دەستنیشان دەکەن

ڕۆژی 2018/10/6 ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی بە سەرپەرشتی سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتی، لەبارەی ئەنجامی هەڵبژاردنی 30ی ئەیلول کۆبووەوە. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتوو دوای کۆبوونەوەکە بە (ڕووداو)ی گوت، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنمان ڕەتکردووەتەوە و پێمانوایە ساختەکاری زۆر لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە کراوە: "بەڵام بڕواشمان وابوو کەمبوونەوەی دەنگەکانمان تەنیا پەیوەندی بە ساختەکارییەوە نییە. هەڵە و کەموکوڕییە نێوخۆییەکانیش، قسەیان لەبارەوە کرا".

ئەو سەرکردەیەی یەکگرتووی ئیسلامی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، هەروەها دەڵێ: "یەکگرتوو بڕیاریداوە بەخۆیدا بچێتەوە. بەدڵنیاییەوە بەخۆداچوونەوەی جددی دەکەین، لە ڕۆژانی داهاتوودا پرۆژەیەک یان نەخشەیەک بۆ ئەو مەبەستە ئامادە دەکرێ".

### بادینان و سلێمانی

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە لە شەشی شوباتی 1994 دامەزراوە، تا ئەو ڕۆژەی بزووتنەوەی گۆڕان دامەزرا، لەدوای پارتی و یەکێتییەوە حیزبی سێیەمی هەڵبژاردنەکان بوو، بەڵام هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن دەنگی لە کورتی داوە، ئێستا حیزبی شەشەمی هەڵبژاردنەکانە.

کەمبوونەوەی دەنگەکانی ئەو حیزبە، کادر و گەنجانی نێو یەکگرتووی زۆرتر هێناوەتە قسە.

دەبێ یەکگرتوو لە سیاسەت دووربکەوێتەوە
یەحیا نەوزەر

یەحیا نەوزەر، بەگشتی وای دەبینێ کە شکستهێنانی بەهاری عەرەبی یەکێک لە هۆکارەکانی لاوازبوونی ئیسلامییەکانە. دەشڵێت: "بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا ئەوانەی بایکۆتی دەنگدانیان کرد ئیسلامییەکان بوون، ئەوان بە دەنگنەدان ئیسلامییەکانیان سزا دا، چونکە تێگەیشتوون لەوەی هەڵبژاردن دۆخەکە ناگۆڕێ و ڕێگایەکی ڕێزلێنەگیراوە".

یەحیا نەوزەر دەڵێ دەمێکە لەنێو جەماوەر و بەشێک لە بەرپرسانی یەکگرتوو ئەو ڕایە هەیە کە دەبێ یەکگرتوو زۆرتر بایەخ بە بواری پەروەردە و بانگەواز بدات و کادرەکانی ئەوەندە بە سیاسەتەوە سەرقاڵ نەکات.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، هەمیشە ڕەخنەی ئەوەش لە یەکگرتوو دەگیرا کە لەنێوان ڕێکخستنەکانی بادینان و سلێمانیدا، زمانێکی یەکگرتووی نەبووە بۆ خوێندنەوە و گوازرشتکردن لە ڕووداوەکان. یەحیا نەوزەر، ڕێکخستنەوەی بادینان و سلێمانی بە یەکێک لە چاکسازییەکان ناودەبات و دەڵێ "ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان بادینان و سلێمانی لەسەر ئەم حیزبە کەوت".

### دۆزینەوەی خۆڵەمێشییەکان

ئەبوبەکر عەلی، نووسەر و شرۆڤەکارێکی ئیسلامییە. لەدواهەمین کۆنگرەی یەکگرتوودا یەک لە بەربژێرەکان بوو بۆ وەرگرتنی پۆستی ئەمینداری گشتی. ناوبراو بە داخە کە سەرکردە و سەرکردایەتی لایەنە ئیسلامییەکان نەیانتوانی بەگوێرەی پێویست لەم هەڵوێستە بگەن، بۆ ئەوەی لە کات و هەلومەرجی گونجاودا، بەخۆیاندا بچنەوە و خۆیان نوێ بکەنەوە و لەگەڵ پەرەسەندنەکانی نێو کۆمەڵگە و بە تایبەتیش ئاڕاستەی بیرکردنەوەی نەوەی نوێ خۆیان بگونجێنن. بۆ ئەوەی دووچاری دابڕان و لەشداهێزران و پەراوێزکەوتن نەبن.

ئەو دەڵێ: "ئیسلامییەکان لە سەردەمێکدا نزیکەی 350 هەزار دەنگیان هەبوو. خاوەنی 17 کورسی پەرلەمانی کوردستانیش بوون. کەچی ئێستا بە هەر هەموویانەوە ناگەنە 200 هەزار دەنگ و ژمارەی کورسییەکانیشیان بۆ نزیکەی 13 کورسی دابەزیوە".

بەڵام بەرپرسێکی دیکەی یەکگرتووی ئیسلامی کە حەزی نەکرد ناوی بڵاوبکرێتەوە، کێشەکە لەوەدا دەبینێ کە یەکگرتوو "لەنێو دەنگە خۆڵەمێشییەکاندا ناژی و نایاندۆزێتەوە"، چونکە وەک ئەو باسی کرد "لەماوەی ئەو دوو هەڵبژاردنەی پەرلەمانی کوردستاندا زیاتر لە 300 هەزار دەنگ زیادبوون، بەڵام زۆر بە کەمی بۆ ئیسلامییەکان چوون".

زۆربەی ئەوانەی نەچوونە دەنگدان دەنگدەری ئیسلامی بوون
بەرپرسێکی یەکگرتوو

(رووداو) بۆ کەیسی ئەندامێکی قاعیدە دەچێتە گوانتانامۆ

# سەرکردە گیراوەکەی ئەلقاعیدە کورد دەرنەچوو

ڕۆژ عەلی زاڵە
رووداو- گوانتانامۆ

**نەشوان دژی ئەوەیە پێی بڵێن کوردە**

**لە دادگاییەکانی گوانتانامۆ پێکەنین و خەوتن و کێشانی سکێچ قەدەغەیە**

**نەشوان عەبدولڕەزاق چوار نەشتەرگەریی بڕبڕەی پشتی بۆ کراوە**

**نەشوان تاکە گیراوی گوانتانامۆیە کە داواکاری گشتی داوا ناکات لە سێدارە بدرێ**

گوانتانامۆ و دادگا سەربازییەکەی هەفتەیەک سەرقاڵی کەیسی یەکێک لە سەرانی ئەلقاعیدە بوون. ئەو کەسە، نەشوان عەبدولڕەزاقە کە پێشتر لە میدیاکان و لە چەند کتێبێکدا وەکو سەرکردە کوردەکەی ئەلقاعیدە ناوی دەبرا. (رووداو) بۆ دەستکەوتنی وەڵامی چەند پرسیارێک لە گوانتانامۆ بوو، ئایا نەشوان کوردە؟ خەڵکی کوێیە؟ چۆن بووە هاوکار و راوێژکارێکی نزیکی ئوسامە بن لادن؟

## ڕێگەی گەیشتن بە گوانتانامۆ

ڕێگەی گەیشتن بە گوانتانامۆ تەنیا سوپای ئەمریکایە. گەشتی رووداو بۆ گوانتانامۆ لە فڕۆکەخانەی سەربازیی ئاندروزەوە دەستییپێکرد کە نزیکەی 20 کیلۆمەتر لە واشنتنی پایتەختەوە دوورە و هەمان فڕۆکەخانەیە کە سەرۆکی ئەمریکا بەکاری دەهێنێ. فڕۆکەی ئێرفۆرس وەن کە فڕۆکەی سەرۆکایەتی ئەمریکایە، لەوێوە گەشت دەکات.

سەعات شەشی بەیانی گەشتینە بەر دەرگای فڕۆکەخانەکە. لەوێ خانمێکی رووخۆش، بە جلوبەرگی مەدەنییەوە پێشوازی لێکردین و گوتی: "من فەرماندە کاندیس ترێشم، لێرە بەدواوە من کارەکانتان بەڕێدەکەم، بەڵام خۆم ناتوانم لەگەڵتان بێم ببوورن".

ترێش ئاگاداری کردینەوە کە فڕۆکەکەمان کاژێر 10:20 خولەک دەفڕێ، بەڵام گوتیشی "لە ئاندروز زوو زوو کاتی هەستان و نیشتنەوەی فڕۆکەکان دەگۆڕێن". هەر واش بوو. پێش سەعات 10 سەربازێک هاتە ژوورەوە و بە دەنگێکی گڕ و پڕ گوتی: "گەشتەکەتان دواکەوتووە بۆ سەعات 12ی نیوەڕۆ". گوێم لێبوو یەکێک بە هاوڕێکەی گوت: "رەنگە ترەمپ یان جێگرەکەی گەشتیان هەبێت" سەربازەکەش کە هەواڵی دواکەوتنەکەی پێداین، هەر ئەوەندەی گوت کە: "کاتی هەستانی فڕۆکەکەی ئێوە لەگەڵ کاتی فڕۆکەیەکی دیکەدا هاوکاتە، بۆیە گەشتەکەی ئێوە کەمێک دوادەکەوێ".

من و رۆژنامەنووسێکی رۆژنامەی مەیامی هێراڵد بڕیارماندا بچینە بازاڕی نێو فڕۆکەخانەکە و هەندێک پێداویستی بکڕین. بۆ ئەوەی لە تەرمیناڵی فڕۆکەخانەکە بچینە دەرەوە، پێویست بوو کەسێکی سەربازیمان لەگەڵدا بێت، فەرماندە ترێش پێشمانکەوت.

کە گەیشتینەوە بەردەم تەرمیناڵەکە، سەعات 11 بوو، رۆژنامەنووسەکەی مەیامی هێراڵد ئافرەتێکی بە تەمەن بوو، زیاتر لە 11 ساڵە راپۆرت لەسەر پێنتاگۆن و کاروباری سەربازی و گوانتانامۆ دەنووسێت، تەنیا فریای کێشانی جگەرەیەک کەوت کاتێک ئاگادار کراینەوە کە کاتی فڕینی فڕۆکەکەتان بۆ گوانتانامۆ نزیک بووە. بەپەلە بە چەندین خاڵی پشکنیندا تێپەڕبووین و دواجار سواری فڕۆکەکەمان بووین.

نزیکەی دوو هەفتە لە ڕێگەی نامەی ئەلیکترۆنی (ئیمەیل) لەگەڵ ترێش لە پەیوەندیدابووم، لە ئیمەیلەکاندا ڕێسا و یاساکانی کاری میدیایی لە گوانتانامۆ روون کرابووەوە. کۆمەڵێک ڕێوشوێنی زۆر توندی تێدابوون کە چەندینجار گومانی دروست دەکرد لەوەی بتوانرێت هیچ کارێک بکرێت لە ژێر ئەو ڕێسا توندانەدا. وا دەردەکەوت کە بانگهێشتی میدیا بۆ ئەوەیە تەنیا بە چاو دۆخەکەیان پێ نیشان بدەن و بەو شێوەیەش لە شەڕی مافی ئازادیی دەربڕین و میدیا خۆیان بدزنەوە.

لەو فڕۆکەخانەیەدا رەنگ و دەنگی سەربازی لە هەموو کون و قوژبنێک ئامادەن. لە بری پۆلیس، سەرباز جانتات دەپشکنن. کۆمەڵێک سەربازی کچ بە پلەی عەریف کارەکانی فڕۆکەخانەت بۆ رایی دەکەن. بلیتی فڕۆکەت نییە، هەموو سووچێک کامێرای لێیە.

لە تەرمیناڵی فڕۆکەخانەکە نزیکەی 50 کەس چاوەڕێیان دەکرد. ڕێک لە بەرامبەر مندا، دوو پیاو دانیشتبوون. تۆزێک خۆم بۆ لایان چەماندەوە و پێمگوتن: "پەیوەندی ئێوە بەو دادگا سەربازییەوە کە بۆی دەچین، چییە؟".

یەکەمیان گوتی من جەنەراڵێکی سوپام و تایبەتمەندیم لە بواری یاسادایە. ئەو بەڕێوەبەری هەموو تیمی پارێزەرانی دادگای سەربازیی گوانتانامۆ بوو. ئەوی دیکە گوتی: "من وەکو ئەو گرنگ نیم، تەنیا عەقیدێکم و پارێزەری خالید شێخ محەممەدم". بە زەردەخەنەیەکیشەوە گوتی: "دڵنیام، خالید دەناسیت". خالید شێخ محەممەد، بە یەکێک لە پلاندانەرانی هێرشەکەی 11ی سێپتەمبەر دادەنرێ، لە ئاداری 2003 لە پاکستان رفێنرا و ئێستا لە گوانتانامۆیە.

## نیشتنەوە لە گوانتانامۆ

فڕۆکەکەمان لە گوانتانامۆ نیشتەوە. چووینە ژوورێکی بچووک. سەربازێک داوای پاسپۆرت و مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی لێکردین. بۆ هەر کەسێک سەربازێک دانرابوو تاوەکو ڕێنوێنی بکات. سەربازێکی گەنج بەرەو رووم هات و سڵاوی لێکردم. ناو و هەموو شتێکی منی دەزانی.

بۆ ئەوەی بگەینە کەمپە سەرەکییەکە، پێویست بوو بە بەلەم ئاوێک ببڕین کە گوانتانامۆی کردووە بە دووبەشەوە. کامپی زیندانەکەی گوانتانامۆ لەوبەشەی دیکەی گوانتانامۆیە. گەیشتینە کامپە سەرەکییەکە، خانمێک بەخێرهاتنی کردین و فەرمووی لێ کردین بۆ سەنتەری میدیای گوانتانامۆ و گوتی پێویستە بۆتان روون بکەمەوە کە نابێت وێنەی چی بگرن و دەتوانن وێنەی چی بگرن. نابێت لە راپۆرتەکانتاندا باسی سەربازەکانمان بکەن. نابێت وێنەی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە و کارەبا و زیندانەکان بگرن. لە ژووری دادگادا جگە لە قەڵەم و کاغەز هیچ شتێک نابەنە ژوورەوە. ئەگەر داواکارییەکتان بۆ وێنە گرتن هەیە، دەبێت بۆمان بنێرن و ئێمە لە کۆبوونەوەدا بڕیاری لەسەر دەدەین. کاتێکیش وێنە و ڤیدیۆ دەگرن، دەبێ بەشی راگەیاندنی گوانتانامۆ بیبینێ و رەزامەندی لەسەر بدات.

سەعات نۆ سەربازێک هاتە هۆڵی دادگاییەکە و چەند هۆشدارییەکی پێداین: پێکەنین بە قسەی هەر کەسێک لەژووری دادگا قەدەغەیە، خەوتن، وێنەکێشان، سکێچکردن قەدەغەن. هەر کە سەربازەکە تەواو بوو، مولازمێک هاتە ژوورەوە و گوتی دادگاییەکە دواخراوە بۆ سەعات 12. دڵنیاش نین ئەمڕۆ دادگاییەکە بەڕێوەدەچێت یان نا.

سەعات چوار دانیشتنی دادگا دەستییپێکرد. چاوەڕێ بووم، نەشوان ببینم و گوێی لێ بگرم تاوەکو بزانم بە چ زمانێک قسە دەکات؟ چی دەڵێت؟ کوردە یان عەرەبە؟ بەڵام ئەو نەهات بۆ دادگا.

نەشوان نەخۆشیی بڕبڕەی پشتی هەیە. دەگوترێ ساڵی رابردوو رۆژێک لە ژووری زیندانەکەیدا کۆنترۆڵی بەشی خوارەوەی جەستەی لەدەستدابوو. پێنتاگۆن خێرا تیمێکی پزیشکی لە ئەمریکاوە نارد و نەشتەرگەرییان بۆ کرد، لەو کاتەشەوە تا ئێستا چوار نەشتەرگەری دیکەی بۆ کراوە. ئێستاش بە گۆچان و لە عەرەبانەی هاندیکاپدا هاتوچۆ دەکات. دۆخی تەندروستیی نەشوان وایکردووە چەند جارێک دادگاییەکەی دوابخرێت.

ئەو دانیشتنەی دادگا بۆ مایکل لیبەرتۆ کە عەقیدێکی مارینزە، یەکەم دانیشتنی دادگا بوو وەکو دادوەری نوێی دادگا سەربازییەکەی گوانتانامۆ. دانیشتنەکەی بۆ هۆکاری نەهاتنی نەشوان عەبدولڕەزاق تەرخان کرد. لە دانیشتنەکەدا، ئەفسەرێکی بەشی تەندروستی کە دادگا ناوەکەی بەنهێنی هێشتەوە، ئامادەبوو تا گەواهی لەسەر دۆخی تەندروستی نەشوان بدات.

ئەفسەرەکە لە گەواهینامەکەیدا وەڵامی هەردوو تیمی داواکار (کە نوێنەرایەتی حکومەتی ئەمریکای دەکرد) و تیمی پارێزەرەکانی نەشوان (کە لەلایەن دادگای سەربازییەوە بۆ داکۆکی لە نەشوان دابینکراوە) خستە بەردەم دادوەر. تیمی داواکار پێیانوابوو نەشوان دەتوانێت ئامادەی دانیشتنەکە بێت، بەڵام رەنگە هەندێک نارەحەتی بۆ دروست بکات. داوایان لە دادوەر کرد رێگە نەدرێت دادگا بە ئارەزووی نەشوان بەڕێوەبچێت.

لەبەرامبەردا تیمی پارێزەرەکانی نەشوان کە ئەوانیش پلەی سەربازییان هەبوو، دەیانگوت ئەگەر ئامادەبوونی نەشوان لە دادگا ببێتە هۆی نارەحەتبوونی، ئەوە دەچێتە قاڵبی ئەشکەنجەدانەوە.

دوای کاژێرێک لە بێنەوبەردەی نێوان هەردوولا، دواجار دادوەر بڕیاری دا کە نەشوان دەتوانێت ئامادەی دادگا بێت و دەشتوانن بە زەبری هێز راپێچی دادگای بکەن، بەڵام ئەو کارە ناکەن.

لەکاتی ئەم مشتومڕەدا، نەشوان لە زیندانەکەیدا جارێکی دیکە ئازارێکی توندی پشت لێیدابووەوە. ئەفسەری تەندروستی سەردانی کردبووەوە، رۆژی دواتر رایگەیاند کە پێیوانییە نەشوان بتوانێت لەم هەفتەیەدا ئامادەی دانیشتنی دادگا بێت. لەبەرئەوەش دانیشتنی دادگا کە بڕیار بوو لە رۆژی 28ی ئەیلول بەڕێوەبچێت، دواخرا بۆ رۆژی پێنجی مانگی داهاتوو.

## نەشوان کوردە؟

کە لە هۆڵی دادگا هاتینە دەرەوە، لە پارێزەرەکانی نەشوانم پرسی: نەشوان چ جۆرە کەسێکە؟ باکگراوندی چییە؟ هەندێک میدیا وایان بڵاوکردبووەوە کە کوردە، ئەوە تا چەند راستە؟ پارێزەرەکانی، ئەو بە کەسێکی بە ئەدەب و رەوشتبەرز و ئارامگر و زیرەک وەسف دەکەن، بەڵام زۆر بە روونی و بەبێ دوودڵی کوردبوونی نەشوانیان رەتکردەوە.

ئەی بۆ وا بڵاوکراوەتەوە کە کوردە؟ ئادەم سێرشۆڵد کە پارێزەری سەرەکی کەیسەکەی نەشوانە، گوتی "بۆ ئەم بابەتە قسە لەگەڵ پارێزەر ئەیمی کووپەر بکە".

کە گەڕامەوە سەنتەری میدیای گوانتانامۆ، یەکسەر تەلەفۆنم بۆ ئەیمی کرد. ئەیمی کە کچێکی گەنجە، پارێزەری پێشووتری نەشوان عەبدولڕەزاق بووە. پلەی فەرماندەی هێزی دەریایی ئەمریکای هەیە و هەر بە فەرماندە ئەیمی دەناسرێت.

ئەیمی زۆر بەڕێزەوە گوتی هەر پرسیارێکت هەبێت بەخۆشحاڵییەوە وەڵامت دەدەمەوە، بەڵام هەندێک لە پرسیارەکان دەبێت لەگەڵ چەند کەس و لایەنێک باس بکەم و بزانم تا چەند دەتوانم وەڵامت بۆ بنێرمەوە. من داوای کۆپییەکی جنسیەکەی و ناوی عەشیرەتەکەی نەشوانم کردبوو. ئەم دوو زانیارییە بۆ ئەوەی ئەیمی بتوانێت بڵاویان بکاتەوە، پێویستە لەگەڵ پارێزەران و نەشوان خۆی و هەندێ لایەنی دیکە گەنگەشەی بکات.

دواتر لە ئیمەیڵێکدا، ئەیمی بە (رووداو)ی راگەیاند کە "بە داوای لێبوردنەوە.. ناتوانم کۆپییەکی جنسییەکەی نەشوانتان بدەمێ، بەڵام دەربارەی عەشیرەتەکەی، نەشوان ئێستا بە نەشوان ئەلتەمر دەناسرێت، وەکو خۆشت دەزانیت تەمر واتە خورما. ئەو لە هۆزی یان خێزانی خورمافرۆشانە". ئەیمی گوتیشی: "دڵنیا نیم لەوەی کە ئەوە ناوی عەشیرەتەکەیەتی یان ئەو ناوەی چۆن پێدراوە، بەڵام باپیری نەشوان بازرگانی خورما بووە، لەبەرئەوەشە ئەو ناوەیان هەیە".

ئەیمی زانیاری دیکەشی دامێ: "دایک و باوکی نەشوان هەردووکیان لە مووسڵ لەدایکبوونە. باوکی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی سەرەتایی بووە لە مووسڵ. نەشوان خوێندنی ناوەندی تەواو کردووە. دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی لە 1988 گەڕاوەتەوە مووسڵ و لەگەڵ باوکی خورمای فرۆشتووە و شۆفێری تاکسی بووە".

## چۆن کرا بە کورد؟

ئەوەی ئەیمی و هەموو پارێزەرەکانی دیکە بە (رووداو)یان گوت، چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشە کە چۆن نەشوان ناوی بە "کورد" رۆیشت. نەشوان لە مانگی ئۆکتۆبەری 2006 لە غازی عەنتاب لە تورکیا لە ڕێگەی چوونی بۆ سووریا و عێراق لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستگیر کرا و دواتر رادەستی CIA کرا. ئەو کاتە، رۆژنامەنووسی تورک رووشەن چاکیر، هەواڵێک لەسەر دەستگیرکردنەکەی دەنووسێ، بەڵام کەس لێی ناکرێ. دواتر کەمێک دەستکاری ناوەڕۆکی هەواڵەکە دەکات و دەنووسێت نەشوان کوردە. ئیدی چەندین میدیای ئەمریکی و جیهانی لەنێویاندا فۆرین پۆلەسی هەواڵەکەی رووشەن دەکەن بە سەرچاوە و نەشوان وەکو کوردێکی ئەلقاعیدە دەناسێنن.

لە ئاداری 2017 سێ لە پارێزەرەکانی نەشوان دەچنە ئیستانبوڵ و داوا لە رووشەن چاکیر دەکەن بەڵگەی کوردبوونی نەشوانیان نیشان بدات. بەڵام رووشەن دەڵێت، هیچ بەڵگەی کوردبوونی ئەوم لا نییە. ئەوەندە دەزانم لە باکووری مووسڵ لەدایکبووە، بۆیە پێموابوو کە کوردە. یەکێک لە پارێزەرەکانی نەشوان پێیگوتم: "رووشەن گوتوویەتی جاری یەکەم ویستم هەواڵەکە بڵاوبکەمەوە، کەس بڵاوی نەدەکردەوە. ئەوکات لە تورکیا رق و کینەیەکی زۆر بەرامبەر کورد هەبوو، بۆیە نووسیم نەشوان کوردە. بەوشێوەیە هەواڵەکەم بڵاوکرایەوە".

هەموو ئەو پارێزەر و کەسانەی کە قسەم لەگەڵ کردن، دەڵێن نەشوان زۆر سوورە لەسەر ئەوەی کە ئەو کورد نییە، ئەو هەواڵە ناڕاستانەش بێزاری دەکەن.

لەوێ پرسیارم کرد، میدیاکان چۆن کەوتنە ئەو هەڵەیە و بە قسەی چاکیر باوەڕیان کرد؟ پێیانگوتم چەند هۆکارێک هەبوون کە بڕوا بەو رۆژنامەنووسە بکەن. لەوانە نەشوان چاوی شینە و پێستی سپییە و لە عەرەبی ناوچەکە ناچێ.

کەسێکی دیکە کە لە هەموو دانیشتن و قسەکردنێکدا لەگەڵ نەشوان ئامادەیە، پێیگوتم: "هۆکارێکی دیکەی ئەو هەڵە تێگەیشتنە لە نەشوان ئەوەیە ئەوکاتەی لە ئەفغانستان بووە، کەسێکی کورد لەوێ بووە و هەمان پاشناوی هادی هەبووە. نەشوانیش لە ناو قاعیدە، ناسناوی عەبدولهادی ئەلعێراقی بووە، لەبەرئەوە هەندێک کەس پێیانوابووە ئەو هادیە، نەشوانە".

نەشوان کە لە شوباتی 1961 لە مووسڵ لەدایکبووە، بە چەند ناوێکی دیکەش بانگ کراوە. دواترین ناو کە لە دادگا سەربازییەکەی گوانتانامۆ پێی دەناسرا، نەشوان ئەلتەمر بوو. لە پرۆفایلی CIAیشدا بە نەشوان عەبدولڕەزاق عەبدولباقی ناوی هاتووە. لە سەردەمی جەنگی عێراق و ئێراندا، سەربازی سوپای عێراق بووە، بەڵام بە گوتەی حکومەت و داواکاری گشتی، دواتر لە کاتی شەڕی کوێتدا بەرەو ئەفغانستان رۆیشتووە و لەوێ هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی ئەفغانی کردووە. پارێزەرەکانی بە (رووداو)یان راگەیاند: "هەرچەندە ئەو لە سوپای عێراقدا بووە، بەڵام حەزی لە سەدام حوسێن نەبووە و نییە".

دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا نەشوانی بەسەرکردەیەکی باڵای ئەلقاعیدە ناساندووە و دەڵێت: لە نێوان 2002 بۆ 2004 بەرپرسی هێرشەکانی ئەلقاعیدە بووە لە ئەفغانستان، هەروەها فەرمانی کردووە سەرۆکی پێشووتری پاکستان، پەروێز موشەڕەف و ئەندامانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تیرۆر بکرێن.

بەگوێرەی CIA ، نەشوان ئەو کاتەی دەستگیرکراوە، ویستوویەتی بگەڕێتەوە عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەلقاعیدەی عێراق و سەرکردایەتی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان.

نەشوان دوای دەستگیرکردنی، تەسلیمی CIA کراوە. بۆ ماوەی 170 رۆژ لە زیندانێکی نهێنیی دەزگاکە هێڵدراوەتەوە، پارێزەرەکانی دەڵێن لەوێ ئەشکەنجە دراوە، بەو هۆیەش تووشی نەخۆشیی بڕبڕەی پشت بووە، بەڵام راپۆرتی لیژنەی هەواڵگریی سێنات لە پەڕەی 448 دا نکۆڵی لە ئەشکەنجەدانی نەشوان دەکات.

نەشوان لە نیسانی 2007 لە کەمپی ژمارە 7ی زیندانی گوانتانامۆ بەندکراوە. ئەو کامپە کە بە کامپی زیندانییە مەترسیدارەکان ناسراوە، ئێستا 40 ئەندامی قاعیدەی تێدایە.

ئەو هێرشانەی کە نەشوان پێی تۆمەتبارە، 8 سەربازی ئەمریکی، سەربازێکی بەریتانی و سەربازێکی نەرویجیی تێدا کوژراون. داواکاری گشتی حکومەتی ئەمریکا داوا دەکات کە حوکمی بەندکردنی هەتاهەتایی بەسەر نەشواندا بسەپێندرێ. نەشوان تەنیا بەندکراوە لە گوانتانامۆ کە حکومەت و داواکاری گشتی داوای لەسێدارەدانی ناکەن، بەڵام نەشوان هەموو تۆمەتەکان رەتدەکاتەوە.



نەشوان عەبدولڕەزاق عەبدولباقی لەکاتی گەڕانەوەی لە ئەفغانستانەوە بۆ عێراق، لە غازی عەنتاب دەستگیرکرا



سکێچی نەشوان لەگەڵ پارێزەرانی لە دادگای سەربازی گوانتانامۆ کە لەلایەن هونەرمەند جانێت هاملین کێشراوە

### گوانتانامۆ

گوانتانامۆ بەشێکە لە خاکی کوبا، بەڵام لەلایەن ئەمریکاوە بەڕێوەدەبرێ. ئەو بەشەی کوبا لە ساڵی 1903 بە رێککەوتنێکی نێوان ئەمریکا و کوبا بە کرێی ساڵانەی 2000 دۆلار دراوەتە ئەمریکا، دواتر کرێیەکەی بۆ 4085 دۆلار زیادکراوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی چەپگەراکانی کوبا لە ساڵی 1959 بە سەرۆکایەتی فیدڵ کاسترۆ، پرسی گوانتانامۆ بووە پرسێکی گەورەی نێوان کوبا و ئەمریکا. کوبا و کاسترۆ دەڵێن گوانتانامۆ بەشێوەیەکی نایاسایی داگیرکراوە. بۆیە لەو کاتیشەوە تەنیا یەکجار کرێی خاکەکە بە کوبا دراوە، بەڵام دواتر کاسترۆ رایگەیاند کە ئەو چێکەش بە هەڵە لەلایەن کارمەندانی بانکی ناوەندیی کوباوە براوەتە بانک و قبوڵ کراوە.

گوانتانامۆ جگە لە زیندانی سەرانی ئەلقاعیدە، بنکەیەکی هێزە دەریاییەکانی ئەمریکاشی تێدایە. ئەو بنکە سەربازیەی گوانتانامۆ بۆ شەڕی دژی بازرگانانی مادەی هۆشبەر لە ناوچەی کاریبی بەکاردێ. حکومەتی ئەمریکا دەڵێت بۆ هاوکاری وڵاتانی ناوچەکە لە حاڵەتی کارەساتی سروشتیدا بەکاردێت. هەروەها بۆ رێگەگرتن لە چوونی کۆچبەری نایاسایی بۆ ئەمریکا بەکاردێ.

پەیوەندییەکانی نێوان کوبا و ئەمریکا تاڕادەیەک ئاسایی بوونەتەوە، هەموو مانگێکیش کۆبوونەوەیەک لە نێوان سەربازەکانی بنکەکە و کاربەدەستانی کوبی دەکرێ، بەڵام هێشتا نامتمانەیی لە نێوان هەردوولادا بەشێوەیەکی بەرچاو هەستی پێدەکرێ. گوانتانامۆ بە تەواوەتی لە کوبا دابڕاوە، لایەکی بە دەریا و لایەکی دیکەی بە کێڵگەی مین دەورە دراوە. لە چواری تەمموزی هەموو ساڵێکدا ئەمریکییەکان بە هاوتا کوبییەکانیان دەڵێن، جەژنی سەربەخۆیی ئەمریکا دەگێڕین، یاریە ئاگرینەکان دەتەقێنین، ترستان نەبێت بە هەڵە تێنەگەن هێرش ناکەین.

هەر کەسێک سەردانی گوانتانامۆ بکات، پێویستە پاسپۆرتەکەی لەگەڵ خۆی بەرێت. لە ئەفسەرێکی بنکەکەم پرسی پاسپۆرت بۆ چییە؟ "ئەگەر هێرشمان کرایە سەر، پێویستە هەموومان بچینە وڵاتێکی دیکەی ناوچەکە". ئەفسەرەکە وایگوت.



## پەیەدە چیدی چەکدارانی داعش لای خۆی ناهێڵێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

عەبدولکەریم عومەر، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی خۆسەری ڕۆژئاڤای کوردستان، هۆشداری دەدات لە مانەوەی چەکدارانی داعش لە لای هێزەکانی یەپەگە و دەڵێت چیدی ڕێگە نادەن لەلای ئەوان بمێننەوە. بەرپرسەکەی پەیەدە بە ڕۆژنامەی (ساندەی تایمز)ی بەریتانی ڕاگەیاند "هەوڵدەدەین ئەوان (داعشەکان) بگەڕێنینەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان. بەڵام ئەگەردەرکەوت وڵاتەکانیان هیچیان بۆ ناکەن، ئێمەش دەبێ بڕیاری خۆمان بدەین". دەسەڵاتی ڕۆژئاڤای کوردستان ڕایگەیاندووە 900 چەکداری بیانیی داعش، 500 ئافرەتی بیانی داعش و 1200 منداڵی ئەو چەکدار و ئافرەتانەیان لایە، کە خەڵکی 44 وڵاتن.

# بەربژێرەکان چاپخانەکانیان خستە ژێر قەرزەوە

پۆستەرمان بە قیست بۆ بەربژێرەکان چاپ کردووە

خاوەن چاپخانەیەک



بەربژێرێکی ئەنجوومەنی پارێزگا هێشتا قەرزی پۆستەرەکانی نەداوەتەوە

خاوەنی چاپخانەیەک

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو — هەولێر**

هەندێک لە بەربژێرەکانی خولی نوێی پەرلەمانی کوردستان گیرفانیان ئەوەندە پڕ نەبوو کە بتوانن بە ئارەزووی خۆیان پۆستەر و فلێکس چاپ بکەن، بۆیە ناچاربوون بە قەرز چاپی بکەن، هەندێکیشیان لەگەڵ خاوەنی چاپخانەکان ڕێککەوتوون کە بە قیست پارەی پۆستەر و فلێکسەکانیان بدەنەوە.

### چوار ساڵە پارەی چاپخانەی نەداوە

چوار ساڵ و نیو بەسەر هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا تێپەڕیوە و هێشتا چەند بەربژێرێک پارەی چاپکردنی پۆستەر و فلێکس و کارتەکانیان نەداوەتەوە بە چاپخانەکان.

کاروان کە خاوەنی چاپخانەی کاروانە لە سلێمانی، بە (ڕووداو)ی گوت: "بەربژێر هەیە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی هاتووەتە لامان و بەهۆی ئەوەی کەسێکی ناسراوە متمانەمان پێکردووە، بەڵام دوای تێپەڕینی نزیکەی چوار ساڵ و نیو هێشتا پارەکەی نەگەڕاندووەتەوە، چەندینجار داوام لێکردووە پارەکەم بۆ بگەڕێنێتەوە، بەڵام بێ سوودە".

کاروان دەشڵێت کاندیدی خولی ڕابردووی پەرلەمانی عێراقیش هەیە کە هێشتا پارەی چاپکراوەکانی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن نەداوە.

هەندێک لە کۆمپانیاکان دەڵێن لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا، بەدەست نەدانەوەی قەرزی بەربژێرەکانەوە گیریان خواردبوو، بۆیە ئەمجارە سیستمی کارکردنی خۆیان گۆڕیوە.

بڵند نەورەس، بەڕێوەبەری کۆمپانیای مەحوی و چاپخانەی کەلەر گەیت بە (ڕووداو)ی گوت: "لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا بەهۆی نەدانی پارە لەگەڵ بەربژێر و لیستەکان زۆر تووشی کێشە بووین، ئیشمان بۆ چەند بەربژێر و لیستێک کرد، بەڵام پارەکەیان نەدا. یان دوای ماوەیەکی زۆر و بە چەند جارێک پارەیان داوە".

بڵند گوتیشی: "بەربژێر و لیست هەن پارەی بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی سێی پەرلەمانی عێراق و خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانیان نەداوە، بۆیە بۆ ئەم هەڵبژاردنە سیستەمەکەمان گۆڕی و هەر کاندید و لیستێک کە دەهاتە لای ئێمە و گرێبەستمان لەگەڵ دەکرد، هەموو یان 75%ی پارەکەمان لێوەردەگرت، بۆ ئەوەی ئەگەر 25%ی پارەکەشیان نەدا، یان دوایانخست، زۆر زەرەر نەکەین".

هەندێک لە بەربژێرەکان داوایان لە کۆمپانیا و چاپخانەکان کردووە پۆستەریان بۆ چاپ بکەن، بەڵام نەک هەر پارەیان نەداوە، تەنانەت نەچوون پۆستەر و فلێکسەکانیش ببەنەوە.

هەر لەوبارەوە عومەر زۆرباش، خاوەنی چاپخانەی شادی بە (ڕووداو)ی گوت: "لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا دوو بەربژێر داوایان لێکردین پۆستەر و فلێکسیان بۆ چاپ بکەین، بەڵام نەک پارەیان نەدا، تەنانەت بۆشی نەهاتنەوە، زیانی 5000 دۆلاریان لە ئێمە دا".

چاپخانەکەی عومەر زۆرباش لەکاتی گشتپرسییەکەی ساڵی ڕابردووشدا لەگەڵ چەند چاپخانەیەکی دیکە زیانیان پێگەیشتووە. ئەو گوتی "لەکاتی گشتپرسییەکەدا خەڵکانێک بەناوی کەسایەتی گەورە هاتنە لامان و داوای چەند کاڵایەکیان کرد بۆ گشتپرسی باشووری کوردستان، بەڵام هەڵیانخەڵەتاندین و زیانی سێ هەزار دۆلاریان پێگەیاندین. چوار چاپخانەی دیکەش وەکو ئێمە فێڵیان لێکرابوو، ئەوانیش بایی زیاتر لە 37 هەزار دۆلار زیانیان بەرکەوت".

هەر لەکاتی گشتپرسییەکەی ساڵی ڕابرووودا کامەران عەبدولخالق، خاوەنی چاپخانەی ئانۆ لە هەولێر زیاتر لە 10 هەزار دۆلار زیانی بەرکەوتووە. ئەو دەڵێت "لەو کاتەدا کەسێک هاتە لامان و خۆی وەک عەمید لە هێزێکی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە ناساند، ژمارەیەک پاسەوانیشی لەگەڵ بوو. داوای 1700 تیشێرت و 1200 کڵاو و 8000 ملپێچی کرد کە بایی 10 هەزار و 250 دۆلار بوون و بۆمان دروستکرد، بەڵام پارەکەی بۆ نەگەڕاندینەوە. ئێمەش هێزەکەی خۆیمان لێ ئاگادار کردەوە، بەڵام ئەوان گوتیان ئەو کەسە هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییە، بۆیە سکاڵامان لەسەری تۆمار کرد. کەسەکە دەستگیر کرا و ئیعترافیشی کرد کە پارەی ئێمەی لەلایە، بەڵام تاوەکو ئێستا پارەکەی نەداوەتەوە. هیچ ئومێدێکیشمان بەوە نەماوە بمانداتەوە".

### لیستێک 10 ملیۆن دیناری نەداوە

لیستێکی تازە کە یەکەم ئەزموونی خۆی لە هەڵبژاردنی خولی سێی پەرلەمانی عێراق تاقیکردەوە، هێشتا پارەی چاپکراوەکانی نەداوە. خاوەن چاپخانەیەکی شاری سلێمانی کە نەیویست ناوی بهێنرێت بە (ڕووداو)ی گوت: "یەکێک لە لیستەکان کە تازە دامەزراوە و بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی کرد، بایی نزیکەی 10 ملیۆن دینار ئیشی بۆ کراوە، بەڵام پارەکەی نەگەڕاندوەوە".

هەندێک لە چاپخانەکان، بێئومێد بوون لە وەرگرتنەوەی قەرزەکانیان، بۆیە ناچاربوون لەگەڵ بەربژێرەکان ڕێکبکەون بە قیست قەرزەکانیان بدەنەوە.

کاروان جەلال خاوەنی چاپخانەی کوردستان لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت: "بەربژێر هەیە پارەی نییە، بۆیە بە ناچاری بۆیان دەکەین بە قیست. بەربژێر هەیە پێنج ملیۆن دینار قەرزدارە، بۆم کردووە بە قیست و مانگانە 500 هەزار دیناری لێوەردەگرمەوە".

# پەرلەمانتارانی خولی چوارەم چی دەکەن؟



عادل عەزیز

دەگەڕێتەوە سەر پیشە کۆنەکەی



فرسەت سۆفی

چاوەڕێی بڕیاری حیزبە



عومەر عینایەت

کۆمپانیا دادەنێ



عیزەت سابیر

دەبێتە خۆبەخش



حاجی کاروان

خەریکی عەقارات دەبێ

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 2018/11/6 وادەی یاسایی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان کۆتایی دێت، پەرلەمانتارانی ئەم خولە هەر لە ئێستاوە مشووری خۆیان خواردووە، هەندێکیان دەگەڕێنەوە سەر پیشەی پێشوویان، هەندێکیان چاوەڕێن حیزبەکەیان ئەرکی تازەیان پێبدات، بەڵام بەشێکی دیکەیان بڕیاریان داوە سەرقاڵی بزنس یان کاری خێرخوازی بن.

کەنعان نەجمەدین ناسراو بە حاجی کاروان، پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، توانی بەری ڕەنجی چەند ساڵەی بدوورێتەوە. ئەو کە زۆربەی کات لە کەناڵەکانی یەکگرتوو وەکو بانگخوازێک دەردەکەوت، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا 76994 دەنگی هێنا کە نزیکە لە سەرجەم دەنگەکانی ئەمجارەی لیستی یەکگرتوو.

دوای تەواوبوونی کارەکانی ئەم خولەی پەرلەمان، حاجی کاروان بڕیاری داوە بگەڕێتەوە سەر کاری پێشووی و دەڵێت: "لەکاتی پەرلەمانتاریشدا نەمهێشتووە کاری بانگخوازی، هاوکاریی هەژار و هەتیوەکان، چارەسەرکردنی کێشەکانی خێزان و گەنجان پەکیان بکەوێت، بۆیە لە دوای پەرلەمان زیاتر دەرفەتم دەبێت و بە تەواوی خۆم بۆ ئەو کارانە تەرخان دەکەم".

حاجی کاروان بۆ دابینکردنی بژێوی خۆی و خێزانەکەی پەنای بردووەتە بەر کڕین و فرۆشتنی خانوو "پێش پەرلەمانتاری هیچ پیشەیەکی دیاریکراوم نەبوو تاوەکو ئێستا بگەڕێمەوە سەری، بەڵام جاروبار خانووم فرۆشتووە و خانووی دیکەم پێکڕیوەتەوە و گوزەرانی خۆم و خێزانەکەم لەو ڕێگەیەوە دابین کردووە".

### دەبێتە خۆبەخش

بەشێک لە پەرلەمانتارانی خولی چوارەم لە زانکۆکانەوە هاتبوون، هەندێکیان بڕیاریان داوە ببنەوە بە مامۆستای زانکۆ. یەکێک لەوانە د.عیزەت سابیرە کە مامۆستای بەشی ئابووری بووە لە زانکۆی سلێمانی، بەڵام ئەمجارە وەکو خۆبەخشێک دەگەڕێتەوە.

عیزەت سابیر کە لە خولی چوارەم سەرۆکی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووریی بوو، دەڵێت بە خۆبەخشانە لە زانکۆ وانە دەڵێتەوە "هێشتا نازانم چی دەکەم. بەڵام لە بەشی ئابووری کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سلێمانی شوێنم بۆ دانراوە، بڕیارە لەم مانگەوە بە خۆبەخش وانە بڵێمەوە".

### فرسەت سۆفی چاوەڕێی بڕیاری حیزبە

فرسەت سۆفی، لە زانکۆوە پەڕییەوە پەرلەمان، ئێستاش چاوی لەوەیە بگەڕێتەوە زانکۆ، بەڵام چاوەڕێی بڕیاری پارتییە.

فرسەت سۆفی، پەرلەمانتاری پارتی دکتۆرای لە یاسای نێودەوڵەتی هەیە و ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاری یاسایی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بووە. ئەو دەڵێت: "پێش کاری پەرلەمانتاریم مامۆستای زانکۆ بووم و میلاکم لە زانکۆی پۆلیتەکنیک بوو، لە زانکۆی سۆرانیش وانەبێژ بووم، بۆیە ئەگەر حیزب و سەرۆک بارزانی ئیشێکی دیکەم پێنەسپێرن، دەگەڕێمەوە زانکۆ و وانە دەڵێمەوە".

### عومەر عینایەت کۆمپانیا دادەنێ

عومەر عینایەت پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان، تەمەنی 65 ساڵە و بەپێی تەمەن خانەنشین بووە، بەڵام پێیوایە نابێت هەر چوار ساڵ جارێک 111 پەرلەمانتار خانەنشین بکرێن و دەبێت پەرلەمانتاران کار بۆ خۆیان بدۆزنەوە.

عینایەت دەڵێت: "ئەگەر هەر خولێکی پەرلەمان 111 پەرلەمانتار خانەنشین بکرێن و نەچنەوە سەر کاری خۆیان، لۆدێکی زۆر لەسەر کۆمەڵگە و حکومەتیش دروستدەبێت، ناکرێت ئەم هەموو ئەندام پەرلەمانە خانەنشین بکرێن و ببنە بار بەسەر بودجەی دەوڵەتەوە، ئەگەر یاسای چاکسازی لە پەرلەمان تێپەڕیبایە، ئەم کێشەیە چارەسەر دەبوو، بەڵام دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان گەڕاندیەوە".

ئەو پەرلەمانتارە ماستەری لە ئەندازیاریی ڕێگاویان هەیە، بۆیە دەیەوێت لەمەودوا کارێکی سەربەخۆ بکات و دەڵێت: "ئەگەر ئیمکانیات و پرۆژە هەبێت دەگەڕێمەوە سەر ئیشەکەم و دەمەوێت کۆمپانیایەکی جێبەجێکار یان ڕاوێژکاری دابنێم".

### عادل عەزیز دەبێتەوە بە میدیاکار

عادل عەزیز، ناسراو بە عادلی موزیع، زیاتر لە 22 ساڵ لەناو ڕاگەیاندن کاری کردووە، دەیەوێت بگەڕێتەوە سەر کارەکەی خۆی "لە ساڵی 1991ـەوە لە بواری ڕاگەیاندن کار دەکەم، بۆیە ئەوەندەی هێز و توانام تێدا بێت و ئەگەر بوار برەخسێت دەگەڕێمەوە سەر کارەکەی خۆم".

عادل ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕانە. لە بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانیشدا ئەندامی بۆردی کەمپینی گۆڕان بوو، لە پەرلەمانیش ئەندامی لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بووە، بۆیە دەڵێت: "جگە لە کاری ڕاگەیاندن، ئێستا ئەزموونی 5 ساڵ پەرلەمانتاریشم هەیە، بۆیە باشتر دەتوانم کاری میدیایی بکەم".

### حیزبەکەی دوو ئیشی بۆ داناوە

زانا عەبدولڕەحمان، پەرلەمانتاری یەکێتی کە لەنێو یەکێتییەکان زۆرتر بە زانای کوردسات ناسراوە، جارێکی دی توخنی کوردسات و دەزگاکانی دیکەی یەکێتی ناکەوێتەوە، چونکە پێیوایە ڕاگەیاندنی یەکێتی زۆر دواکەوتووە "باوەڕ ناکەم بچمەوە ناو میدیای یەکێتی، چونکە بۆ ماوەی 5 ساڵ لەلایەن میدیای حیزبەکەمەوە بایکۆت کرابووم، ئێستاش تێبینیم هەیە لەسەر میدیای یەکێتی، پێموایە زۆر دواکەوتووە و پێویستی بە ریفۆرم هەیە، میدیای ئێستای یەکێتی ئەو میدیایە نییە کە بە ماندووبوون و شەونخونی و لەسەر خوێنی ئێمە دروستبوو".

زانا کە پێشتر بێژەر و میدیاکار بووە لە ڕادیۆی خاک و کەناڵی کوردسات، لەلایەن حیزبەکەیەوە دوو ئەرکی بۆ دەستنیشانکراوە "هێشتا بەرچاوم ڕوون نییە، جگە لەوەی میدیاکارم، کادیرێکی حیزبیشم، بۆیە چاوەڕێی یەکێتیم ئەرکێکم بۆ دیاری بکات، ئەوەی هەیە یەکێتی دوو ئەرکی بۆ دەستنیشان کردووم، یەکێکیان لەناو حیزب و ئەوەی دیکەیان لە حکومەت، بۆ کامەیان ڕایانسپاردم جێبەجێی دەکەم".

### ئێڤار چی دەکات

ئێڤار ئیبراهیم، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕانیش کە پێشتر کاری ڕێکخراوەیی کردووە، پرۆژەی خۆی هەیە و دەڵێت: "پەرلەمانی کوردستان وەکو زانکۆیەک دەبینم کە لەماوەی پێنج ساڵدا توانیمان ئەرکەکانی یاسا دەرکردن و بەدواداچوون و چاودێریکردنی حکومەتی تێدا جێبەجێ بکەین، لەدوای 2018/11/7ـش کە کاری پەرلەمانتاریمان تەواو دەبێت، چەند پرۆژەیەکم دەبێت و لە داهاتوودا زیاتر ئیش لەسەر پرسە نەتەوەییەکان دەکەم، ناتوانم باسی وردەکارییەکانی بکەم، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەوڵ دەدەم لەڕێگەی ئەو پرۆژانەوە خزمەتی زیاتر بکەم".

### حەیات پشت لە ئەکادیمیا دەکات

حەیات مەجید، پەرلەمانتاری پارتی کە پێشتر لەناو حیزبەکەی کاری کردووە، نایەوێت بگەڕێتەوە سەر کارەکەی پێشووی و گوتی: "پێشتر بەرپرسی خولی ئەکادیمیای پارتی بووم، ئێستاش دەرگای ئەکادیمیا بۆ من واڵایە، بەڵام چونکە لە پەرلەمان ئەزموون و شارەزایی زیاتری کارکردنمان پەیدا کردووە و پەیوەندییەکانمان فراوانتر بوون، ناگەڕێمەوە سەر کاری پێشووم".

حەیات مەجید، لە خولی 4ـی پەرلەمانی کوردستان بڕیاردەری لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت بوو، هەروەها یەکێک بوو لە پەرلەمانتارە گەنجەکانی خولی چوارەم و لە تەمەنی 30 ساڵییەوە بووە پەرلەمانتار، ئێستا تەمەنی 35 ساڵە و دەڵێت: "من هێشتا گەنجم و نابێت دوای پەرلەمان بوەستم، چاوەڕوانی بڕیاری حیزبەکەمم شوێنێکم لە حکومەت یان ناو حیزب بۆ دەستنیشان بکات کە لەگەڵ توانا و خواستی مندا بگونجێ".

### هەندێکیان لە پەرلەمان دەمێننەوە

بۆ خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، زیاتر لە 25 پەرلەمانتاری خولی پێشوو خۆیان بەربژێر کردبوو. بەپێی ئەنجامە بەراییەکان ژمارەیەکیان دەرچوونەتەوە، لەوانەش دوو پەرلەمانتاری پارتی، دوو پەرلەمانتاری یەکگرتوو، چوار پەرلەمانتاری یەکێتی، عەلی حەمەساڵح کە سەرۆکی لیستی گۆڕان بوو، سۆران عومەر کە سەرۆکی لیستی کۆمەڵ بوو. پەرلەمانتارێکی تورکمان، پەرلەمانتارەکەی ئەرمەن و پەرلەمانتارێکی سەردەم.

## عوسمان ئۆجەلان، ئەندامی پێشووی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە بۆ (ڕووداو):

# پەکەکە لەڕێی پارتییەوە گەڕایەوە باکووری کوردستان



عوسمان ئۆجەلان، ئەندامی پێشووی کۆنسەی سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان، یەکێک بووە لەو گەریلایانەی چووەتە ریزەکانی شۆڕشی فەلەستین. ئەو ئاگادارە ئامانجی چوونی پەکەکە بۆ یارمەتیدانی "شۆڕشگێڕان"ی فەلەستین لە دژی ئیسرائیل چی بووە و دەڵێت :"ئامانج پەروەردەکردنی کادیرانی پەکەکە بوو لە رووی سەربازییەوە". عوسمان ئۆجەلان لە بەشی دووەمی پەنجەمۆری کەناڵی (ڕووداو) باسی پەیوەندی پەکەکە لەگەڵ سووریا و ئێران دەکات.

هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین
ڕووداو- هەولێر

بەشی دووەم

**ڕووداو: بۆچی پەکەکە بڕیاری دا بەشێک لە سەرکردایەتییەکەی بچێتە سووریا؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** پەکەکە ئەوکات بەهێزترین گروپ بوو، دەوڵەت گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەگەر شتێک نەکات، ئەو گروپە دەبێتە مەترسی لەسەر دەوڵەت. جگە لەوەش لەو کاتەدا پەکەکە دەستیکردبوو بە کوشتنی ئەو ئاغایانەی لەگەڵ دەوڵەت بوون، دەوڵەت خەریک بوو دۆستی نەمێنن لە باکووری کوردستان. بۆیە بڕیاری دا ئۆپەراسیۆنی سەربازی بکات، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدا گروپی چەکداری لە باکووری کوردستان دروست ببێ.

**ڕووداو: بۆچی پەکەکە سووریای هەڵبژارد؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** پەکەکە هێزێکی چەپ بوو، شۆڕشی فەلەستین وەک ناوەندێکی شۆڕشەکانی جیهان بوو. پەکەکە دوو ڕێگەی لەبەردەم بوو، بچێتە شاخەکانی باشووری کوردستان یان بچێتە فەلەستین. وەکو پێشتریش باسمکرد، پەکەکە هێزێکی سۆسیالیست بوو. کوردایەتی خستبووە خزمەتی سۆسیالیزم، نەک سۆسیالیزم لە خزمەتی کوردایەتیدا بێ. ئەگەر سۆسیالیزمی خستبایە خزمەتی کوردایەتی، دەبوو بچێتە باشووری کوردستان. بۆ ئەوەی کوردایەتی بخاتە خزمەتی سۆسیالیزم، باشترین مەیدان بۆ پەکەکە فەلەستین بوو.

**ڕووداو: پێش ئەوەی ئۆجەلان بچێتە سووریا، پەکەکە هیچ پەیوەندییەکی بە شۆڕشی فەلەستینەوە هەبوو؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** پەیوەندییەکە زیاتر لە ڕێگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە سووریا دروستبوو. پەکەکە لە ڕێگەی ئەو هێزەوە لە نێوان لوبنان و تورکیا و سووریا هاتوچۆی دەکرد. ئەو پەیوەندییەش لەگەڵ شۆڕشی سووریا هەر لە ڕێگەی یەکێتییەوە بوو. بەو شێوەیە پەکەکە لە ڕێگەی شۆڕشی فەلەستینەوە ئامادەکاری خۆی بۆ شەڕی چەکداری کرد و کادرەکانی پەروەردە کرد، هەم لە رووی سیاسی هەم لە رووی عەسکەری.

**ڕووداو: بۆچی پەکەکە چووە سەر ئاغاکانی عەشیرەتی بوجاک؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** ئەو شەڕە ساڵی 1979 بوو، عەشیرەتی هەرە گەورە بە تایبەتی لە ئورفا

> یەکەم کەس کە بە پەکەکەی گوت تیرۆریست، کەمال بورقای بوو

عەشیرەتی بوجاک بوو، پێش عەشیرەتی بوجاک، پەکەکە شەڕی لەگەڵ عەشیرەتی سولەیمانی کرد. ئەو عەشیرەتە سەرکردەیەکی پەکەکەیان بەناوی خەلیل چاوگون شەهید کرد، بۆیە پەکەکە ویستی وانەیەک بداتە عەشیرەتەکان جارێکی دیکە جەسارەت نەکەن ئەندامی پەکەکە بکوژن. پەکەکە گەیشتبووە ئەو باوەڕەی ئەگەر عەشیرەتەکان لاواز نەکات، ناتوانێ لە کوردستان شۆڕش بکات. بۆیە شەڕی لە دژی عەشیرەتی بوجاک هەڵگیرساند کە پێگەیەکی گرنگیان لە دەوڵەتدا هەبوو.

**ڕووداو: ساڵی 1980 کودەتای سەربازی لە تورکیا ڕوویدا، چ کاریگەرییەکی لەسەر پەکەکە هەبوو؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** سەرەتای ساڵانی حەفتاکان، بە سەرەتای سەرهەڵدان و دروستبوونی گروپی نەتەوەیی دادەنرێ. هەر لە پەکەکەوە بگرە تا دەگاتە رزگاری، ئاڵای رزگاری، کاوە، ڕێگەی ئازادی و زۆر گروپی دیکە. ئەگەر بەو شێوەیە

> یەک زەڕە دیموکراسی لەنێو پەکەکەدا نییە

بەردەوام بوونایە، کوردستان لە ڕێگەی ئەو گروپانە لە تورکیا جیادەبوووەوە. کورد کەوتبووە سەر ڕێگایەکی تازە، لە دەوڵەت دووردەکەوتنەوە. هۆکاری یەکەمی کودەتاکەش بزافی نەتەوایەتیی کورد بوو. گروپێکی وەکو ڕێگای ئازادی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە شارەوانی ئامەدی بردەوە. لە ئورفا کەسێکی نەتەوەیی بووە سەرۆکی شارەوانی. لە باتمان کەسێکی نزیکی پەکەکە بووە سەرۆک شارەوانی. بەو جۆرە کوردستانیبوونێک لە باکووری کوردستان دەستی پێکردبوو، خەڵک بەرەو نەتەوەیی دەچوو، دەوڵەتیش دەیگوت ئەگەر ڕێگری نەکەم، کورد لە دەوڵەت جیادەبنەوە.

**ڕووداو: بۆچی ئەو هەموو کادیرەی پەکەکە دەستگیرکران، ئایا ئەوکات ئیعترافچی هەبوون لە نێو پەکەکە؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** کە پەکەکە دروستبوو، دەوڵەت لە زۆر شوێنان ئۆپەراسیۆنی کرد، شاهین دۆڵمز ئەندامی سەرکردایەتی پەکەکە دەستگیرکرا. ئەو خەڵکی دێرسیمە. هەر کەسێکی ناسیبێ ناوەکەی دایە دەوڵەت. بۆیە پەکەکە بڕیاری دا لە تورکیا بچێتە دەرەوە. لە سەرەتای بەهاری 1979 سەرۆکی پەکەکە و ژمارەیەکی زۆر لە کادیرانی پەکەکە ڕوویان لە لوبنان کرد. بەهۆی ئیعترافاتەکانی شاهینەوە زۆر کادیری پەکەکە دەستگیرکران، لەوانە مەعسوم دوغان، محەممەد خەیری دورموش و زۆر کادیری دیکە.

**ڕووداو: زۆر باسی قارەمانێتی و بەرخودانی زیندانی ئامەد دەکرێ، شایەتیی چیت هەیە لەسەر ئەو زیندانە؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** هەموو هەوڵی تورکیا ئەوە بوو تۆ نکۆڵی لە کوردبوونی خۆت بکەی، خەڵکی زۆر دەستگیرکران. کەسانی زۆر بێویژدان کرانە بەرپرسی گرتووخانەی ئامەد. هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجە لەسەر زیندانیانی زیندانی ئامەد تاقیکرانەوە. ئەشکەنجەیەکی بێسنوور لەو زیندانەدا هەبوو. ئیعازی شۆڕشیش ئەوە بوو کە بەرگەی ئەو ئەشکەنجەدانە بگرن. کەسێکی وەکو مەعسوم دۆغان لە نەورۆزی ساڵی 1982دا سەلماندی کە بە هەڕەشە لەسەر ژیانی ئەوان، واز لە دۆزەکەیان ناهێنن، هەر بۆیە بە دەستی خۆی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. زۆر کەسێکی دیکە جگە لەو ڕێگایەی دۆغان هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان شک نەبرد بۆ پارێزگاری لە بیروباوەڕەکەیان. محەممەد خەیری دورموش، کەمال پیر، عەلی چیچەک، عاکیف یڵماز، لە نێو زیندان مانیان لە خواردن گرت و مردن.

**ڕووداو: پەیوەندی پەکەکە لەگەڵ سووریا چۆن دروستبوو، ئایا ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەت بوو؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** دوای کودەتای 1980 هەموو گروپە شۆڕشگێڕەکان بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕان کە لە تورکیا دەربچن. تاکە ڕێگەش سووریا بوو، ئەوان دەچوونە نێو شۆڕشی فەلەستین بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن. هەموو گرووپەکانیش هاتن. ئەوکات 250 ئەندامی پەکەکە لە تورکیا دەرچوون. دواتر پەکەکە لە کۆنگرەی دووەمیدا لە ساڵی 1982 بڕیاری دا دەست بە خەباتی چەکداری بکات و بگەڕێتەوە تورکیا.

**ڕووداو: ئەوکات کەمال بورقای و کۆمەڵێک کەسی دیکە هاتنە سووریا، بۆچی نەیانتوانی بەرەیەکی کوردی دروست بکەن، دەڵێن خەتای پەکەکە بوو کە کەسی قبوڵ نەدەکرد؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** بیروبۆچوونی هەردوو هێز جیاواز بوو. بورقای کە هاتە مەیدانەکە و هەندێک ئامادەکاری کرد، زانی ئەو ناتوانێ شەڕ بکات، بۆیە لەگەڵ شەڕ نەبوو. پەکەکەش خۆی بۆ شەڕ ئامادەکردبوو. بەلای کەمال بورقایەوە چەکهەڵگرتن بەرامبەر دەوڵەت کارێکی تیرۆریستی بوو، یەکەمین کەسیش بوو کە لە تورکیا پەرتووکی لەسەر تیرۆریزم نووسی. ئەوەی یەکەمجار بە پەکەکەی گوت تیرۆریست کەمال بورقای بوو. پەرتووکەکەی بەناوی شۆڕشگێڕی یان تیرۆریزم بوو. بورقای بەو پەرتووکە ڕێگەی لە هەموو ڕێککەوتنێک گرت.

**ڕووداو: لە کۆنگرەی دووەمی پەکەکە لە ساڵی 1982 هەموو هێز و دەسەڵاتی پەکەکە درایە دەست بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ئەو خۆی ئەمەی ویست؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** پەکەکە لەدوای کودەتای سەربازی 250 کادیری خۆی بردە لوبنان، خۆی پەروەردەی سیاسی پێدەدان، دوو ساڵ ئامادەکاری کرد. ئەوکات لە نێو هەموو گروپەکان دوو بیرکردنەوە هەبوو: بیرکردنەوەیەک پێیوابوو کاتی

> دوران کاڵکان هۆکاری شەڕەکەی نێوان پەکەکە و حیزبی شیوعی بوو

خەباتی چەکداری نییە، هەندێکیش دەیانگوت دەبێ دەمودەست بگەڕێینەوە تورکیا و دەست بە خەباتی چەکداری بکەین. لەنێو پەکەکەش ئەم دوو جۆرە بیرکردنەوەیە هەبوو. چەتین گونگوڕ کە لە سەرکردایەتی پەکەکەدا بوو دەیگوت کاتی خەباتی چەکداری نییە، بەڵام ئۆجەلان گوتی ئەوەی بچێتە ئەوروپا خائینە و دژی شۆڕشە. پێویستە بەزووترین کات بگەڕێینەوە کوردستان و دەست بە خەباتی سیاسی و سەربازی بکەین. 90%ی کادیرانی پەکەکە لەگەڵ ئۆجەلان بوون. ئەوکات مەترسی هەبوو خەڵک لە شۆڕش دووربکەوێتەوە، بۆیە هەموو کادیرانی سەرەکیی پەکەکە بڕیاریان دا ئیرادەی خۆیان تەسلیمی ئۆجەلان بکەن. ئۆجەلان بە سەرۆکی خۆیان بزانن و هەموو دەسەڵاتی خۆیان بدەنە ئۆجەلان.

**ڕووداو: ئۆجەلان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دیاری کرد؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** نزیکەی 100 کەس بەشداریان لە کۆنگرەدا کرد، کۆنگرە 15 ڕۆژی

> گەورەترین هەڵەی پەکەکە، ڕێککەوتن بوو لەگەڵ چەپەکانی تورکیا

> باشترین مەیدان بۆ پەکەکە شۆڕشی فەلەستین بوو

خایاند. من ئەوکات لە مەتبەخ ئیشم دەکرد. یان پاسەوان بووم. منیش ئەندامی کۆنگرە بووم، دوای ئەوەی ئیشەکانی خۆم تەواو دەکرد، دەچوومە نێو کۆنگرە. لەوێ هەموو گوتیان با ئەو لە جیاتی ئێمە بڕیار بدات کێ دەکات بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

**ڕووداو: چارەنووسی چەتین گونگوڕ (سەمیر) چی بەسەرهات؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** سەمیر لە سوێد لەلایەن پەکەکەوە کوژرا. ئەمە لوتکەی کوشتن بوو لە نێو پەکەکە. کەسێکی دیکەش لەگەڵ ئەو کوژرا. بۆیە دەتوانم بڵێم دکتاتۆرییەت لە نێو پەکەکە بەهۆی ئەو کۆنگرەیە و ئەو چالاکییە بەرەوپێش چوو.

**ڕووداو: دەگوترێ پەیوەندی پەکەکە لەگەڵ سووریا لە ڕێگەی جەمیل ئەسەد، برای حافز ئەسەد بووە، ئەگەر بۆ مێژوو باسی بکەی، ئۆجەلان حافز ئەسەدی بینیوە؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** بەڵێ ڕاستە، بەڕێز ئۆجەلان ڕۆژانە لەگەڵ جەمیل ئەسەد لە پەیوەندیدا بوو. دەشڵێن دووجار حافز ئەسەدی بینیوە.

**ڕووداو: مەرجی سووریا بۆ هاوکاریکردنی پەکەکە چی بوو، ئێوە چ داواکارییەکتان لە سووریا هەبوو؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** بەشێک لە خاکی سووریا لەبندەستی تورکیادا بوو. سووریا دەیویست بە ڕێگایەک ئەو خاکەی خۆی وەربگرێتەوە. هیچ ڕێگەیەکی نەبوو جگە لە شەڕ. بۆیە پشتگیری ئۆپۆزیسیۆنی تورکیای دەکرد. پەیوەندی لەگەڵ هەموو گروپە شۆڕشگێڕەکانی تورکیا هەبوو، بەڵام تەنیا پەکەکە ئامادەبوو شەڕی تورکیا بکات. سووریا لەڕێی پەکەکەوە شەڕی تورکیای دەکرد.

**ڕووداو: ساڵی 1982 لە کۆنگرە باسی گەڕانەوە بۆ وڵات دەکەن. ئەوکات بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان و کاک مەسعود بارزانی یەکدی دەبینن، پەیمانێک ئیمزا دەکەن. ئەو پەیمانە چی بوو؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** خاڵی لاوازی پەکەکە ئەوەبوو کە لە ناوچە سنوورییەکان خەڵکی نەبوو. خەڵکەکە زۆرتر لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانی بوون. هێزێک ئەگەر لە ناوچەیەکی وەکو بۆتان خەڵکی خۆی نەبێ ناتوانێ شەڕ بکات. بۆیە پەکەکە پێویستی بە دۆستایەتی لەگەڵ پارتی هەبوو. پەکەکە لە ڕێگەی شۆڕشی فەلەستینەوە خۆی پەروەردە کرد و دەیویست لە ڕێگەی پارتیشەوە شوێنی خۆی لە کوردستان بکاتەوە. بۆیە ئەو پەیماننامەیە لە نێوان پەکەکە و پارتی هاتە ئاراوە کە پەکەکە بێتە سەر سنووری باکوور و باشووری کوردستان.

**ڕووداو: پەکەکە تێڕوانینێکی تاکتیکی یان ستراتیژی هەبوو بۆ پەیماننامەکە؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** دواتر دەرکەوت هەنگاوێکی تاکتیکی بوو. پەکەکە خۆی بە نوێنەری چینی کرێکار دەزانی، پارتیشی بە نوێنەری چینی فیودالّ دەزانی. ئەمەش لەگەڵ ئایدۆلۆژیای پەکەکە نەدەگونجا کە پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ هێزێکی وەهادا هەبێ. بۆیە دوای ئەوەی شوێنی خۆی لەسەر سنوور و لە ناوچەی بۆتان قایم کرد، لە ساڵی 1984 پەیوەندییەکەی لەگەڵ پارتی تێکچوو.

**ڕووداو: لەگەڵ ئێرانیش جۆرێک لە پەیوەندی دروست بوو، کێ دروستی کرد؟ چۆن دروست بوو؟ تۆ خۆت لە ڕێگەی تارانەوە هاتیتەوە کوردستان.**

**عوسمان ئۆجەلان:** پەیوەندی پەکەکە پەیوەندییەکی هەرێمییە. پەیوەندی لەگەڵ ئەوروپا و ئەمریکا بە پێویست نەدەزانی، چونکە لە دیدی پەکەکەدا ئەوان ئیمپریالیست بوون. بۆیە زۆرتر پەیوەندی لەگەڵ سووریا و ئێران و تاڕادەیەکیش عێراق هەبوو. زۆر گرنگی بە پەیوەندی لەگەڵ ئێران و سووریا دەدا و بە پەیوەندییەکی ستراتیژی دەزانی. پەکەکە لە ساڵی 1984 پەیوەندی لەگەڵ ئێران دروستکرد. پێش ئێمە جەمیل بایک لەوێ بوو، ئەو پەیوەندییەکانی بەڕێوەدەبرد. دەتوانم بڵێم دامەزرێنەری پەیوەندیی نێوان پەکەکە و ئێران جەمیل بایکە. دوای دوو ساڵ من لە شامەوە بە فڕۆکە چووم بۆ تاران. من و خەلیل کایە کە دواتر پەکەکە کوشتی، لە تارانەوە بە ئۆتۆمبێل هاتینە ورمێ. ئەوکاتی ئێمە هاتین پەیوەندییەکە هەر هەبوو، بەڵام بەهێز نەبوو، ماڵێکی پەکەکە هەبوو، ئەندامانی لەو ماڵە بوون. زستانان پەروەردەیان دەبینی و کە بەهاریش دەهات دەچوونە سێکوچکەی سنوور.

**ڕووداو: باسی شەڕی نێوان پەکەکە و ئیسرائیل دەکرێ لە لوبنان، دەڵێن پەکەکە بەرگرییەکی زۆر بەهێزی کردووە، تەنانەت وەزیری بەرگریی ئەوکاتی ئیسرائیل کە هاتووەتە شوێنی شەڕەکە گوتوویەتی ڕێزم هەیە بۆ ئەوانەی لێرە کوژراون، گوتوویەتی خوێنی ئەوانەی لێرە ڕژاوە خوێنی عەرەب نییە..**

**عوسمان ئۆجەلان:** بەرگریی هەرە گەورە لە قەڵای شتکێف کرا. ئەوکاتەی ئێمە لەو قەڵایە بووین، چەندین تونێلمان لێدابوو. پاشان گروپێکی دیکە هاتنە شوێنی ئێمە. لەکاتی شەڕدا فەلەستینییەکان تاکتیکی خۆیان هەبوو، شوێنەکانی خۆیان چۆڵ دەکرد و دەچوونە نێو ئاوەدانی، بەڵام گەریلاکانی پەکەکە ئەو

> لە کۆنگرەی دووەمەوە دیکتاتۆرییەک لە نێو پەکەکەدا دەرکەوت

تاکتیکەیان نەدەزانی. لەگەڵ گروپێکی دیکەی شۆڕشگێڕی تورکیا بەرگرییان کردبوو. 24 سەعات سوپای ئیسرائیلیان ڕاگرتبوو. بەرخودانێکی باڵکێش بوو، بۆیە بەلای سوپای ئیسرائیلەوە ئەو بەرخودانە جێی سەرسوڕمان بوو، دواتر زانیبوویان ئەوانە عەرەب نەبوون، شۆڕشگێڕانی کورد و تورک بوون. من پێموایە پەکەکە هەڵە بوو کە شەڕی ئیسرائیلی کرد.

**ڕووداو: بەڕێز ئۆجەلان پەشیمان نەبوو لەو شەڕەی لەگەڵ ئیسرائیل کردی؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** بەڕێز ئۆجەلان کەسێکی

> ئەندازیاری پەیوەندیی پەکەکە و ئێران جەمیل بایک بوو

سۆسیالیستە. هیچ کات گوێمان لێ نەبووە بڵێت پەشیمانم لەو شەڕە. بەڵام لەلایەکی دیکەش کەسێکی پراگماتیستە، ئەگەر ئیسرائیل پەیوەندی لەگەڵ دروستکردبا، بیروبۆچوونی خۆی دەگۆڕی.

**ڕووداو: لە ساڵی 1984 پەکەکە دەستی بە شەڕی چەکداری کرد، ئەوکات کەس هەبوو لە نێو پەکەکە بڵێ کاتی شەڕی چەکداری نییە؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** پەکەکە زۆر گرنگی بە چەپەکانی تورکیا دەدا، ئەوان هێزی چەکداریان هەبوو.

خەباتی سەرەتای ئایدیۆلۆژیی پەکەکە لە دژی چەپەکانی تورکیا بوو. پێیدەگوتن سۆسیال شۆڤینی. شەڕەکە تەنیا ئایدیۆلۆژی نەبوو، گەیشتە ئەو ئاستەی چەکیان لە دژی یەکدی بەکارهێنا. بەڵام دوایی ئەمە گۆڕانکاری بەسەردا هات، بە تایبەتی دوای ئازادبوونی مستەفا قەرەسوو لە زیندان، هاوپەیمانی لە نێوان پەکەکە و چەپەکان دێتە گۆڕێ. بەڵام ئەوە هەڵە بوو. گەورەترین هەڵەی شۆڕشی کورد ڕێککەوتنی نێوان پەکەکە و چەپەکانی تورکیا بوو. ئەوانەی ئەو ڕێککەوتنەیان کرد تەنیا بۆ قایمکردنی پێگەی خۆیان بوو لە نێو پەکەکە.

**ڕووداو: بۆچی پەکەکە زۆرتر گرنگی بە خەڵکی گوندەکان دەدا، سەرەتا نەچووە نێو شارەکان؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** پەکەکە بۆ خۆی قوتابخانەیەکە. لە نێو پەکەکە یەک زەڕە دیموکراسی نییە. ئەگەر پەکەکە لە شوێنێک بێ، حەز ناکەم لەوێ بژیم، بەڵام پەکەکە هێزێکی پەروەردەییە، بە گوێرەی بیروبۆچوونی خۆی شکڵ دەداتە مرۆڤ. پەکەکە هێزێکی پەروەردەییە، پاشان سەربازی و سیاسی.

**ڕووداو: ساڵانی هەشتاکان شەڕی ناوخۆ لە باشووری کوردستان ڕوویدا. پەکەکە پشتگیری کێی دەکرد؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** پەکەکە هەتا ساڵانی نەوەتەکان لە نێو سیاسەتی باشووری کوردستاندا نەبوو. دوای نەوەتەکان دەستی بە خەباتی سیاسی کرد لە باشووری کوردستان.

**ڕووداو: بەڵام لە هەشتاکان لەگەڵ حیزبی شیوعی بەشەڕهات؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** شەڕێکی بێ وەخت بوو، ئەوکات لە نێو پەکەکە کەسی چەپ هەبوون، ئەوان بارودۆخی باشووری کوردستانیان لەبەرچاو نەدەگرت، بۆیە شەڕێکی ناپێویستیان کرد لەگەڵ شیوعی. ئەوەی ئەو شەڕەشی هەڵگیرساند بەڕێز دوران کاڵکان بوو کە کورد نییە و لە نێو پەکەکەدا نوێنەرایەتی چەپی تورکان دەکات.

**ڕووداو: بەڵام دوو ئەندامی پەکەکە لە باشوور کوژران..**

**عوسمان ئۆجەلان:** ڕاستە، (محەممەد قەرەسوو و ئیبراهیم بلگین) بۆ ناوبژیوانی یەکێتی و شیوعی هاتبوون. من پێموایە ئەوەش زێدەڕۆییەک بوو. ئەوکات پەکەکە ئەو هێزە نەبوو نێوبژیوانی لە نێوان هێزەکانی دیکە بکات.

ئابووری
ڕووداو
ژمارە (524) – دووشەممە 2018/10/8



## لە بەیروت دوو هەنگەوانی کورد خەڵاتکران

**ڕووداو- بەیروت**

ڕۆژی 2018/10/7 کۆنگرەی هەنگەڤانانی وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقی لە بەیروتی پایتەختی لوبنان کۆتاییهات و هەنگەڤانانی کورد لە هەنگوینی شانە و هەنگوینی پاڵێوراو خەڵاتی یەکەمیان بردەوە. محەممەدی هەنگەڤان، یەکێک بوو لەو کەسانەی کە خەڵاتی یەکەم و زێڕینی کێبڕکێیەکەی لە جۆری هەنگوینی پاڵێوراو بردەوە بە (ڕووداو)ی گوت :"زۆر خۆشحاڵم بۆ ئەم خەڵاتە، نەک تەنها بۆ شەخسی خۆم، بەڵکو بۆ کوردستان". هەروەها بارزان، کە خەڵاتی یەکەم و زێڕینی لە جۆری هەنگوینی شانە بردەوە، گوتی :"سەلماندمان کە باشترین هەنگوینمان هەیە لە کوردستان، لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقی".

## نرخی کیلۆیەک بووەتە 2000 دینار

# ئێران نرخی تەماتە لە هەرێمی کوردستان بەرز دەکاتەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو – هەولێر**

بەهۆی قەدەغەکردنی هاوردنی تەماتە بۆ هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە، لە دوو هەفتەی ڕابردوودا نرخی تەماتە لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە هێشتا بەرهەمی ناوخۆ لە بازاڕدا ماوە، بەڵام بازرگانان بۆ شارەکانی عێراق هەناردەی دەکەن.

بەهۆی ئەو گەمارۆ ئابوورییانەی لەلایەن ئەمریکاوە خراونەتە سەر ئێران، تمەن بەهای خۆی زۆر لە دەستداوە، ئەمەش بەرزبوونەوەی نرخ و هەڵاوسانی بازاڕی بەدوای خۆیدا هێناوە. بەرپرسانی کۆماری ئێران بۆ ئەوەی ڕێگە لە زیاتری هەڵاوسان بگرن، هەناردنی زۆربەی جۆرەکانی خۆراک و سەوزەو و میوەیان قەدەغەکردووە. لەسەر سنوورەکانیش ئاگاداریان بۆ گەشتیارانی عێراق و هەرێمی کوردستان هەڵواسیوە کە بە هیچ جۆرێک خۆراک و سەوزە و میوە لەگەڵ خۆیان نەبەنەوە.

یەکێک لەو سەوزانەی ئێران قەدەغەی کردووە لە وڵاتەکەی بچێتە دەرەوە تەماتەیە، ئەمەش بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخەکەی لە هەرێمی کوردستان.

سەلام پۆلیس، خاوەنی نووسینگەی دەشتی هەولێر بۆ کڕین و فرۆشتنی سەوزە و میوە لە گومرگی هەولێر دەڵێت :"بەهۆی ڕێگری ئێران لە هاوردەکردنی تەماتە بۆ هەرێمی کوردستان لەدوو هەفتەی ڕابردوو نرخی تەماتە لەگومرگەکانی کوردستان لە 350دینارەوە بۆ 1،350 بەرز بووەتەوە. بەگوێرەی خواست و خستنەروو و کوالێتی تەماتەکەش ڕۆژانە نرخەکەی لە بەرزبوونەوە و دابەزین دایە". بە گوتەی سەلام بەهۆی زۆری خواست و کەمی بەرهەم ماوەی دوو هەفتەیە نرخی تەماتەی باش لە 1،150 دانەبەزیووە و ڕۆژی واش هەیە دەگاتە سەرووی 1.350 لە دەرەوەی گومرگیش بەقاڵەکان بە 1500 تاوەکو 2000 دینار دەیفرۆشن.

ئێستا لەگومرگەکانی هەرێمی کوردستان بەبڕی کەم تەماتەی خۆماڵیی ژێر خانووی پلاستیکی و پێنجوێن هەیە، تەماتەی ئێرانیش بەبڕی زۆر کەم هەیە کە بە قاچاخ لەژێر بەرهەمی دیکە لە ئێرانەوە دێت، ئەوەی هەیە زیاتر تەماتەی تورکییە کە نرخی لە تەماتەی ئێرانی زیاترە.

سەلام پۆلیس دەڵێت "لەهەرێمی کوردستان هێشتا بەرهەمی خۆماڵیی تەماتە ماوە بەتایبەتی لە پێنجوێن و هەندێ شوێنی دیکە بەرهەمێکی باش هەیە، ئەگەر ڕەوانەی شارەکانی عێراق نەکرێت و لەگەڵ ئەو بەشەی لە تورکیا و ئێرانەوە دێت بگاتە گومرگەکان نرخ وا بەرز نابێتەوە، بەڵام ئێستا زۆوربەی جوتیارانی پێنجوێن هەر لەکێڵگەوە بەرهەمەکەیان بە بازرگانانی عەرەب دەفرۆشن و پارەی باشییان بۆ دەکات ، بۆیە بەرهەمی تەماتەی خۆماڵی لە گومرگەکان زۆر کەمبووە".

ڕۆژانە بەدەیان لۆری تەماتە لە پێنجوێنەوە دەچێتە شارەکانی عێراق. عەزیز محەممەد، جوتیارێکی گوندی ڕاوگانی سەر بەقەزای پێنجوێنە، ئەمساڵ 5 دۆنم تەماتە چاندووە و ڕۆژانە 4 تۆن بەرهەمی هەیە. عەزیز دەڵێت :"ئەم جۆرە تەماتەی من چاندوومە لە جۆری بەلەمییە بەرگەی گواستنەوەی بۆ شوێنی دوور ناگرێ، بۆیە زیاتر لە گومرگی سلێمانی دەیفرۆشم ، پێشتر کیلۆی 250 تاوەکو 350 دیناری بۆ ئێمە دەکرد، بەڵام ئێستا بەهۆی قەدەغەکردنی هاوردەی تەماتەی ئێران ، نرخی بەرزبووەتەوە کیلۆیەک بە 1350 دینار دەفرۆشین".

عەزیز محەممەد ئاماژەی بەوەدا ئێستا زۆربەی جوتیارانی پێنجوێن تەماتەکانیان بە بازرگانانی عەرەب دەفرشن، بۆ ئەم مەبەستەش گومرگێکی کاتی لە پێنجوێن کراوەتەوە، ڕۆژانە نزیکەی 100 لۆری تەماتە لەو گومرگەوە دەچێتە شارەکانی عێراق. تەنانەت هەندێک لە بازرگانە عەرەبەکان هەر لەسەر کێڵگەی تەماتەی جوتیاران دەکڕنەوە.

عەزیز محەممەد دەڵێت "هەندێ جوتیار هەیە لەپێنجوێن تازە دەستی بە ڕنینی کێڵگەکەی کردووە، بۆیە ئەگەر سەرما لە تەماتەکەی نەدا، تاوەکو کۆتایی مانگی داهاتووش بەرهەمی تەماتە لە پێنجوێن دەمێنێ".

بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی، پێشتر وەزارەتی کشتوکاڵ، لە 15 حوزەیران تاوەکو 15 تشرینی یەکەم 350 دینار ڕەسمی گومرگی دەخستە سەر یەک کیلۆ تەماتەی هاوردەکراو، بەڵام چەند ڕۆژێکە ئەو ڕەسمە هەڵگیراوە بۆ ئەوەی نرخی تەماتە زۆر بەرز نەبێتەوە.

حوسێن حەمە کەریم، بەڕێوەبەری گشتی دارستان و پاوان و باخداری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ، دەڵێت :"بۆ دابەزاندنی نرخ لە 28ی ئەیلولەوە ڕەسمی گومرگیمان لەسەر تەماتە هەڵگرتووە، هانی بازرگانانمان داوە بۆ پرکردنەوەی پێویستییەکان تەماتە لەتورکیا هاوردە بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی خواست زۆرتر لەسەر تەماتەی ئێرانییە و نرخی تەماتەی تورکیش بەرزە، بۆیە نرخ دانەبەزیوە".

بۆچی ڕێگری لە ناردنی تەماتە بۆ شارەکانی عێراق ناگیرێ؟ حوسێن حەمە کەریم گوتی :"لەبەر ئەوەی سنوورەکانمان لەگەڵ شارەکانی عێراق کراوەیە، ئاڵوگۆڕی بەرهەم لەنێوانماندا هەیە، بۆیە ناتوانین ڕێگری لە جوتیارانمان بکەین تەماتە بە بازرگانانی عەرەب نەفرۆشن".

بەپێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ، بەرهەمی تەماتە لەدووساڵی ڕابردوو بە بەراورد بە دوو ساڵی پێشتر بەرێژەی 25% زیادبووە، بەڵام ئەم زیادبوونە لە ئاست پێویستی ناوخۆدا نییە، ساڵانە هەرێمی کوردستان نیوەی ئەو تەماتەیەی دەیخوات هاوردەی دەکات، بۆ نمونە ساڵی ڕابردوو بەرهەمی کێڵگەکانی ناوەخۆ 83 هەزار تۆن بووە بۆ پڕکردنەوەی پێویستیش زیاتر لە87 هەزار تۆن تەماتە لە ئێران و تورکیا هاوردەکراوە.

حوسێن حەمە کەریم، دەڵێت :"زیاتر لە 17 هەزار خانوی پلاستیکیمان هەیە دەتوانین چوار وەرزی ساڵ بەرهەممان هەبێت ، بەڵام گرفتی تێچووی بەرهەممان هەیە، چونکە چاندنی تەماتە لەنەمامەوە تا دەگاتە بەرهەم پێویستی بە 90 تاوەکو 120 ڕۆژ هەیە، هەروەها ئەم ماوەیە پێویستی بە دەرمانی قڕکەری مێرووە زیانبەخشەکان و پەینی کیمیایی هەیە، بەمەش تێچووی زۆر لەسەر جوتیاران دەکەوێت و ناتوانن کێبڕکێی بەرهەمی هاوردە بکەن، بۆیە جوتیاران لە چاندنی تەماتە لەژێر خانووی پلاستیکی دوورکەوتوونەتەوە ناچارین لەوەرزی زستان پشت بەبەرهەمی هاوردە ببەستین ".

> ناتوانین ڕێ لە ناردنی تەماتە بۆ شارەکانی عێراق بگرین
>
> وەزارەتی کشتوکاڵ

> ڕۆژانە 100 لۆری تەماتە لە پێنجوێنەوە دەچێت بۆ شارەکانی عێراق
>
> جوتیارێک



هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 166 هەزار تۆن تەماتە هەیە (فۆتۆ: ڕووداو)

# خێری پیشەسازیی چاپ لە کوردستان بۆ چاپخانەکانی ئێران دەڕوات

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو – هەولێر**

بەهۆی دابەزینی بەهای تومەن، نووسەران و خانەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە کتێبەکانیان لە چاپخانەکانی ئێران چاپ دەکەن، خاوەنی چاپخانەکانی کوردستان دەڵێن بەو هۆیەوە بازاڕیان کز بووە، چونکە ناتوانن لە نرخی چاپدا کێبڕکێی چاپخانەکانی ئەوێ بکەن.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کە ژمارەی سپاردن دەداتە کتێب، لە 9 ساڵ و 10 مانگی ڕابردوودا 23 هەزار و 836 کتێب لە هەرێمی کوردستان چاپکراون، ساڵی زێڕینی چاپکردنی کتێبیش 2013 بووە کە 2.921 کتێب چاپکراون، کەمترین کتێبیش لەساڵی 2015 چاپکراون کە تەنیا 1.988 کتێب بوون.

لە داتاکەی وەزارەتی ڕۆشنبیریدا دەردەکەوێت، قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر دابەزینی چاپی کتێب هەبووە، بەجۆرێک لەساڵی 2014 دا بەراورد بە ساڵی 2013 بەرێژەی نزیکەی 27% چاپکردنی کتێب دابەزیوە، بەڵام لە ساڵی ڕابردووەوە جووڵەیەک کەوتووەتەوە نێو پیشەسازیی چاپ.

سەرباز جەوهەر، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، دەڵێت: "بەهۆی باشبوونی بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان ماوەی دوو ساڵە گەشەیەک لەچاپکردنی کتێبدا هەیە، بەڵام بەهۆی جیاوازی لە کوالێتی و نرخ، بەشێک لە وەرگێڕ و نووسەران کتێبەکانیان لە چاپخانەکانی دەرەوە، بەتایبەتی لە ئێران چاپ دەکەن".

ناوەندی ئاوێر، یەکێکە لە ناوەندە چالاکەکانی بواری چاپکردنی کتێب، لە 15 ساڵی ڕابردوودا 1200 کتێبی چاپ و بڵاوکردووەتەوە، زۆربەی کتێبەکانی لە چاپخانەکانی هەولێر چاپ کردووە، ئێستاش 20 کتێبی ئامادەن بۆ چاپ.

حەسەن عالی، بەڕێوەبەری ناوەندی چاپ و بڵاوکراوەی ئاوێر، دەڵێت: "بەهۆی دابەزینی بەهای تومەن، نرخی چاپ لە ئێران زۆر هەرزان بووە و نیوەی نرخی چاپە لە کوردستان، بۆیە زۆربەی خانە و ناوەندەکانی چاپ لە کوردستان کتێبەکانیان لە ئێران چاپ دەکەن".

حەسەن لەو باوەڕەدایە نیوەی ئەو پەرتووکانەی ئەمساڵ ژمارەی سپاردنیان پێدراوە لە ئێران چاپکراون. دەشڵێت: "حکومەتی ئێران بۆ ئەوەی هەلی کار بۆ خەڵک بڕەخسێنێ، ڕێگرییەکی ئەوتۆ ناکات لە چاپکردنی کتێب".

سەرەڕای چاپکردنی ژمارەیەکی زۆری کتێب، بەڵام حەسەن عالی دەڵێت فرۆشی کتێب وەکو پێویست نییە، ئەگەرچی بەردەوام داشکاندن لە نرخی کتێب دەکەن. کۆگاکەی حەسەن زیاتر لە 5000 کتێبی نەفرۆشراوی تێدایە.

بەشێکی زۆر لەو کتێبانەی لە کوردستان چاپدەکرێن، کتێبی وەرگێڕدراون، ئەمەش بازاڕی وەرگێڕەکانی خۆش کردووە.

فەیسەڵ خەلیل کە 22 کتێبی لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی، دەڵێت: "بەهۆی هەرزانیی نرخی چاپ لە ئێران، کتێبفرۆشەکان هەر کتێبێک چاپ بکەن قازانج دەکەن، بۆ نموونە کتێبێکی قەبارە مامناوەندی 100 لاپەڕەیی ئەگەر بەتیراژی هەزار دانە چاپ بکرێت، تێچووەکەی نزیکەی 850 هەزار دینارە، بۆیە ئەگەر دانەی بە 2000 دینار بفرۆشن، زیاتر لە ملیۆنێک دینار قازانج دەکەن".

نرخی وەرگێڕانی لاپەڕەیەک بە گوێرەی ڕێککەوتنی نێوان وەرگێڕ و دەزگاکانی چاپ لە نێوان 2 – 4 هەزار دیناردایە، بەڵام فەیسەڵ دەڵێت: "هەندێک وەرگێڕ تەنیا بۆ ئەوەی ناوبانگ دەربکەن، زۆر لەو نرخە کەمتر کاردەکەن. هەندێک مامۆستای زانکۆش نامەی ماستەرەکەیان بە خۆڕایی دەدەنە دەزگاکان بۆیان چاپ بکەن، بۆیە ئێستا دەزگاکان لە چاپکردنی کتێب زەرەر ناکەن".

فەیسەڵ خەلیل دەڵێت ئەگەرچی پیشەسازیی چاپ بوژاوەتەوە و و کوالێتی و دیزاینی کتێبەکان زۆر لە جاران باشترە، بەڵام ئەمە کاریگەری لەسەر ناوەڕۆک هەبووە.

ئەو دەڵێت: "چەندین کتێبی بێ ناوەڕۆک بە ناونیشانی گەورەوە کەوتوونەتە بازاڕ، کتێبخانە و ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەش بۆ ئەوەی نرخی وەرگێڕان کەمتر لەسەریان بکەوێت، کتێب دەدەنە هەموو کەس، تەنانەت کتێبی وا هەیە ناوی نووسەرەکەی و ناوی کتێبەکە خۆیشی بە هەڵە نووسراوە".

سۆران عەبدولڕەحمان تاودەر، سەرۆکی کۆمەڵەی چاپخانەکانی کوردستان و بەڕێوەبەری چاپخانەی شەهاب لە هەولێر، لەوبارەیەوە دەڵێت: "وڵاتانی دەوروبەر بەگشتی و ئێران بەتایبەتی بە بەرنامە کار بۆ هەرەسپێهێنانی پیشەسازیی کتێب و چاپەمەنی لە هەرێمی کوردستان دەکەن، بە نرخی زۆر هەرزان کتێب بۆ نووسەر و وەرگێڕ و دەزگاکانی کوردستان چاپ دەکەن، بەرپرسانی کوردستانیش بەبیانووی بازاڕی ئازاد هیچ هەنگاوێکیان بۆ ڕێگری لەم سیاسەتە نەناوە".

بە گوتەی سۆران عەبدولڕەحمان، دابەزینی نرخی تومەن کاریگەری بەرچاوی لەسەر بازاڕی ئەوان هەبووە و لە شەش مانگی ڕابردوودا بازاڕیان زۆر دابەزیوە.

ئەو مەرەکەب و کاغەز و پێداویستیانەی چاپخانەکان بەکاریدێنن، سەرجەمیان هاوردە دەکرێن، سۆران دەڵێت ئەوان ناتوانن لە نرخدا کێبڕکێی چاپخانەکانی ئێران بکەن.

ئەو پێشنیازێک بۆ حکومەت دەکات کە هەر کەسێک پەرتووکەکەی لە دەرەوە چاپ بکات، لە کاتی پێدانی ژمارەی سپاردن 50 تاوەکو 100 هەزار دیناری لێ وەربگیرێ.

بەڵام سەرباز جەوهەر دەڵێت: "بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان هیچ سانسۆر و چاودێرییەک لەسەر شوێنی چاپکردنی کتێب نییە، ژمارەی سپاردن بە هەموو کتێبێک دەدەین، بەمەرجێک ناوەڕۆکەکەی هانی توندوتیژی نەدات و کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان نەبێت".

لەڕووی زۆریی ژمارەی چاپکردنی کتێبەوە پارێزگای سلێمانی پشکی شێری بەردەکەوێت، لە دوو ساڵ و 10 مانگی ڕابردوودا 2.769 کتێب لەو پارێزگایە چاپکراون، دوای ئەویش پارێزگای هەولێر بەچاپکردنی 2.251 کتێب بەپلەی دووەم دێت، دهۆکیش بەچاپکردنی 708 کتێب بە پلەی سێیەم دێت.

سەرباز جەوهەر دەڵێت: "لەڕووی زۆریی وەرگرتنی ژمارەی سپاردن، پلەی یەکەم بەر کتێبە ئاینییەکان دەکەوێ، پلەی دووەم و سێیەمیش بەر کتێبە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکەوێت، بەڵام تێبینیمان کردووە لە 10 ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر کەم کتێبی منداڵان و ئابووری چاپکراون".



لە 10 ساڵی ڕابردوودا 24 هەزار کتێب لە کوردستان چاپکراون (فۆتۆ: ڕووداو)

**ژمارەی ئەو کتێبانەی لە دوو ساڵ و 10 مانگی ڕابردوودا چاپکراون**

| پارێزگا/ ساڵ | 2016 | 2017 | 10/2018 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 808 | 765 | 678 | 2.251 |
| سلێمانی | 961 | 1.040 | 768 | 2.769 |
| دهۆک | 237 | 255 | 216 | 708 |
| کۆی گشتی | 2.006 | 2060 | 1.662 | 5.728 |

بەگوێرەی ڕێککەوتنێکی نهێنی و بە ئاگاداریی ئەمریکا

# سعودیە و ڕووسیا بۆشایی ئێران لە بازاڕی وزەدا پڕدەکەنەوە

ڕووداو- هەولێر

سعودیە و ڕووسیا لە کۆبوونەوەکەی مانگی ڕابردووی جەزائیر ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی بەرهەمهێنانی نەوت بەرزبکەنەوە و پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەکانیش ئیدارەی ئەمریکییان لەو بڕیارە ئاگادار کردووە.

چوار سەرچاوەی ئاگادار بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)یان ڕاگەیاند کە خالد فالح، وەزیری وزەی سعودیە و ئەلێکساندەر نۆڤاک، وەزیری وزەی ڕووسیا دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوە، لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە لە نێوان مانگی ئەیلول بۆ کانوونی یەکەمی ئەمساڵ ئاستی بەرهەمهێنان بەرزبکەنەوە، ئەوکات نرخی یەک بەرمیل نەوت بەرەو 80 دۆلار بەرزدەبووەوە، بەهای نەوت لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا 85 دۆلاری تێپەڕاندووە و هەندێک لە چاودێران پێشبینی دەکەن تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ بگاتە نزیکی 100 دۆلار.

یەکێک لە سەرچاوەکان لەوبارەیەوە بە ئاژانسە بەریتانییەکە دەڵێ: "ڕووسەکان و سعودییەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە بەبێدەنگی نەوتی زیاتر بڕژێننە بازاڕەکانەوە، بۆ ئەوەی وەها دەرنەکەوێ کە لەسەر فەرمانی دۆناڵد ترەمپ (سەرۆکی ئەمریکا) بەرهەمهێنانیان بەرز کردووەتەوە".

لە چەند مانگی ڕابردوودا سەرۆکی ئەمریکا بەردەوام ئۆپێکی بەوە تۆمەتبار کردووە کە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخە. سەرچاوەیەکی ئاگاداری دیکە ئاشکرای دەکات کە "وەزیری وزەی سعودیە بە هاوتا ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە، سعودیە بەرهەمهێنان بەرزدەکاتەوە، ئەگەر کڕیارەکان داوای بکەن".

بەر لە کۆبوونەوەی جەزائیر لە کۆتایی ئەیلول، دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ڕیاز و مۆسکۆ بەنیازن 500 هەزار بەرمیل نەوتی دیکە زیاد بکەنە سەر ئاستی بەرهەمهێنانی ئۆپێک و 10 هاوپەیمانەکەی لە دەرەوەی ڕێکخراوەکە، بەڵام نارەزایەتیی ئێران و ڤەنزوێلا وایکرد بڕیاری کۆتایی بۆ کۆبوونەوەکەی کانوونی یەکەم هەڵگرن. دوای کۆبوونەوەکەی ئەیلول، سعودیە پلانێکی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لە نێوان 200 بۆ 300 هەزار بەرمیل داڕشت، بەرهەمهێنانی نەوتی ڕووسیاش بەبڕی 150 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبووەتەوە.

هەفتەی ڕابردوو، وەزارەتی نەوتی ئێران هەردوو حکومەتی ڕووسیا و سعودیەی بەوە تۆمەتبار کرد کە ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک پێشێل دەکەن، جەختی لەوەش کردەوە کە ئەو دوو وڵاتە ناتوانن بۆشایی بازاڕ بەهۆی سزاکانی ئەمریکا لەسەر کەرتی نەوتی ئێران پڕ بکەنەوە.

سەرچاوەیەک لە پیشەسازیی نەوتی ڕووسیا بە (ڕۆیتەرز)ی ڕاگەیاندووە "چاوەڕێ دەکەم بەرهەمی نەوتی ڕووسیا تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ لە نێوان 11.4 بۆ 11.6 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا هاتوچۆ بکات و لە ساڵی داهاتوودا بگاتە 11.8 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا". داتاکانی وەزارەتی وزەی ڕووسیا ئاماژەن بۆ ئەوەی حکومەتی مۆسکۆ لە مانگی ئەیلولدا ڕۆژانە 11.36 ملیۆن بەرمیل و لە مانگی ئابدا ڕۆژانە 11.21 ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە.

وەزیری وزەی ئەمریکا لە مانگی ئەیلولدا سێ جار لەگەڵ هاوتا سعودیەکەی و جارێک لەگەڵ هاوتا ڕووسییەکەی کۆبووەتەوە، بەڵام هیچ کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی لەنێوان وەزیرەکاندا بەڕێوە نەچووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ڕۆیتەرز)، فالح لە هەفتەی دووەمی مانگی ئەیلول گەشتێکی بۆ ئەمریکا کردووە، لەگەڵ ڕیک پێری، وەزیری وزەی ئەمریکا، یەکدییان بینیوە و لە ڕۆژی 10ی ئەیلول باسی بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوتیان کردووە. دوو ڕۆژ دوای ئەو کۆبوونەوەیە، پێری سەردانی ڕووسیای کردووە و لەگەڵ نۆڤاک کۆبووەتەوە. ڕۆژێکیش دوای ئەو کۆبوونەوەیە ئەوجار فالح لەگەڵ وەزیرە ڕووسییەکە کۆبووەتەوە.

دوای سەردانەکانی فالح و پێری بۆ مۆسکۆ، هەردوو وەزیرەکە جارێکی دیکە لە ڤیەننا یەکدییان بینیوە. سەرچاوەیەکی ئاگاداریش دەڵێ: "ئەو کات پێری دەیزانی ڕووسەکان بەنیازن بەرهەمهێنان بەرزبکەنەوە". لەو کاتەدا وەزیرانی نەوتی سعودیە و ڕووسیا بیریان لەوە دەکردەوە چۆن ئۆپێک و 10 هاوپەیمانەکەی لەوە ئاگادار بکەنەوە کە بەنیازن ڕۆژانە 500 هەزار بەرمیلی دیکە بخەنە بازاڕەکانەوە.

لای سعودییەکان بەرزکردنەوەی خێرای ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت پرسێکی هەستیارە، لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە دەکرێ نرخی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزێنێ و لەلایەکەی دیکەشەوە متمانەی هاوپەیمانەکانی لە ئۆپێکدا لەدەست بدات و وڵاتەکانی دیکەش چیدی پابەند نەبن بە ڕاگرتنی باڵانسی بەرهەمهێنانی نەوت. پاراستنی یەکڕیزیی ئۆپێک بەشێکە لە ستراتیژی سعودیە بۆ پاراستنی هاوسەنگیی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا.

بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕێککەوتنە ژێربەژێرەکەی سعودیە، ڕووسیا و ئەمریکا کاریگەریی گەورەی لەسەر نرخی نەوت دانا، ڕۆژی هەینی نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت زیاتر لە 2% لە چاو ڕۆژی چوارشەممە دابەزی و گەیشتە 84.31 دۆلار. نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت لە ڕۆژی چوارشەممە 86.74 دۆلار بوو کە بەرزترین نرخی نەوتە لە کۆتایی 2014ەوە تۆمار کرابێ.



ڕووسی و سعودییەکان ڕێککەوتوون بەبێدەنگی نەوتی زیاتر بخەنە بازاڕەوە

# گرنگیی کۆمپانیاکانی نەوتی نیشتمانی بۆ هەرێمی کوردستان

شەهریار شێخلەر

لەمێژە لە گرنگیی کۆمپانیاکانی نیشتمانیی نەوت لە وڵاتانی هەناردەکاری ئەو بەرهەمە دەکۆڵمەوە. لە بابەتێکی پێشتردا لە هەفتەنامەی (ڕووداو) باسمان لە گرنگیی ڕۆسنێفت و دەسکەوتەکانی کرد، بەڵام بەهۆی بابەتی دوو هەفتەی ڕابردووی برای خاوەن زانست و دڵسۆزم کاک عومەر ئەحمەد لە (ڕووداو) کە باسی هەنگاوەکانی حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان و ئەولەویاتەکانی لە بواری نەوت و گاز کرد و بابەتی دانانی کۆمپانیاکانی نەوتی KOMO، KNOC و KODOی هێنابووە بەرباس، لە درێژەی ئەو باسەدا چەند زانیارییەک بە داتا دەدەمە خزمەت خوێنەرانی (ڕووداو) سەبارەت بە ڕۆڵ و گرنگیی کۆمپانیای نیشتمانی بۆ بواری نەوت و گاز و قازانجەکانی دانانی ئەو جۆرە کۆمپانیایانە.

یەکەم وڵات کە بوو بە خاوەنی زۆرترین پشک لە کۆمپانیای نەوت و وەکوو کۆمپانیای نیشتمانی نەوت بەکاری هێنا بەریتانییەکان بوون لە ساڵی (1914)، پاشان لە 1922 ئەرجەنتینییەکان، لە 1938 مەکسیکییەکان کۆمپانیای نیشتمانیی خۆیان بۆ نەوت دامەزراند. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەناو وڵاتانی گەورەخاوەنی ئەو سامانە سروشتیە، ئێران یەکەم وڵات بووە بۆ بەنیشتمانیکردنی کەرتی نەوت لە ساڵی 1951، کوێت لە (1960) و سعودیە لە (1962) کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی خۆیان دامەزراند. هەڵبەت لەو ماوەیە بەرازیل (1953) و هیندستانیش (1956) کۆمپانیای نیشتمانیی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی نەوت و گاز دامەزراند. زۆربەی وڵاتانی دیکەی هەناردەکاری نەوتیش لەو ماوەیە کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتیان دامەزراندووە وەکوو ئیمارات، بەحرەین، ئیندۆنیزیا، نایجریا و دوایین وڵاتیش یوگاندا بوو کە لە 2015 دایمەزراند.

وەک زۆربەی وڵاتانی بەرهەمهێنەر و هەناردەکاری نەوت و گاز، لە یاسای کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانیشدا چەندین کۆمپانیای نیشتمانی بۆ بەڕێوەبردنی کێڵگەکانی تا ئەوکات (KNOC)، بەڕێوەبردنی کێڵگەی نوێ، بەشداری لە دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت و گاز (KEPCO) و فرۆشتن و بەبازاڕکردنی بەرهەمەکان (KOMO) و بەڕێوەبردنی خواروودەستی نەوت و گاز (KODO) باس کراون. من لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا یاسای کەرتی نەوت و گاز و بەرهەمهێنانی چەندین وڵاتم خوێندووەتەوە و بە شانازییەوە ئەو یاسایانەی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەو بوارانە دانراون زۆر پێشکەوتوون و پێویستە بە جێبەجێکردنیان هەنگاوی کۆتایی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو یاسایانە بهاوێژرێن.

## کۆمپانیاکانی نیشتمانی نەوت و گاز لە جیهان:

بەپێی یاسا و هەیکەلی ئابووریی وڵاتان و ئەوەی یاساکانی ئابووریی ئازاد یان ئابووریی دەوڵەت ڕەچاو دەکەن و تێڕوانینیان بۆ کەرتی نەوت و گاز چۆنە (وەک پیشەسازییەک یان سەرچاوەی داهات)، بەڕێوەبردن و پێگەی کۆمپانیاکانی نیشتمانیی نەوت و گاز لەو وڵاتانە جیاوازن.

لە وڵاتانی هەناردەکاری نەوت و گاز، یەک یان چەندین کۆمپانیای نیشتمانی بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز دامەزرێنراون کە زۆربەیان وەک کۆمپانیای تایبەت بۆ دۆزینەوە، هەڵکۆڵین (Drilling)، بەرهەمهێنان، گواستنەوە، بەبازاڕکردن و فرۆشتن کاردەکەن.

بۆ دەرخستنی کاریگەریی کۆمپانیاکانی نیشتمانیی نەوت و گاز لە وڵاتانی نەوتی، باسی چەند کۆمپانیایەکی نەوتی نیشتمانی و پێگەیان لە وڵاتەکانیان و جیهان دەکەین و گرنگیی دامەزراندنی ئەو کۆمپانیایانە زیاتر ڕوون دەکەینەوە:

### 1. کۆمپانیای ئارامکۆ (سعودیە):

لە ساڵی 1962 دامەزرێنراوە، هەرچەند بناغەکەی زۆر پێشتر و لە 1944 دانرابوو.

داتاکانی ئارامکۆ:

- بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نزیکەی 333 ملیار بەرمیل بەرمیل نەوتی یەدەگی سعودیەی لە ئەستۆیە کە لە پێنج گرەیدی جیاواز پێکهاتوون.
- توانای بەرهەمهێنانی ڕۆژانە 10 ملیۆن و 400 هەزار بەرمیل نەوتی خاوی هەیە
- توانای بەرهەمهێنانی تا 12.4 ملیار پێ سێجا گازی سروشتی هەیە.
- زیاتر لە 993 ملیار بەرمیل گازی سروشتیی شل (LNG) بەرهەم دەهێنێت.
- توانای بەرهەمهێنانی زیاتر لە 936 ملیۆن پێی سێجا ئێتانۆڵی هەیە کە بۆ پەترۆکیمیاوی و پێویستیی پیشەسازی بەکاردێت.
- خاوەنی زیاتر لە 21 هەزار کیلۆمەتر بۆڕی گواستنەوەی نەوت و گازە و نزیکەی 71 هەزار کارمەندی هەیە.
- زیاتر لە 22 هەزار کەسی پرۆفیشناڵ لە کۆرسەکانی ئەو کۆمپانیایە بەشدارییان کردووە و دەرچوون.
- 230 کەسی خاوەن بەهرە کە خاوەنی داهێنانی نوێن لە بواری نەوت و گاز، لەو کۆمپانیایە ئیش دەکەن.
- لە 13 شوێن لە سەرتاسەری جیهان و هەر پێنج کیشوەری زەوی ئۆفیسی هەیە (لە ژاپۆن تا ئەمریکا)
- 11 سەنتەری لێکۆڵینەوە و تاقیگەی لە سەرتاسەری جیهان هەیە (وەکوو بۆستن، دیترۆیت و هیوستن لە ئەمریکا، پاریس، ئابێردین لە ئەورووپا، بیجینگ لە چین)، هەروەها سەنتەری زەهران لە سعودیە کە تاقیگە و سەنتەری سەرەکی لێکۆڵینەوەی زانستیی کۆمپانیایە).
- چوار پاڵاوگەی تایبەت بە خۆی هەیە کە یەکیان لە هیوستنی ئەمریکایە.
- لە 10 پاڵاوگەی گەورە لە سەرتاسەری جیهان پشکی هەیە (شەش پاڵاوگە لەناو سعودیەن و چوار پاڵاوگەی دیکە لە ژاپۆن، کۆریای باشوور، چین و ماستریخت).
- خاوەنی حەوت تێرمیناڵی گەورەی هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتە لە کەناراوەکانی سعودیە کە توانای هەناردەکردنی ڕۆژانە زیاتر لە شەش ملیۆن و 800 هەزار بەرمیل نەوتیان لە ڕێگای دەریاوە هەیە.

هەڵبەت ئارامکۆ بۆ کۆکردنەوە و بەڕێبردنی ئەو سیستەم و سامانە لە ئەزموون و تەجروبەی کەسانی شارەزا لە سەرتاسەری جیهان کەڵک وەردەگرێت بە جۆرێک کە بۆردی بەڕێوەبەرایەتی ئارامکۆ لە 11 کەس پێکدێت شەشیان سعودی و پێنجیان لە بەڕێوەبەرانی پێشووی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهانن وەکوو IBM، سەنتەری ڕاوێژکاریی بۆستن (کە یەکێکە لە گەورە سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری لە بواری وزەی جیهان)، GE، بەیکرهیوز، شێڤرۆن و مافی دەنگدانی بەرامبەریان وەکوو سعودییەکان پێدەدرێت لە بەڕێوەبردن و بڕیاردان لە ئارامکۆ.

بەهۆی ئەو سیستەمی بەڕێوەبردنە کە دڵنیایی لە بەردەوامی درێژخایەنی سەرکەوتنەکانی ئارامکۆ دەدەن لە تەنیشت ئەو کۆمەڵە سامانی مرۆڤی و ماڵی و یەدەگی نەوتیە، نرخی ئارامکۆ بۆ نزیکەی 10 تریلیۆن دۆلار بەرزبووەتەوە کە یەکێکە لە بەنرخترین کۆمپانیاکانی جیهان.

### 2. کۆمپانیای ستات ئۆیڵی نەرویجی:

لە ساڵی 1972 و لەلایەن دەوڵەتی نەرویج بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوتی ئەو وڵاتە دامەزرێنراوە.

لە پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی نەوت لەناو نەرویج و دەرەوەی وڵات لە بەشەکانی باڵادەست، میدستریم، پاڵاوتن و بەبازاڕکردنی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکان، هەروەها لە داهێنانی تەکنۆلۆجیا و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی هەڵکۆڵین (درێلینگ)، دانانی سەرچاوەی نوێی وزە کار دەکات.

- حکومەتی نەرویج خاوەنی زیاتر لە 67%ی پشکەکانی ستات ئۆیڵە.
- سامانی ستات ئۆیڵ لە ساڵی 2017 بە زیاتر لە 111 ملیار دۆلار خەمڵێنراوە.
- کار و پرۆژەکانی ستات ئۆیڵ لە 30 وڵاتی جیهان بەردەوامە و لە هەر پێنج کیشوەرەکەی جیهان پرۆژەی دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت جێبەجێ دەکات.
- خاوەنی زیاتر لە پێنج ملیار بەرمیل یەدەگی نەوتی خاوە.
- توانای بەرهەمهێنانی نزیکەی دوو ملیۆن بەرمیل نەوت و گازی سروشتی لە ڕۆژێکدا هەیە.
- زیاتر لە 38 کێڵگەی گەورەی نەوت و گازی لە ناوچەی دەریای نەرویج لە دەستە.
- لە 14 کێڵگەی نەوت و گاز لە دەریای نەرویج، دەریای باکوور و دەریای بارێنت بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان ئیش دەکات.
- لە 10 پرۆژەی نەوت و گاز لە سەرتاسەری جیهان (بەتایبەت کیشوەری ئەمریکا، کیشوەری ئەورووپا و کیشوەری ئەفریقا) لەگەڵ کۆمپانیا بەناوبانگەکانی جیهان (وەکوو ئێکسۆن مۆبیل، بی پی، ئێنی، گاسکۆ هاوکاری هەیە و پشکەکەی لە 5 بۆ 51% لەو پرۆژانە جیاوازە.
- لە ساڵی 2014، کۆی داهاتی پێترۆناس لە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت و بەرهەمە نەوتیەکان زیاتر بووە لە 95 ملیار دۆلار.
- لە ساڵی 2017 نزیکەی 5.2 ملیار دۆلار قازانجی پوختی هەبووە.
- زیاتر لە 20 هەزار کارمەندی لە سەرتاسەری جیهان هەیە.

### 3. پێترۆناسی مالیزیایی:

لە ساڵی 1974 وەک کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی مالیزی دامەزرێنراوە.

نەوت و گاز کاری سەرەکیەتی و دروشمەکەی ئەوەیە کە نرخی ئەو سەرچاوە سروشتیە بەرز دەکاتەوە، واتا تێدەکۆشێت بە خاوی نەیفرۆشێت و هەر بەو هۆیەشەوە، زۆر لە کەرتی خواروودەست ئەکتیڤە و ئیش دەکات.

- لە زیاتر لە 70 وڵاتی جیهان چالاکی هەیە.
- لە 216 کێڵگەی نەوتی وشکانی و 383 کێڵگەی ناو دەریا کە لە 22 وڵاتی جیهانن لە هەر پێنج کیشوەر، کار و پرۆژەی هەیە.
- توانای پاڵاوتنی زیاتر لە 546 هەزار بەرمیل نەوتی لە ڕۆژێکدا هەیە
- 17 کارگەی بەرهەمهێنانی مەوادی کیمیاوی هەیە.
- خاوەنی دوو پلەنتی پەترۆکیمیاویە.
- لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا یەکەم کۆمپانیای بەرهەمهێنانی MTBE بوتانۆڵ، BGE و ئێتانۆڵە.
- لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دووەم گەورە بەرهەمهێنەرە لە ئامۆنیا، یوریا، بوتیل ئەسێتات.
- سێیەم بەرهەمهێنەری گەورەی ئێسۆکسیلات، MEG، LDPE یە
- 30 ئۆفیسی لە وڵاتانی جیهان هەیە بۆ بازاڕکردن و فرۆشتنی بەرهەمەکانی بەتایبەت ڕۆنی بزوێنەری ئۆتۆمبیل.
- لە ساڵی 2016 زیاتر لە 443 کەشتی گەورەی گازی سروشتی شل (LNG) ی بۆ موشتەریەکانی گواستووەتەوە.
- نزیکەی 50 هەزار کارمەندی لە سەرتاسەری جیهان هەیە کە 82%یان خەڵکی مالیزیان.
- گەشەی پێترۆناس و شێوازی سەرکەوتووی بەڕێوەبردنی ئەو کۆمپانیایە سەرنج و متمانەی زۆر کۆمپانیای جیهانی (وەکوو ئارامکۆ)ی ڕاکێشاوە بۆ ئەوەی پشک لە کۆمپانیا و پاڵاوگە و پەترۆکیمیاویەکانی سەر بە پێترۆناس بکڕن یان لە کۆمپانیاکانی هاوکار لە پێترۆناس وەبەرهێنان بکەن.
- سەرکەوتنی پێترۆناس لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی لە مالیزیا و پاشان لە وڵاتانی دیکە، زۆر وڵاتی خاوەن یەدەکی نەوت و گاز یان کۆمپانیا نەوتیەکانی هانداوە بۆ بانگهێشتکردنی پێترۆناس بۆ هاوکاری لە پرۆژەکانی دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت.

## قازانج و دەستکەوتی دانانی کۆمپانیا نیشتمانییەکانی نەوت:

دامەزراندنی ئەو کۆمپانیایانە سوودێکی زۆری بۆ وڵاتان هەیە کە لێرەدا بەشێکی باس دەکەین:

- ئاسانکاری بۆ دانانی بناغەی هاوکاری و ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئەزموون لەگەڵ کۆمپانیا پێشکەوتووەکانی جیهان.
- بەخۆماڵیکردنی زانیاری و تەکنۆلۆجی و ئاسانکاری بۆ گەیاندنی بە پیشەسازییەکانی دیکە.
- ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنی گرێبەستەکان لە چاو وەزارەت و دەزگاکانی حکوومەت.
- ئاسانکاری بۆ جۆینتبوون لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکە و دانانی کۆمپانیای نوێی هاوبەش.
- ئاسانکاری بۆ گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکانی جیهان لە ڕووی یاساییەوە، بەتایبەت کۆمپانیاکانی ڕۆژئاوا.
- ئاسانکاری بۆ پەرەپێدانی کۆمپانیا، سەرچاوەکانی مرۆڤی و ماڵی، کۆکردنەوەی ئەزموون و زانست.
- ئاسانکاری بۆ چاودێری لەلایەن حکوومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان.
- هاوکاری بۆ بەرزکردنەوەی داهاتی حکوومەت.
- جێبەجێکردنی سیاسەت و دیپلۆماسی وزەی وڵات.



رووداو
هونەری
ژمارە (524) - دووشەممە 2018/10/8



## "ئاوازی خودا" لە سلێمانی نمایش دەکرێ

**رووداو- هەولێر**

دەرهێنەری ناوداری رۆژهەڵاتی کوردستان عارف محەممەدی، لە رێگەی فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری ژیانی هونەری هونەرمەندی ناودار سەید قەدەمیار، کە تەمەنی گەیشتووەتە 120 ساڵ دەگێڕێتەوە. فیلمی "ئاوازی خودا" لە دەرهێنانی "عارف محەممەدی" و لەرۆژهەڵاتی کوردستان وێنەگیراوە، کە لەم بەڵگەفیلمەدا، کولتوور و داب و نەریت و فەرهەنگی یارسانەکان دەخاتەروو، کە تاوەکو ئێستاش توانیویانە پارێزگاری لە رەسەنایەتی کولتووری خۆیان بکەن. ئەم بەڵگە فیلمە یەک کاژێرەو بە زمانی فارسی و کوردی بەرهەمهاتووە لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە سلێمانی نمایش دەکرێ کە بڕیارە لە رۆژی 10ی ئەم مانگە دەست پێبکات.

### شەیما قاسم، شاجوانی 2015ی عێراق بۆ (رووداو):

# عێراقم بەجێهێشت چونکە هەڕەشەم لێ دەکرا

له ساڵی 2015 وەک شاجوانی عێراق هەڵبژێردرا، لە دایکێکی کورد و باوکێکی عەرەبی عێراقی لەدایکبووە. زۆر بە کەمی دەتوانێ بە کوردی قسە بکات، بەڵام دەڵێت: "بە باشی لە کوردی تێدەگات". ماوەیەکە عێراقی بەجێهێشتووە و ئێستا لە ئوردن دەژی، شەیما قاسم لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت: "زۆر هەڕەشەم لێکرا، پێیانگوتم ئێوارەی پێنجشەممەیەک دەتکوژین، ئەو چەند رۆژەی دوایی کە لە بەغدا بووم نەمدەوێرا لە ماڵ بچمە دەرەوە، لە کۆتاییدا بڕیارم دا عێراق بەجێبهێڵم".

**دەرباز یونس**
**رووداو – هەولێر**



### بیرم لەوە کردەوە بۆ ژیان بێمە هەولێر

**رووداو: ئێستا لە عەممانی، هۆکار چی بوو عێراقت جێهێشت؟**

**شەیما قاسم:** هەڕەشەی کوشتنم لێدەکرا، ژیانم لە مەترسیدابوو، دوای کوشتنی چەندین کەسایەتیش بەڕاستی ترسابووم، ژیانم نەمابوو، بۆیە بەناچاری عێراقم بەجێهێشت و هاتمە عەممان.

**رووداو: چۆن هەڕەشەیان لێدەکردی؟ چییان پێدەگوتی؟ بۆچی لەو هەموو وڵاتە ئوردن؟**

**شەیما قاسم:** دەیانگوت دەتکوژین، رۆژانە هەڕەشەم بۆ دەهات لە رێگەی تەلەفۆن و سۆشیالمیدیا، هەر جارەی شتێکیان دەگوت، دەیانگوت تۆش لە ئێوارەی پێنجشەممەیەک دەکوژین، من سەرەتا بیرم کردەوە بۆ ژیان بچمە هەولێر، بەڵام بۆم نەگونجا، پەیوەندی باشم لە ئوردن هەیە و ئاسانتر دەتوانم بژیم و درێژە بە کارەکانم بدەم، بۆیە لە نێوان هەولێر و عەممان، عەممانم هەڵبژارد.

### ئێستا لە ئوردن دەژیم و خەریکی بازرگانی دەبم

**رووداو: ئەو کاتانەی لە بەغدا بوویت و دەچوویتە دەرەوە، هەستت بەهیچ مەترسییەک دەکرد؟ پێتوابوو هەڕەشەکان جدی بوون یان تەنیا بۆ ترساندن بوون؟**

**شەیما قاسم:** ئەو چەند رۆژەی دوایی کە لە بەغدا بووم نەمدەوێرا لە ماڵ بچمە دەرەوە، تەنانەت لە ماڵەوەش دەترسام، هەڕەشەی جدی و ترساندن جیاوازی چییە؟ ئەوە نییە چەندین کەسیان بە رۆژی رووناک کوشت؟ هەستم بەهیچ شتێک نەدەکرد، بەڵام خۆ ناتوانم چاوەڕێ بکەم تا دەمکوژن، ئینجا بڵێم ئەوە هەڕەشەیەکی جددی بوو.

**رووداو: هێزە ئەمنییە عێراقییەکانت ئاگادار کردبوو لەوە؟**

**شەیما قاسم:** بەڵێ، چەندین جار، بەڵام هیچ کەسێک بە تۆمەتی هەڕەشەکردن لە من دەستگیر نەکرا، چونکە بەڵگەی پێویستم نەبوو کە ئەو کەسانەی هەڕەشە دەکەن کێن.

### بەغدا بۆ ئەستێرەکان بووەتە کابووس

**رووداو: ئێستا لە ئوردن خەریکی چیت؟ پلانت هەیە ماوەیەکی درێژ بمێنیتەوە؟**

**شەیما قاسم:** جارێ خەریکی رێکخستنی ژیانی خۆمم، بەڵێ تا بارودۆخی بەغدا بەمشێوەیە بێت من لێرە دەمێنمەوە، چونکە ناتوانم لە ترس و دڵەڕاوکێدا بژیم، بەغدا بۆ کچانی ئەستێرە بووەتە کابووس. دوای رێکخستنی ژیان، دەست بەکاری بازرگانی و رێکلامکردن دەکەم، دەمەوێت براندێکی تایبەتی مکیاژ و جلوبەرگ دروستبکەم.

### بۆ بەشداریکردن لە درامایەکی تورکی لە گفتوگۆدام

**رووداو: ئێستا ئۆفەری کارکردنت بۆ دێت؟ وەک کاری رێکلام و دەرکەوتن لە دراما و سینەما؟**

**شەیما قاسم:** بە بەردەوامی، بەتایبەتی ئۆفەری رێکلامم زۆر هەیە، لە رێگەی سۆشیالمیدیای خۆشمەوە رێکلام بۆ چەند براندێکی تایبەت دەکەم و ئەمە داهاتێکی بۆ من هەیە، لە بارەی دراما و سینەماش زۆر ئۆفەرم بۆ هاتوون، بەڵام نەمتوانیوە بگەم بەوەی کە خۆم دەمەوێت، ئێستا لەگەڵ ستافێکی تورکی لە گفتوگۆدام، ئەوان دەیانەوێت لە درامایەکی تورکیدا رۆڵ ببینم، چونکە تورکیش بەباشی دەزانم و منیان پێ لە کەسانی دیکە باشترە، جارێ لە گفتوگۆداین، نازانم دەگەینە چ ئەنجامێک.

### پێیانگوتم لە ئێوارەی پێنجشەممەیەک دەتکوژین

**رووداو: کەسوکارەکەت بۆچوونیان چی بوو لەسەر بەجێهێشتنی عێراق؟**

**شەیما قاسم:** ئەوان مەبەستیانە کچەکەیان سەلامەت بێ، هیچ کەس نایەوێت کچەکەی بکوژرێ، ئەمەی لەم کۆتاییە لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق روویاندەدا بەڕاستی ئێمەی تۆقاندبوو.

**رووداو: پەیوەندیت لەگەڵ تارا فارس، هاوەڵی شاجوانی عێراق هەبوو کە مانگی رابردوو لە بەغدا تیرۆرکرا؟**

**شەیما قاسم:** بەداخەوە بۆ تیرۆرکردنی. هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵی نەبوو، هەر لە دوورەوە دەمناسی.

### بەر لەوەی عێراق بەجێبێڵم چەند رۆژ لە ماڵ نەچوومە دەرەوە

### ئەڤین ئالان، مەیکئەب ئارتیستی کورد بۆ (رووداو):

# کوردستان پێویستی بە ئەکادیمیای مەیکئەپ هەیە

ئەڤین ئالان، لە سلێمانی لەدایکبووە، بەڵام لە سوید گەورە بوو، لە منداڵییەوە دەموچاوی خوشکە بچووکەکەی میکیاژ دەکرد، دوای ئەوەی گەورە بوو، ئیدی بە ئەکادیمی ئەو خەونەی منداڵیی خۆی کردە راستی و سێ ساڵ لە بواری مەیکئەپ خوێندی، ئێستاش لە یەکێک لە گەورەترین ئارایشگاکانی سکەندەناڤیا بەڕێوەبەرە، ئەڤین لەم هەڤپەیڤینەدا لە بارەی نوێترین مەیکئەپ قسە بۆ (رووداو) دەکات.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**رووداو - هەولێر**



**رووداو: کەی دەستت بە کاری مەیکئەپ کرد؟**

**ئەڤین ئالان:** هەر لە منداڵییەوە حەزم لەکاری مەیکئەپ بوو، هەموو رۆژێ مەیکئەپم بۆ خوشکە بچووکەکەم دەکرد، حەزم دەکرد فێری مەیکئەپ بم. نزیکەی هەشت ساڵە بەفەرمی ئەم کارە دەکەم.

**رووداو: بە ئەکادیمی دەستت بە مەیکئەپ کرد؟**

**ئەڤین ئالان:** بەڵێ بە ئەکادیمی دەستمپێکرد. ماوەی سێ ساڵ لە ئامادەیی خوێندم، بەتایبەتی لە بواری قژپسپۆڕم، بۆیە ئێستا لە گەورەترین ئارایشگای سکەندەناڤیا بەڕێوەبەرم کە لە وڵاتانی سکەندەناڤیا زیاتر لە 100 لقی هەیە.

**رووداو: لەو ئارایشگایەی کاری تێدا دەکەی، کورد یان سوێدییەکان زیاتر سەردانتان دەکەن؟**

**ئەڤین ئالان:** هەموو کەسێک دێن، بەڵام بەشی زۆریان سوێدین، کوردیش دێن، ئارایشگاکەی ئێمە تێکەڵە لە پیاو و ژن.

**رووداو: ئارایشگاکانی کوردستان چۆن دەبینی لە چاو ئەوانەی سوید؟**

**ئەڤین ئالان:** بەشێکی زۆر لە ئارایشگاکانی کوردستان زۆر خراپن، نازانن کار بکەن.

**رووداو: خراپییەکانیان چین؟**

**ئەڤین ئالان:** من لە هەولێر چوومە ئارایشگایەک خۆم چاک بکەم، کردمی بە خێو، هەر سپی سپی کردبووم، گوتم ئیدی ناچمەوە ئارایشگا و هەر خۆم، خۆم چاک دەکەم.

**رووداو: هۆکاری ئەوە چییە؟**

**ئەڤین ئالان:** یەکەمجار ئەکادیمی نین، بە پاک و خاوێنی کار ناکەن، یەک فڵچە بۆ من و سەدان کەسی دیکە بەکاردەهێنن. بیر لە رەنگی پێستی ژنەکان ناکەنەوە، جوانیە سرووشتییەکان دەشارنەوە و دەیانکەنە کەسێکی تر.

**رووداو: کەواتە ئەکادیمییەک بۆ فێربوونی هونەری مەیکئەپ بۆ کوردستان گرنگە؟**

**ئەڤین ئالان:** بەڵێ زۆر گرنگە. لە کوردستان تاوەکو ئێستا شتێک نییە بەناوی ئەکادیمیای مەیکئەپ، گرنگی بە پاککردنەوەی دەموچاو نادەن. گرنگی بە بەهێزکردنی قژ و پاراستنی نادەن، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر خانمان هەیە.

**رووداو: ئێستا ئافرەتێکی زۆر لە کوردستان روو لە نەشتەرگەریی جوانکاری دەکەن، هۆکارەکەی چییە؟**

**ئەڤین ئالان:** یەکەمجار کە هاتمەوە کوردستان ، هەر کەسێکم دەبینی لەفافێکی بە لوتییەوە بوو، منیش لە کچێکم پرسی ئەمە چییە؟ ئینجا زانیم نەشتەرگەری جوانکاری لە کوردستان بووەتە مۆدە، بەڵام ئەگەر ژنانی کورد گرنگی بە پێستیان بدەن قەت پێویستیان بە نەشتەرگەری جوانکاری نابێت.

### ژنان گرنگی بە پێستیان بدەن، پێویستیان بە نەشتەرگەریی جوانکاری نابێ

**رووداو: دەتەوێت چۆن ئامۆژگارییان بکەی؟**

**ئەڤین ئالان:** یەکەم شت دەبێت بەردەوام کرێم لە دەموچاویان بدەن، بۆ ئەوەی لە پیسی و هەتاو بیپارێزێت. ئامۆژگارییان دەکەم هەرگیز بە میکئەپەوە نەخەون، هەروەها ئەوانەی پێستیان چەورە دەبێت کرێمی تایبەت لە دەم و چاویان بدەن، من پێش مەیکئەپ سێ جۆرە کرێم بەکاردەهێنم، چونکە دەمەوێت خانمان ئەوە بزانن مەیکئەپ باش نییە، دەبێت هەمیشە کرێم بەکاربهێنن.

**رووداو: بۆچی کچانی ئەورووپی پێستی خۆیان برۆنزی و کوردیش سپی دەکەن؟**

**ئەڤین ئالان:** لە کوردستان بەڕاستی تێناگەم بۆچی دەیانەوێت سپی بن، بەڵام خانمانی ئەورووپی هۆکاریان زۆرە کە حەزیان لە پێستی برۆنزی و ئەسمەرە، چونکە برۆنزی پێست بەهێز دەکات و زۆر باشە بۆ مرۆڤ، دواتر ئەسمەری، پێست پاکتر و جوانتر نیشاندەدات، هەرچی رەنگی سپییە یەک خاڵت لەسەر پێست هەبێت دیار دەبێت.

### زۆربەی ئارایشگاکانی کوردستان خراپن و نازانن کار بکەن

**رووداو: لە کوردستان ژنان بەدەست هەڵوەرینی قژەوە دەناڵێنن، وەکو پسپۆڕێکی قژ هۆکارەکە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

**ئەڤین ئالان:** بەشێکی زۆر لە هۆکاری هەڵوەرینی قژ بۆ ستریس دەگەڕێتەوە. هەروەها هۆکارێکی دیکەش بۆ رێجیمکردن و خۆلاوازکردن دەگەڕێتەوە، بەڕاستی نان زۆر گرنگە بۆ قژ، چونکە نان مادەییەکی تێدایە زۆر گرنگە بۆ بەهێزکردنی قژ. هەروەها گیراوەی سرووشتی زۆر بەکاربهێنن، ئەلاڤیرا بۆ بەهێزیی قژ و پێست زۆر باشە، تێکەڵاوکردنی زەیتی زەیتوون و ئەڤۆکادۆ قژ بەهێز دەکات. هیوادارم لە کوردستان سەنتەرێکی تایبەت بە قژ و پێست بکرێتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بەم بوارە بدرێت، لە کوردستان ئەو دوو بوارە فەرامۆش کراون.







ئۆفیسی سەرەکی: سەدەف پلازا، 100 مەتری، تەنیشت پاسەپۆرتی هەولێر
لقی دووەم: هەولێر، 60 مەتری، نزیک بەرزە پردی عەنکاوە

ڕووداو
ژنان
ژمارە (524) – دووشەممە 2018/10/8



## ژنێکی داواکراو دەستگیر دەکرێ

**ڕووداو- سلێمانی**

ژنێکی دانیشتووی شاری سلێمانی کە دوو ساڵە بە بەپێی ماددەی 406 داواکرابوو، لەلایەن هێزەکانی بنکەی پۆلیسی بەردەقارەمان دەستگیرکرا.
بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ڕایگەیاند "ڕۆژی 2018/10/7 هێزەکانی بنکەی پۆلیسی بەردەقارەمان ژنێکیان دەستگیرکرد کە پێشتر لە ساڵی 2016 بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی فەرمانی دەستگیرکردنی هەبووە". پۆلیسی سلێمانی لەبارەی ناسنامەی ژنەکەوە دەڵێت، تۆمەتبار (س. ر. ع) لەدایکبووی 1975ـە و ژنی ماڵەوەیە، پێشتر لە ساڵی 2016 فەرمانی دەستگیرکردنی لە بەشی پۆلیسی چەمچەماڵ هەبووە، ئێستا تۆمەتبار بە فەرمانی دادوەر بەندکراوە.

### دایکی چوار منداڵە و خەڵکی باشووری کوردستانە

# ئافرەتێکی کورد لە بەریتانیا بە چەقۆ دەکوژرێ

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو، یەکی ئۆکتۆبەری 2018 ، ئاڤان نەجمەددین نەهاتبووە قوتابخانە بۆ ئەوەی منداڵەکانی بەرێتەوە ماڵ، چەند خولەکێک دواتر پۆلیس تەرمی ئاڤانیان لە ماڵەکەی خۆیدا دۆزییەوە کە درابووە بەر چەقۆ. لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس دەریانخستووە کەسێک کە بە لە دایکبووی ئێران خۆی بەدەزگاکانی بەریتانیا ناساندووە، بکوژی ئاڤانە.

ئاڤان، تەمەن 32 ساڵ، لە شارۆچکەی فێنتن، لە ستۆک ئۆن ترێنت، لە باکووری بەریتانیا دەژیا و خاوەنی چوار منداڵ بوو. ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو مامۆستاکان نیگەران ببوون لەوەی بۆچی ئەو ژنە لە کاتی خۆیدا نەگەیشتووەتە قوتابخانە، چەند خولەکێک دواتر و لە کاژێر پێنجی ئێوارە بەکاتی بەریتانیا، پۆلیسی شارۆچکەکە دەرگای ماڵی ئاڤانیان شکاند و تەرمی ئافرەتەکەیان دۆزیەوە. پشکنینە سەرەتاییەکانی پزیشکی دادوەری دەریدەخات کە ئاڤان بە چەقۆ لێیدراوە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (دەیلی مەیل)ی بەریتانی کەسێک بەناوی دانا عەبدوڵڵا، تەمەن ٣٥ ساڵ، تۆمەتبارە بە کوشتنی ئافرەتەکە. تۆمەتبارەکە، کە مێردی پێشووی ئاڤانە، خەڵکی باشووری کوردستانە، بەڵام لە بەریتانیا خۆی بە ئێرانی ناساندووە، ڕۆژی شەممە لەبەردەم ناوەندی دادوەری نۆرس ستافۆردشایەر ئامادە بووە و تۆمەتی کوشتنەکەی دراوەتە پاڵ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (زی سەن)ی بەریتانی، تاوەکو ئێستا سێ پیاو وەکو گومانلێکراو دەستبەسەر کراون. یەکێک لە پیاوەکان کە خەڵکی ویگانە و تەمەنی 35 ساڵە، چەندین کاژێر دوای دەستبەسەرکردنی هەر ئازاد نەکراوە، لەبەر ئەوەی دەزگای دادوەری شارەکە ڕێگەی بە پۆلیس داوە لێکۆڵینەوەی زیاتری لەگەڵ بکات، بۆیەش ماوەی دەستبەسەرییەکەی درێژ کردووەتەوە. گومانلێکراوەکە لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردووەوە دەستبەسەر کراوە و دەزگای دادوەریی شارەکە ڕێگەی بە پۆلیس داوە 36 کاژێری دیکەش لە دەستبەسەریدا بیهێڵێتەوە.

پۆلیسی شارەکە بە ڕۆژنامە بەریتانییەکەیان ڕاگەیاندووە کە دوو پیاوی دیکەش دەستبەسەرن و گومان دەکرێ پەیوەندییان بە تاوانەکەوە هەبێ. بە گوێرەی ڕاپۆرتی پۆلیس، هەردوو پیاوەکەی دیکە تەمەنیان 33 ساڵە، بەڵام یەکێکیان دانیشتووی ویگان و ئەوەی دیکەیان دانیشتووی لیڤەرپوولە. هەردوو گومانلێکراوەکەی دیکەش بە تۆمەتی کوشتن لە حاڵەتی دەستبەسەریدا ماونەتەوە.

بەپێی میدیای بەریتانیا تەمەنی چوار منداڵەکەی ئاڤان لە نێوان 4 بۆ 11 ساڵانن. دوای ئاشکرابوونی ڕووداوەکە 13 ئۆتۆمبێلی پۆلیس، ئامبولانس و ئاگرکوژێنەوە لە شوێنەکە ئامادە بوون. دراوسێکانی ئاڤان لە لێدوانیاندا بۆ ڕۆژنامەی (زی سەن) باسی ئەوەیان کردووە کە ئەو ئافرەتە کوردە تەنیا دوو مانگ بوو هاتبووە ئەو گەڕەکە.

ڤیکتۆریا داونینگ، پۆلیسی لێپێچینەوە، لە لێدوانێکدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، گوتی: "ئاڤان و چوار منداڵەکەی لە گلیبدەیڵ رۆد دەژیان. هەر کەسێک لە ڕۆژانی پشوو، واتە 28 بۆ 30 ئەیلول، ئاگای لە هاتوچۆی ئاڤان بووە با ئاگادارمان بکاتەوە". پۆلیس هەروەها داوای کردووە هەر شوفێرێک ڤیدیۆی ئەو ڕێگایەی لە کامێرای داشبۆردەکەیەوە لایە با پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکات، بەتایبەتیش ئەو ڤیدیۆیانەی لە کاژێر نۆی بەیانی تاوەکو چواری پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکی تشرینی یەکەم گیراون.

ئافرەتێکی خەڵکی گەڕەکەکە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ، بە ڕۆژنامە بەریتانییەکەی گوتووە "کەسێکی زۆر باش دیار بوو، هەموو هەوڵی ئەوە بوو خانووەکەی جوان بکات. منداڵەکانیشی لە باخچەکە یارییان دەکرد. هیچ کێشەیەکیان نەبوو، هیچکات گوێم لە دەنگی بەرز یان شتێکی لەوشێوەیە نەبووە کە نیگەرانم بکات. لە خانووەکەدا پیاوێکم دەبینی، بەڵام نازانم هاوماڵی بوو یان نا".

دراوسێکەی ماڵی ئاڤان گوتبووشی: "ناتوانم بیری لێنەکەمەوە، بەتایبەتی ئەو منداڵە کوڕە بەستەزمانانەی کە چیدی دایکیان نابیننەوە".



هاوژینی پێشووی ئاڤان، بەتۆمەتی کوشتنی ئاڤان دەستگیرکراوە

### لە پرسەی برا کوژراوەکەیدا بوو

# لە پشدەر وەناق ژنێک دەکوژێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- پشدەر**

هێشتا پرسەی قارەمان تەواو نەبووبوو، پرسەی "ئایشە"ی خوشکیشی هاتە سەر، یەکەمیان لە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتیدا کوژرا، ئەوەی دووەمیشیان بە نەخۆشییەکی چاوەڕواننەکراو.

لە ئێوارەیەکی ڕۆژەکانی مانگی ئەیلولی ڕابردوو، ئایشە حەسەن نەبی، تەمەن 27 ساڵ، دانیشتووی گوندی مەمکانی سەر بە ناحیەی سەنگەسەر، لەگەڵ دوو کەسی دیکەی بنەماڵەکەی تووشی هەناسەتوندی بوون. بە پەلە گەیەنرانە نەخۆشخانەی قەڵادزێ، بەڵام ئایشە نەگەڕایەوە و لەوێ مرد.

ڕۆژی 2018/9/18 دانیشتووانی هەردوو گوندی جەلکان و مەمکان لەسەر پووش و پاوان بەشەڕهاتن، لەو شەڕەدا برایەکی ئایشە بەناوی قارەمان حەسەن کوژرا. دوای ڕووداوەکە پۆلیس 22 کەسی لە دانیشتووانی هەردوو گوندەکە دەستگیر کرد.

لە سێیەم ڕۆژی پرسەی قارەماندا، ئایشە و دوو لە براژنەکانی بەناوەکانی (نەزیرە و نەسرین) بەهۆی نەخۆشییەکی کتوپڕەوە گەیەنرانە نەخۆشخانە، بەڵام زۆری نەبرد ئایشە مرد.

نەبی خدر کە ئامۆزای ئایشەیە، گوتی: "لەبەرئەوەی براکانی ئایشە بەهۆی کێشەکەی نێوان گوندی مەمکان و جەلکان کەوتنە زیندان، من ئایشە و براژنەکانیم بردن بۆ نەخۆشخانەی قەڵادزێ، بەڵام ئەوەندەی نەبرد تەلەفۆنیان کرد گوتیان زوو وەرەوە دوو براژنی دیکەشی نەخۆشکەوتوون و تەندروستییان خراپە".

نەبی گوتی: "ئەو ڕۆژە بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو، نەماندەزانی لەنەخۆشخانە بین یان لە پرسەی (قارەمان)ی ئامۆزام".

هەر ئەو ڕۆژە براژنەکانی ئایشە نێردران بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی، لەوێ چارەسەری پێویستیان بۆ کرا و چاکبوونەوە.

دوای مردنی ئایشە، نۆ کەس لە دانیشتووانی گوندی مەمکان بە هەمان هۆکار ڕەوانەی نەخۆشخانە کران. حەسەن مام عەوڵا، ئەنجوومەنی گوندی مەمکان گوتی: "پێدەچێ نەخۆشییەکە زۆر ترسناک نەبێ، ڕەنگە هەر بەهۆی پرسەی قارەمان بێ کە ئایشە بووڕابێتەوە و دواتر مردبێ".

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەرپرسی کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕۆژی 2018/9/29 هەشت نەخۆشی یەک بنەماڵە و یەک گوند گەیەندرانە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەمان، چارەسەری پێویستیان بۆ کرا، بەڵام یەکێکیان هەر لێرە مرد".

فەرمان ئەحمەد ئاماژەی بەوەدا کە بەهۆی ئەوەی هەموو نەخۆشەکان لە یەک خێزان بوون، بۆیە هەر ئەو شەوە تیمێکی تەندروستییان ناردووە بۆ گوندەکەیان، پاشان تیمێکی دیکە لە بەشی خۆپاراستنی تەندروستیی سلێمانی سەردانی گوندەکەیان کردووە.

ناجیە حامید، بەڕێوەبەری بەشی خۆپاراستنی تەندروستی لە تەندروستیی گشتی ڕاپەڕین گوتی: "دیار نەبوو نەخۆشییەکە چییە، دوای پشکنینەکانیش بەتەواوی دەرنەکەوت چ جۆرە نەخۆشییەکە، بەڵام ئەگەری هەیە نەخۆشی بەکتریایی لەجۆری (وەناق) بێ".

ناجیە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو نەخۆشییە بەهۆی ژینگەی پیس و ئاژەڵەوە دروست دەبێ و زۆر بە خێراییش لە ڕێگەی هەواوە دەگوزرێتەوە. کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکەش ئاسانە، بە مەرجێک زوو فریای نەخۆشەکە بکەون.

گوتیشی کە دیارترین نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە هەناسەتەنگی، ڕشانەوە، دڵتێکهەڵاتنە، کەسی تووشبوو لەوزەتێنەکانی دەئاوسێن و بە زەحمەت هەناسەی بۆ دەدرێ، ئەگەر زوو چارەسەر وەرنەگرێ، دەیکوژێ.

ناجیە تەنیا گومانی بۆ نەخۆشیی وەناق دەچێ کە بە گوتەی ئەو، نەخۆشییەکە 50 ساڵە لە عێراق کۆنترۆڵ کراوە، بەهۆی ئەوەی نەخۆشییەکە لێرە نەماوە، پشکنینیشی لێرە زەحمەتە.



دوای مردنی ئایشە هەشت کەس لە خێزانەکەی بەهۆی وەناقەوە کەوتنە نەخۆشخانە

# لانە جاف ئازاری ئافرەتان ڕەنگڕێژ دەکات

**ئەی. سی. ڕۆبینسن**
**ڕووداو- هەولێر**

لانە جاف تازە قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە، بەڵام چەند ساڵێکە ڕووی لە نیگارکێشان کردووە و بە گوتەی خۆی دەیەوێ لە ڕێگەی نیگارەوە ئەو ئازار و مەینەتییە نمایش بکات کە بەرۆکی ئافرەتان دەگرێ.

لانە لەبارەی تێمای سەرەکی کارەکانی بە (ڕووداو)ی گوت: "من (لە کارەکانمدا) فۆکەس دەخەمە سەر کێشەکانی ئافرەتان لە کوردستان و ئەو تەنگەژانەی هەر لە لەدایکبوونیانەوە هەتا گەورەبوون و هاوسەرگیری لەگەڵیانە. دەمەوێ لە نیگارەکانماندا هەموو ئەوانە نمایش بکەم".

لانە تەمەنی 18 ساڵە و شەش ساڵ لەمەوبەر دەستی بە کێشانی سکێچ کردووە. ژمارەیەکی زۆر لە سکێچ و نیگارەکانی لانە لە قوتابخانەکەی خۆی یان لە پێشانگا جیاجیاکانی کوردستاندا نماشکراون. ژمارەیەکیش لە بەرهەمەکانی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانەوە کۆکراونەتەوە و لە باڵەخانەی وەزارەتەکە دراون.

سەرەتا دایک و باوکی لانە پشتگیرییەکی تەواوی ئەویان نەدەکرد، بەڵام کاتێک بینییان کچەکەیان چ بەهرەیەکی گەورەی هەیە، هانیان دا. لانە دەڵێ: "زۆربەی جاران کاتێک دیاردەیەکی نوێ لە ڕۆژئاواوە دێ، خێزانەکانی کوردستان بۆ کوڕ و کچەکانی خۆیان دژی دەوەستنەوە، بە تایبەتیش ئەگەر ئافرەت بێ".

بەشێک لە کێشەی کەسانی وەکو لانە پەیوەندی بە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستانەوە هەیە کە تێیدا ئەوانەی نمرەی بەرز دەهێنن ڕەوانەی کۆلێژەکانی ئەندازە، پزیشکی یان یاسا دەکرێن، بەمجۆرەش خێزانەکان بەهرەی هونەریی منداڵەکانیان پشتگوێ دەخەن.

نیگارکێشە لاوەکە دەڵێت: "دایک و باوکان لە کوردستان هەوڵدەدەن منداڵەکانیان ناچار بکەن ئەو بوارە هەڵبژێرن کە خۆیان دەیانەوێ. منداڵەکان خۆیان ناتوانن بوارەکەیان هەڵبژێرن، بۆیەش زۆربەی جاران ناتوانن ئەوە بکەن کە خۆیان دەیانەوێ".

دایک و باکی لانە دەیانویست کچەکەیان لە زانکۆ بواری پزیشکی هەڵبژێرێ، بەڵام ئەو خۆی لەو بوارەدا نەدەبینییەوە، بۆیەش بڕیاری دا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بخوێنێ، دایک و باوکیشی بە نابەدڵییەوە بڕیارەکەی لانەیان قەبووڵ کرد. لانە لەبارەی هۆکاری ئەو بڕیارەی دەڵێت: "من حەزم لە پزیشکی نییە و هەستیش ناکەم پزیشکێکی سەرکەوتووم لێدەربچێ، بۆیە بڕیارم دا پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بخوێنم، چونکە زیاتر حەزم لە سیاسەتە".

هەرچەندە دایک و باکی لانە بە دوودڵییەوە پشتگیرییان لە خەونی کچەکەیان بۆ بوون بە هونەرمەند دەکرد، بەڵام لەناو ئەو خێزانەدا لانە پشتگیریشی هەبوو کە خوشکە گەورەکەی بوو.

لانە دەڵێت: "گەورەترین پشتگیریم ئاڤانی خوشکمە، ئەو هانیدام کاری هونەری بکەم".

ئاڤان جاف چالاکڤانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە لە هەرێمی کوردستان کە 10 ساڵە کار بۆ تواناسازی و هۆشیاریی ئافرەتانی کوردستان دەکات.

کارە هونەرییەکانی لانە تەنیا لە قوتابخانەکەی و باڵەخانەی وەزارەتی پەروەردە و ماڵەوەیاندا نەماون، بەڵکو بەمدواییە داوای لێکراوە دیزاینی دیوارەکانی حەوشی فێرگەی فۆتۆی ڕۆژنامەوانیی فرێمینگ بکات کە بنکەیان لە هەولێرە. بە گوتەی خۆی لەو دیزاینەشدا هەوڵیداوە فۆکەس لەسەر تێمای کێشەی ئافرەتان لە کۆمەڵگای کوردستاندا بکات، بەڵام لە دیزاینەکەیدا کەڵکی لە فۆڕمی جلوبەرگی کوردی وەکو جامەدانی و شاڵی کوردی وەرگرتووە، هەندێکجاریش وێنەی بەکارهێناوە.

لانە بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەشەویش کاری کرد بۆ ئەوەی فێرگەکە لە ڕۆژی 25ی ئەیلول، واتە لە ساڵیادی گشتپرسییەکەی کوردستاندا بکرێتەوە، لەو ڕۆژەدا فێرگەکە پیشانگایەکی فۆتۆی بە بۆنەی ساڵیادی گشتپرسییەوە کردبووەوە. لانە ئەو پڕۆژەیەی بەشێوەی خۆبەخشانە گرتبووە ئەستۆ.

لە یەکێک لە دیزانەکاندا کە تێیدا ڕەنگی کراوە بەکارهاتووە، ئافرەتێک دەبینرێ کە کامێرایەکی بەدەستەوەیە، بەڵام خەمێکی قووڵ لەسەر ڕوخساری بەدیدەکرێ. لانە لەو بارەیەوە دەڵێت: "من دەمویست ئەوە پیشانبدەم کە ئافرەتە فۆتۆگرافەرەکانی کورد چانسی ئەوەیان نییە بگەنە ئەو ئاستە لە پرۆفیشناڵبوون کە پیاوان دەیگەنێ، تارماییەکەی لای چەپی ئافرەتەکە هەمووکات بەدواوەیەتی، وەکو خێزان کە بەربەستی بۆ دروستدەکەن و نایانەوێ کچەکەیان لە فۆتۆگرافدا سەرکەوتوو بێ".

لانە لە ئەزموونی چەند ساڵەی خۆیەوە پەیامێکی بۆ هەموو ئەوانە هەیە کە حەزیان لە هونەرە، بەتایبەتیش ئافرەتان: "ئامۆژگاری من بۆ کچانی دیکەی هاوتەمەنی خۆم ئەوەیە: ئەوە بکەن کە دڵیان دەیەوێ، شوێن خەونەکانیان بکەون و بیانکەن بە ڕاستی. بێدەنگ مەبن".





## دوو زیندانی لە دەستی پۆلیس دەڕفێندرێن

رووداو- هەولێر

لە شارۆچکەی تەقتەق دوای ئەوەی پۆلیسی کۆیە، دوو دەستگیرکراو بۆ لێکۆڵینەوە دەبات بۆ بەردەم دادوەر، لەڕێگادا ئەو دوو دەستگیرکراوە لەلایەن کەسوکاریانەوە لەدەستی پۆلیسی دەڕفێندرێن. عومەر ئەحمەد، بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق بە (رووداو)ی راگەیاند "رۆژی 2018/10/7 دوای ئەوەی پۆلیسی کۆیە، دوو دەستگیرکراو بۆ لێکۆڵینەوە دەبات بۆ بەردەم دادوەر لە شارۆچکەی تەقتەق، "لەڕێگا لەلایەن کەسوکاریانەوە لە دەستی پۆلیس دەڕفێندرێن و پۆلیسێکیش بریندار دەکەن". بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق گوتیشی :"گەڕان بەدوای دەستگیرکراوەکان و هاوکارەکانیان بەردەوامە تاوەکو ئێستاش کەسێک کە هاوکاری دەستگیرکراوەکانی کردووە بۆ راکردن دەستگیرکراوە".



# مێردەکەی خۆی دەخنکێنێ

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

لە گوندی قەتەوی سەر بە پارێزگای هەولێر ژنێک بە هاوکاریی دایک و دوو برای، مێردەکەی خۆی دەخنکێنێ، دواتر لە شەودا تەرمەکەی دەبەنە مووسڵ، برای پیاوەکە سکاڵا لەسەر چوار کەس تۆمار دەکات. بەپێی راپۆرتی پزیشکیش پیاوەکە خنکێنراوە.

عەبدوڵڵا جاسم خەڵکی مووسڵە، چەند ساڵێکە لەگەڵ هاوژینەکەی و ماڵی خەزووری هاتوونەتە هەولێر و لە گوندی تووڕەق لە رۆژئاوای شاری هەولێر نیشتەجێ بوون، بەڵام لە شەوی 2018/9/31 لە رووداوێکدا کە لەلای پۆلیسی هەولێر تەمومژاوییە، عەبدوڵڵا دەکوژرێ.

پۆلیس کاتێک بە رووداوەکە دەزانێت کە خێزانەکە گوندەکەیان بەجێهێشتووە و چوونەتەوە مووسڵ. نەقیب سەربەست دارا رەسوڵ، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی تووڕەق بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە ئاگاداری رووداوەکە نەبووین، تاوەکو کەسێک بەناوی (محەممەد جاسم) کە برای کوژراوەکەیە، هاتە لای ئێمە بۆ ئەوەی سکاڵا لەدژی هاوژینی کوژراوەکە و سێ کەسی دیکە تۆمار بکات کە وەک خۆی دەڵێت براکەی بە دەستی ژنەکەی و بە هاوکاریی کەسوکارەکەی لە ماڵەکەی خۆیدا خنکێنراوە".

لەبارەی رووداوەکە، محەممەد جاسم بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە لە مووسڵ دەژین، بەڵام براکەم و هاوژینەکەی لەگەڵ ماڵی خەزووری لە گوندی قەتەوی سەر بە هەولێر دەژیان، براکەم نەخۆشیی شێرپەنجەی هەبوو، نازانم بە چ هۆکارێک هاوژینەکەی و کەسوکاری هاوژینەکەی ئەویان خنکاندووە، کاتێک تەرمەکەیان هێنایەوە بۆ مووسڵ، لە راپۆرتی پزیشکی دادی مووسڵ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری مردنەکەی کرا و دەرکەوت کە محەممەد خنکێنراوە".

محەممەد جاسم، دڵنیایە لەوەی براکەی بە دەستی (ت.م)ی هاوژینی و (م.خ)ی خەسووی و دوو ژنبرای بەناوەکانی (ع.م) و (ئا.م) خنکێنراوە، چونکە وەک خۆی دەڵێت: "بەبێ ئەوەی ئێمە ئاگادار بکەنەوە لە مردنی براکەم، هێناویانەتەوە بۆ مووسڵ ئینجا بە ئێمەیان گوتووە، جگە لەوەش کچە 13 ساڵانەکەی براکەم دەڵێت شەو دایکم لە خەو هەڵیستاندم و گوتی باوکت مردووە، خاڵیشم بە مردوویی جلوبەرگی لەبەر تەرمی باوکم کرد و خستیانە نێو ئۆتۆمبێلەکە و هاتینەوە بۆ مووسڵ".

پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە کردووە، بەڵام هێشتا نازانێت چۆن توانیویانە تەرمی پیاوەکە لە هەولێرەوە بەرەو مووسڵ بگوازنەوە؟

نەقیب سەربەست دارا، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی تووڕەق بە (رووداو)ی گوت :"دەست بە لێکۆڵینەوە کراوە، بەڵام هیچ کەسێکیان لە گوندەکە نەماون و گەڕاونەتەوە مووسڵ، بۆیە پەڕاوی لێکۆڵینەوە رەوانەی بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر کراوە. دادوەر بڕیاری داوە بە وەرگرتنی وتەی داواکاری مافی کەسی کە دایک و باوکی مردووەکە دەگرێتەوە".

گوتیشی: "ئێمە چاوەڕوانی باوک و دایکی محەممەد ئیبراهیمین، بۆ ئەوەی سکاڵاکە تۆمار بکەن، بەڵام باوکی محەممەد نەخۆشە و هێشتا نەهاتوون، هەرکاتێک ئەوان هاتن سکاڵایان بۆ تۆمار دەکەین و وتەی کچەکە وەک شایەتحاڵی رووداوەکە وەردەگرین، ئەوکات بەرچاومان روونتر دەبێت و پۆلیس بەوردی بەدواداچوون بۆ کەیسەکە دەکات".

بەڵام ئەوەی هێشتا لەلای پۆلیسیش جێی گومانە، وەک خۆیان دەڵێن ئەوەیە کە چۆن توانیویانە تەرمی محەممەد ئیبراهیم بەبێ راپۆرتی پزیشکی لە هەولێرەوە ببەنەوە بۆ مووسڵ.

بە گوتەی ئەفسەری بنکەی پۆلیسی تووڕەق ئەمە دوای تۆمارکردنی سکاڵا و دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە دەردەکەوێ.

# پیاوێک خۆی و هاوژینەکەی دەکوژێ



**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

بەرەبەیان خەڵکی گەڕەکی ئازادی لە قەزای کۆیە بە دەنگی تەقە خەبەریان بووەوە، دواتر بۆیان دەرکەوت پیاوێکی تەمەن 46 ساڵ لە گەرماوی ماڵەکەیدا هاوژینەکەی بە دوو گوللە کوشتووە، هەر لەو شوێنە خۆیشی کوشتووە.

شۆڕش کاکە فەتحوڵڵا، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای کۆیە بە (رووداو)ی راگەیاند: "کاژێر شەشی بەیانی رۆژی 2018/10/6 لە رووداوێکی کوشتن لە گەڕەکی ئازادی ئاگادارکراینەوە. دواتر دەرکەوت پیاوێک بەناوی تاڵیب رەزا، تەمەن 46 ساڵ، هاوژینەکەی خۆی بەناوی شوکریە فارس، تەمەن 40 ساڵ، لە گەرماوی ماڵەکەیاندا کوشتووە. پاشان هەر لەوێ فیشەکێکی لە نێوچەوانی خۆی داوە".

کەسوکاری هەردوولا بەیەکەوە هاوخەمی دەردەبڕن، تەنانەت هەر هەمان رۆژ یەک پرسەیان بۆ دانان. لوقمان فارس برای شوکریە بە (رووداو)ی گوت: "کاژێر حەوتی بەیانی پەیوەندیمان پێوەکرا کە تالیب تەقەی لە خوشکەکەم کردووە و دواتر گوللەیەکی لە خۆی داوە. کە چووم خوشکەکەم لەسەر دەم

> **کوڕێکیشیان هەوڵی خۆکوشتنی داوە**
> پۆلیسی کۆیە

کەوتبوو، تاڵیبیشیان رەوانەی نەخۆشخانە کردبوو، بەڕاستی ئەمە بۆ ئێمە کارەسات بوو، چونکە قەت بڕوامان نەدەکرد زاواکەمان ئەو کارە بکات، ئەو هیچ کێشەیەکی لەگەڵ خوشکەکەم نەبوو".

شوکریە و تاڵیب لە ساڵی 1991 هاوسەرگیرییان کردووە، خاوەنی چوار کوڕ و سێ کچ بوون، تەنیا یەکێک لە کوڕەکانیان ژنی هێناوە.

لوقمان دەڵێت: "تاڵیبی زاوامان فرۆشیاری ئاژەڵ بوو، بەهۆی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵەوە بەردەوام پارەی پێبووە، بۆیە دەمانچەیەکیشی هەبوو، هەر بەو دەمانچەیە خوشکەکەمی کوشتووە و دواتر خۆیشی کوشتووە".

سەبارەت بە هۆکاری رووداوەکەش، لوقمان گوتی: "وەکو خوشکەزاکانم باسی دەکەن چەند رۆژێک پێشتر باوکیان تووشی نەخۆشییەکی دەروونی ببوو، پێشتریش لەگەڵ خوشکەکەم هیچ کێشەیەک لەنێوانیان نەبووە".

فارس رەتیکردەوە ئەوان بەهۆی ئەو رووداوەوە پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی زاواکەیان بپچڕێنن و گوتی: "لەو باوەڕەدا نین تاڵیب بەئەنقەست خوشکەکەمی کوشتبێ، بۆیە ئێستاش لەگەڵ بنەماڵەی ئەوان هەر خزم و برای یەکدین، لە پرسەکەشدا هەردوو بنەماڵە بەیەکەوە دانیشتووین و رووداوەکە هیچ کێشەیەک لەنێوانمان دروست ناکات".

یەکێک لە کوڕەکانی هەوڵی خۆکوشتن دەدات

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، هەر دوای رووداوەکە کوڕێکی تاڵیب و شوکریە ویستوویەتی خۆی بکوژێ. بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە گوتی: "لەکاتی لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە سێ قەوانی گوللەی دەمانچەمان لە شوێنی تاوانەکە دۆزییەوە، بەڵام دەمانچەکە دیار نەبوو، ئێمە بەدوای دۆزینەوەی چەکەکەوە بووین، دیار بوو کوڕێکی ئەو ژن و پیاوە دوای رووداوەکە دەمانچەکەی شاردبووەوە، لەو کاتە رایکردە گەرماوەکە و دەرگای لەسەر خۆی داخست، بەڵام هێزەکانمان زوو فریاکەوتن و دەرگاکەیان شکاند، ئەگەر زوو نەگەیشتباین ئەویش خۆی دەکوشت".

پرسەی دوو هاوژینەکە لە مزگەوتێکی کۆیە بەیەکەوە دانرا، بنەماڵەی هەردووکیشیان لە پرسەکە بوون، عەمید شۆڕش کاکە گوتی: "ئێمە لەکاتی رووداوەکە لە ماڵەکە بووین و لێکۆڵینەوەی سەرەتاییمان کردووە، لە پرسەکەشیاندا لەگەڵ کەسوکاری هەردوو بنەماڵە قسەمان کردووە و هیچیان سکاڵایان نییە، بەڵام ئێمە لەدوای پرسەکە لێکۆڵینەوەکانمان لە رووداوەکە بەردەوام دەکەین و وتەی هەموویان وەردەگرین".

لە قەزای کۆیە لەمساڵدا حاڵەتەکانی خۆکوشتن لە کوشتن زیاترن. بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاکە دەڵێت: "لە سەرەتای ئەمساڵەوە 12 حاڵەتی کوشتن و خۆکوشتن لە قەزای کۆیە تۆمارکراون، زۆرترینیان حاڵەتی خۆکوشتنن".

### پارەی نەبوو جلی قوتابخانە بۆ کچەکەی بکڕێت

# سەوزەفرۆشێک خۆی دەخنکێنێ

**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

کاتێک کچەکەیان لە قوتابخانە گەڕایەوە، رووی لە دایک و باوکی کرد و پێیگوتن مامۆستاکەم پێیگوتووم دەبێت جلوبەرگی قوتابخانە بکڕی، عەلی (باوکی کچەکە) بە بێدەنگی لە ماڵ دەچێتە دەرەوە و دوای چەند کاژێرێک بە هەڵواسراوی دەدۆزرێتەوە.

عەلی فارس عەلی، تەمەن 63 ساڵ، دانیشتووی شاری کەلار و خاوەنی شەش منداڵ بوو، رۆژی 2018/10/6 وەک کەسوکارەکەی دەڵێن "بەهۆی هەژارییەوە" خۆی خنکاندووە.

رائید عەلی جەمال قەدووری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان بە (رووداو)ی گوت: "ئێوارەی رۆژی 2018/10/6 پیاوێکی بەساڵاچوو بەناوی عەلی فارس عەلی، لەدایکبووی ساڵی 1955 و دانیشتووی شاری کەلار، هێنرایە بەشی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار کە بەهۆی خنکانەوە، مردووە".

سەبارەت بە هۆکاری رووداوەکە، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان گوتی: "کەسوکارەکەی دەڵێن بەهۆی هەژارییەوە

> **خەزوورم بەهۆی هەژارییەوە خۆی کوشت**
> زاوای عەلی

خۆی خنکاندووە، بەڵام پۆلیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ رووداوەکە کردووەتەوە و دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە بۆ ئەوەی راستیی رووداوەکە ئاشکرا ببێ".

محەممەد کوڕی عەلییە، ئەو لە پرسەی باوکی بوو، کاتێک پەیوەندیمان پێوەکرد هێشتا شۆک بوو بە لەدەستدانی باوکی و توانای قسەکردنی نەبوو، بۆیە مۆبایلەکەی دایە دەستی ئارام رەئوفی زاوایان. ئارام باسی ژیانی عەلی و خێزانەکەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی: "مام عەلی خەزوورم، پیاوێکی ماندوو بوو، ساڵانێک بوو بە عارەبانە سەوزە و میوەی دەفرۆشت و بژێوی خێزان و منداڵەکانی دابین دەکرد".

عەلی فارس خاوەنی سێ کوڕ و سێ کچە. دوو لە کچەکانی شوویان کردووە، بەتەنیا خۆی بژێوی خێزانەکەی دابین دەکرد، چونکە وەک زاواکەی دەڵێت: "کوڕەکانی زۆر هەوڵیان دا کاربکەن و هاوکاری باوکیان بکەن، بەڵام هیچ کارێک تەنانەت حەمباڵیشیان دەست نەدەکەوت، بۆیە خزم و کەس و خەڵکی تر جارجارە هاوکاریی خێزانەکەیان دەکرد".

ئارام رەئوف هۆکاری خۆخنکاندنی خەزووری تەنیا بۆ هەژاری و دەستکورتی دەگێڕێتەوە و باسی رۆژی رووداوەکەش دەکات: "خەزوورم پیاوێکی کاسب بوو، کێشەی لەگەڵ خێزانی و هیچ کەسێکی دیکەش نەبوو، ئەو رۆژەش هیچ کێشەیەک لە ماڵەکەیاندا نەبووە، بەڵام کچە بچووکەکەی کە لە پۆلی 7ی بنەڕەتییە، گەڕاوەتەوە ماڵەوە، مامۆستاکەی پێیگوتبوو کە دەبێت جلوبەرگی قوتابخانە بکڕیت، ئەویش داوای لە باوکی کردووە، بەڵام باوکی هیچ پارەیەکی شک نەبردووە، بۆیە دوای ماوەیەک لە ماڵ چووەتە دەرەوە، کەس گومانی ئەوەی لێنەکردووە بەم تەمەنەوە کارێکی وا بکات و خۆی بخنکێنێ".



> **فریای بەساڵاچووە هەژارەکان بکەون**
> پۆلیسی گەرمیان

گوتیشی: "دوای ئەوەی خەزوورم ماوەیەک ون دەبێت، لە دەرەوەی ماڵەکەیان کولانەیەکی پەلەوەریان هەبووە و بینیویانە لەنزیک کولانەکە بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە. بۆیە تەنیا شتێک کە بە هۆکاری خۆخنکاندنی مام عەلی بزانین هەژارییە".

سێیەم حاڵەتی خۆخنکاندنی پیاوانە

ئەم رووداوە یەکەم حاڵەتی خۆکوشتنی کەسانی بەتەمەن نییە لە گەرمیان، بەگوتەی گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان "ئەمە سێیەم حاڵەتی خۆکوشتن و خۆخنکاندنی کەسانی بەتەمەنە لە سنووری گەرمیان، پێشتر کەسانی گەنجی 35 بۆ 40 ساڵی پەنایان دەبردە بەر خۆکوشتن، بەڵام ئێستا بەتەمەنەکان دەیکەن، بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدواداچوونی وردی بۆ بکەن و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و رێکخراوە خێرخوازییەکانیش بێنە سەر هێڵ و هاوکاری ئەو خێزانانە بکەن بۆ ئەوەی چیدی بەهۆی هەژارییەوە هاووڵاتیان پەنا بۆ خۆکوشتن و خۆخنکاندن نەبەن".

# کۆمیتەی هەرێمەکان هەڵوەشانەوە.. یان هەڵیانوەشاندنەوە ؟

## پەراوێزێکی کورت بۆ پێشەکییەکەی مەلا بەختیار بۆ کتێبی: (ئازاد هەورامی.. کەرکوکییەکی کوردستانی)


مامۆستا جەعفەر

بەشی دووەم و کۆتایی

### نەوشیروان و کۆمەڵە

مەلا بەختیار ڕستەکانی بەشێوەیەکی ئەوتۆ دارشتووە، گوایە: ئەو یەکەمین کەسە، پاش شەهید ئارام (شاسوار جەلال) کە پێشنیازی کردووە سەرکردایەتی کۆمەڵە ڕادەستی نەوشیروان مستەفا بکرێت. دارشتنەکەی ئەو، من وای دەخوێنمەوە، ئەو یەکەمین کەسە کە پێشنیازەکەی کردووە، پێش ئەوەی کەسانی تر ئەم بیرۆکەیە لە مێشکیاندا گەڵاڵە بێت. هەر خۆی یەکەمین کەسە لە قەرەداخەوە نامەی بۆ مام جەلال ڕەوانە کردووە و گوایە: قەناعەتی پێکردووە ئەم پێشنیازە پەسەند بکات. ئەندازیاری ژمارە یەکی پڕۆژە بڕیارەکە مەلا بەختیارە و ناوەکانی تر، پاش ئەو نامەیە، بە ئاگا هاتوونەتەوە.

### گێڕانەوەیەکی زۆر جیاواز

گێڕانەوەکەی نەوشیروان مستەفا ئەمین لەوبارەیەوە زۆر جیاوازە! کرۆکی چیرۆکەکەی ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە: پاش شەهیدبوونی ئارام، ئەم دەستپێشخەری بۆ کادر و ئەندامانی کۆمەڵە کردووە، کۆنفرانسێک یان کۆبوونەوەی فراوان بکرێت: پێشنیازی تر و پلانی تر لە نووسینەکانی ئەودا، لە کوولەکەی تەرپشدا باس نەکراوە. ئەو پاش بیست و یەک ساڵ بیری دەکەوێتەوە:

"وەڵامی نامەکەی کۆمیتەی هەڵمەتم نووسییەوە. بەڵێنم دانێ بۆ هاوکاری و یارمەتی هەرچی بە من بکرێ دریخی نەکەم. مسۆدەی بەیانێکیشم بەناوی کۆمەڵەوە بەو بۆنەیەوە نووسی و بۆم ناردن کە ئەگەر پەسەند بێ چاپی بکەن و بڵاوی بکەنەوە. نامەیەکی بە پەلەم بۆ مام جەلال و مەکتەبی سیاسی نووسی کە ئەوانیش بەیانێکی لەسەر دەربکەن. هەروەها هەموو ئەو کادرانەی کۆمەڵە کە لەو نزیکانە بوون بانگم کردن بۆ کۆبوونەوە. هەواڵەکەم پێ ڕاگەیاندن. پێم وتن پێویستە خۆیان بۆ کۆبوونەوەی فراوانی کادرەکان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی کاروباری ڕێکخراوەیی کۆمەڵە بە جۆرێکی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی نوێ سەرلەنوێ ڕێک بخەینەوە".

گوایە پاش 1978/1/31 سەری گوریسەکە کەوتووەتە دەست ئەم و کادرو ڕێکخستنەکان ڕوویان کردووەتە ئەم و کەسی تریان بە لێپرسراوی خۆیان نەزانیوە، هەرچەندە ئەم (بە ڕەسمی) لە دەرەوەی بازنەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەش بووە.

### دوو جیهانبینی

ئەوە ڕاستە کە لە نێوان ئابی (1977) تا (1978/1/31) ماوەیەکی کورتە و ڕەنگە مەلا بەختیار نەیپەرژابێت، بە وردی نەوشیروان هەڵبسەنگێنێت و داوا لە ئارام بکات بیروبۆچوونی خۆی لەسەر نەوشیروان بدرکێنێ. بەڵام دڵنیام مەلا بەختیار هەر لە یەکەم دانیشتندا لە نەوشیروان تێگەیشتووە، نەوشیروانیش بەرامبەر مەلا بەختیار و کادرەکانی کۆمەڵە کە بۆ پێشوازی بۆ ناوچەی سێ سنوور ڕۆیشتوون، لە کتێبی (لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی نێوزەنگ) دەنووسێت:

"مام جەلال سواری وڵاخ بوو، من پیادە بووم، لێی پرسیم: "وەزعی وڵات چۆنە؟" وتم: "ئێستا ماندوم لەم هەورازەدا ناتوانم زۆر قسە بکەم، بەڵام ئەوەندەت پێ ئەڵێم، ئێمە ئەوانەی دەرەوە، لەگەڵ ئەم برادەرانەی ئێرە، هەر ناوەکەمان یەکە، ئەگینا لە هەموو شتێکدا جیاوازین. وەزعی شۆڕشەکە بەهۆی هێرشی جەیش و تەسلیمبونەوەی زۆری پێشمەرگە خراپە، ئەبێ خەریکی هەڵسانەوە بین، بەجێهێشتنیان لەم کاتەدا عەیبە ئەگینا هەر لێرەدا پێشنیازم بۆ ئەکردی بەکام ڕێگادا هاتووین بەهەمان ڕێگادا بگەڕێینەوە بۆ دەرەوە". (1)

ـ ساڵی 1978 نامەیەکم لە دۆستێکەوە لەناو شارەوە پێگەیشت، بەڕوونی ئەم دێڕەی تێدا نووسرابوو: "نەوشیروان بۆیە هێنراوەتەوە، کۆمەڵەی ڕادەست بکرێت، بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوە و لەناوبردنی کۆمەڵە... تاد". ئەم نامەیە زووتر نووسرابوو، درەنگ گەیشتە دەستم.

ــ لە ساڵی 1976 بەدواوە، لەناو شانە و بازنەکانی کۆمەڵەدا ئەوە دەزانرا کە نەوشیروان مستەفا یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری (ی. ن. ک) و لە شامە. پێشتریش لەناو بازنە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەدا بووە. لەکاتی یەکگرتنەوەدا، لە ساڵی 1970 و ڕاگەیاندنی (کملک)، ئەم خۆی و دەستەکەی لەسەر پێکهاتن و سەرکردایەتی کۆمەڵە ناڕازی بوون، لە پڕۆژەی دامەزراندنی کۆمەڵە کشاوەتەوە.

ـ چەندین تێکۆشەری دێرین، خوێندنەوەی خۆیان بۆ نەخشەی سیاسی هەبووە. زانیویانە نەوشیروان بە ئەرکی ڕامکردنی کۆمەڵە و دەستەمۆکردنی کادر و ئەندامەکانی دەهێنرێتەوە و وەکو سکرتێر بەسەر کۆمەڵەدا دەسەپێنرێت و ئەوەی ئامادە نەبێت لەقاڵب بدرێت، بە پاڵ لەشانۆی سیاسی ئاودیوی دەکەن. سەرکردایەتی کۆمەڵە پێیانوابووە، مام جەلال پشتیوانی لەهیچ کەسێک ناکات بیەوێت ڕیزەکانی کۆمەڵە بشێوێنێت!

دوو ساڵ لەمەوپێش سالار عەزیز بۆ ئێوارە خوانێک لەماڵی خۆی دەعوەتی کردبووین کە ئەمانە بووین: (عەبدولرەزاق فەیلی، فوئاد مەجید میسری، موحسین عەلی ئەکبەر، خۆشناوی وەستا ئەمین و....) پێکەوە شەنوکەوی خەرمانی بیرەوەری سەرەتای شۆڕش دەکرا. فوئادی مەجید میسری ڕووی کردە سالار عەزیز و گوتی: "من و تۆ و شەهید ئارام ساڵی 1975 لەماڵی وەستا ئەمینی باوکی ئەم کاک خۆشناوە موختەفی بووین. چەندین جار پێمگوتن: نەوشیروان دەهێنرێتەوە و ئەو دەبێتە سکرتێری کۆمەڵە و دەسەڵاتی موتڵەقیشی پێدەدرێت! ئێوە بڕواتان بە قسەکانم نەکرد و پێتانوابوو ئەم بۆچوونە ناواقیعیە و شتی وا ڕوونادات.."

سالار گوتی: "بەڕاستی ئەوکاتە ئاگادارت کردینەوە، بەڵام ئێمە دەمانگوت: ئێمە ڕێکخستنی کۆمەڵەمان گرتۆتەوە و شۆڕشمان بەرپا کردووە، کێ دەتوانێ ئەم هەموو خەباتەی ئێمە لەبەرچاو نەگرێت؟ کاتێک من و کاک ئارام لە مالوومە بووین، بەرەبەرە هەندێ دەنگوباسمان دەبیست، کاک ئارام دەیگوت: یادت بەخێر کاک فوئاد بەڕاستی قسەکانت هەر هەموو وەکو نەقشی سەر بەرد دەرچوون.."

فوئاد لە چەند بۆنەیەکی تردا، باسی مەترسیەکانی خۆی کردووە لە سیناریۆی هێنانەوەی نەوشیروان بۆ سەر شانۆی سیاسی و بوژاندنەوەی (مۆدێل)ێکی کۆن و شکستخواردوو لەکاری سیاسی پاش ئاوابوونی ڕۆژ و سەردەمی ئەوان. ئایدیۆلۆجیا کاریگەری مۆرفین و مەریوانە و تلیاکی لەسەر ئەوانە هەیە، کە دەکەونە گۆماوەکانیەوە و توانای پەلەقاژە و خۆدەربازکردنیان نامێنێت.

### هەڵوێستی سالار عەزیز

سەرەتای (1978) سالار عەزیز لە دەرەوەی وڵات بوو، هەر لەوێوە ئاڵای دژایەتی خۆی بۆ هەڵوەشاندنەوەی (کۆمیتەی هەرێمەکان) بەرزکردەوە و داوای کرد: دەبێ لەناو کۆمەڵە خۆیەوە بڕیاری بەستنی کۆنفرانس و هەڵپەساردنی (کۆمیتەی هەرێمەکان) بدرێت. نامەیەکی ڕەوانەی کۆمیتەی (هەڵمەت) کردبوو، بەڕاشکاوانە داوای لێیان کردبوو، هەڵوێست وەربگرن و دژی هەڵوەشاندنەوەی (کۆمیتەی هەرێمەکان) بوەستن: دەبێ کۆمیتەی هەرێمەکان بڕیاری بەستنی کۆبوونەوەی فراوان بدات، نەک بەبێ ئاگاداری هەموو (ئەندامانی کۆمیتەی هەرێمەکان) ژمارەیەک کادرو ئەندام لە نۆکان (نەورۆزی 1978) کۆبکرێنەوە و بڕیار بدەن سێ کەس بۆ ناوەندی کۆمەڵە هەڵبژێرن (نەوشیروان، ئازاد، مامۆستا جەعفەر). نەوشیروان بەم هەنگاوە دەیەوێت بەخشکەیی کۆمەڵە لەناوبەرێت.. تاد.

بەدرێژایی ساڵی 1978 نەوشیروان هەوڵی بێوچانی دەدا، کادرە سیاسی و عەسکەرییەکان بەگژ سالار عەزیزدا بکات و لە ڕیزەکانی کۆمەڵە پەراوێزی بخات. سالار لە نۆڤەمبەری 1978 لەکاتی شەڕی (مامەندە) گەڕایەوە و پلانەکانی نەوشیروانی هەڵوەشاندنەوە و ناچاری کردن ناوەندی کۆمەڵە بەم شێوەیە پێکبهێنرێت: (نەوشیروان، سالار عەزیز، مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی، مامۆستا جەعفەر). هەر بڕیارێک و هەر هەنگاوێک بۆنی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی لێهاتبایە بەتوندی لێی هەڵدەپرینگاینەوە.

### ئارام ــ مەلا بەختیار

مەلا بەختیار هەمیشە حەزی کردووە، بە قوتابییەک لە قوتابییەکانی ئارام خۆی بناسێنێت و هەڵگری بیروباوەڕی ئەو بێت. تەنانەت پێش ڕاگەیاندنی (ئاڵای شۆڕش) و پاش ڕاگەیاندنی (ئاڵای شۆڕش)، ئارام (بەروێنە)*ی ئەو ڕێکخراوە بوو کە نەوشیروان لەناو لانکەدا پلیشاندییەوە. ناوی (ئاڵای شۆڕش) ناوی ئەو ڕۆژنامەیە بوو کە ئارام لە قەرەداخ ساڵی 1977 یەک ژمارەی لێدەرکرد.

بیروڕای ئارام، بە ڕێکوپێکی لەلایەن هاوڕێ نزیکەکانییەوە نەنووسراوەتەوە و کاری لەسەر نەکراوە. هەرچی نامەو نووسراویش هەیە، سەرکردەیەک بەڵێنی ئەوەی دابوو کۆیانبکاتەوە و چاپیان بکات. بەڵێنەکە بڵقی سەر ئاو دەرچوو، دیارە هەر بۆ ئەوە بووە لەبن دەستی خۆیدا بێت و نەهێڵێت ڕووناکی ببینێت. ساڵی 1980 من کتێبی (هەڵبژاردەیەک لە نووسینەکانی شەهید ئارام ـ بەرگی یەکەم)م بڵاوکردەوە. بە ئومێدی ئەوەی نامە و نووسینەکانی تریشی بڵاوبکەینەوە، داخی داخانم فریای کۆکردنەوەی هەموو نامەکانی نەکەوتم.

ئەوانەی ئارامیان لە نزیکەوە بینیوە، بەشێکیان دەژین و هەڵوێست و شێوەی بیرکردنەوەی ئارامیان لەبیرماوە. مەلا بەختیار یەکێکە لەوانەی ماوەیەکی ــ ڕێژەیی ــ زۆر لەگەڵ ئارامدا کاری کردووە و نوکتە و قسە خۆشەکانیشی لەبیرماوە. ئایا ئارام و نەوشیروان هاوهەڵوێست و هاوبیربوون و دوو کەسایەتی هاوشێوە بوون و هەردووکیان وەکو یەک سەکردایەتی کۆمەڵەیان کردووە؟

پێمخۆشە مەلا بەختیار وەڵامی ئەم پرسیارەشم بداتەوە: ئایا ئارام خەباتی دەکرد لەپێناوی ئەوەی ڕێکخراوی کۆمەڵە بەهێز بکات، یان بیکاتە پاشکۆ و ڕێکخراوێکی دەستەمۆکراوی شکستخواردووی لاواز و پاشان هەڵبوەشێتەوە؟

من حەزدەکەم مەلا بەختیار خاترجەم بێت، بۆچوونی ئارام دەربارەی چارەنووس و گەشەکردنی (ی.ن.ک) زۆر جیاوازە و مام جەلال پڕۆژەی خۆی هەبووە و هەردوو پڕۆژەکەی (ی.ن.ک) و کۆمەڵە تا کۆتایی ساڵی 1977 زۆر لەیەکەوە دوورن.

### دوو تێڕوانینی ناکۆک

سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین (ی.ن.ک) یەک حزبی سیاسی (هۆمۆگێن)** نەبووە، واتە: یەک سەرکردایەتی، یەک ڕێکخراو، یەک هێزی پێشمەرگە و... تاد. سێ ڕێکخراو، یان سێ باڵ، لە نیمچە بەرەیەکدا، لەسەری سەرەوە، یەک ڕێکخراو بوون، لەوان بۆ خوارەوە، کۆمەڵە (کملک) (1) و بزووتنەوە (بسک) (2) و هێڵی گشتی، هەریەکەیان ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگەی خۆیان هەبوو. هەریەکەیان ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینی و بیرکردنەوەیان هەر زۆر جیاواز بوو.

یەکێتی ئەو زەمانە دەیویست و هەوڵێکی زۆری دەدا، گرووپ و تەیارو دەستە دەستەی کەسانی تێکۆشەر لەناو ڕیزەکانی (ی.ن.ک) دا جێگای خۆیان بکەنەوە. ئەم سێ باڵە نەبوونە چوار باڵ! من ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە بدەمەوە: سێ باڵەکە لەناو یەکێتیدا خۆیان (قەتیس) کرد، یان یەکێتی لەچوارچێوەی ئەو سێ باڵەدا خۆی قەتیس بوو؟

دروشمی قۆناغی (شام) ئەوە بوو: یەکێتی نیمچەبەرەیە و دەبێ گەشەی پێ بدرێت بۆ ئەوەی ببێتە بەرەیەکی نیشتمانیی فراوان. کاک ئارام هەر زۆر بە ڕوونی و ڕاشکاوانە داکۆکی لەو بۆچوونە کردووە، کە (ی.ن.ک) ئێستا نیمچە بەرەیە و نیمچە حیزبە. ئەم نیمچە بەرەیە دەبێ بۆ (بەرەیەکی نیشتمانی) گەشەی پێبدرێت و نابێ ببێتە حیزب.

ئەم بۆچوونەی کاک ئارام لە (بەیاننامەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە و لە کۆتاییدا نووسراوە: یەکێتی نیشتمانی کوردستان ـ دەستەی دامەزرێنەر ـ وڵات ـ 1/ ئەیلول/ 1976) دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن. ک)ی دەرەوەی وڵات ناوەکانیان دیارە. بەڵام دەستەی دامەزرێنەری ـ ناو وڵات ـ ناوەکانیان دیارنییە!

### کاک ئارام لەبەیاننامەکەدا دەنووسێت:

(یەکێتی نیشتمانی کوردستان تێئەکۆشێ بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هێزە شۆڕشگێڕە نیشتمانپەروەرە دیموکراتخوازەکان لەچوارچێوەی شێوە بەرەیەکی نیشتمانی دیموکراتیدا، بەجۆرێک کە هەموو هێزو تەیارە پێشکەوتنخوازو نیشتمانپەروەرەکان خەباتیان بەتوندوتۆڵی یەکخەن. واتە یەکێتی نیشتمانی کوردستان حیزبێک نییە و جێی حزبی پێشڕەو ناگرێتەوە، بەڵکو لەپێناوی یەکگرتنی هێزە نیشتمانپەروەرەکان و لەناوبردنی دەستەگەری و دووبەرەکی دروست بووە).

ئەم تێگەیشتنەی کاک ئارام بۆ ی.ن.ک لە بەیاننامەیەکدا لە ناوەڕاستی ئەیلولی 1977 بە ناڕاستەوخۆ بەرپەرچ دراوەتەوە: دەبێ ی.ن.ک بە نیمچە حزب و نیمچە بەرە نەمێنێتەوە، بەڵکوو بکرێتە حزبێکی "پێشڕەو"!

لە ناوەڕاستی ئەیلولی 1977 سەرکردایەتی (ی. ن. ک) بە عەرەبی بەیانێکی بڵاوکردەوە، لەبن ئەم ناونیشانەدا: (البلاغ الختامی لاجتماعات اللجنە القیادیە للاتحاد الوگنی الکردستانی فی دورتها الاولی). ئەم بەیانە کۆپلەیەکی تێدایە باسی حزبی پێشڕەو دەکات:

(وقد اتخذت اللجنە قرارات هامە لاعادە تنقیم الاتحاد فی جمیع انحاء کردستان العراق وفق مبادیء الاتحاد السیاسیە والتنقیمیە، واقرت تشکیل لجان المناگق والمدن والاریاف بـ×ورە مشترکە وموحدە، وقررت تنشیگ النچال من اجل الاسراع فی ولادە الحزب الگلیعی الپوری القادر علی قیادە الاتحاد والپورە).

### دوا مەڵۆی پرسیار بۆ سەر خەرمانی ڕامان

ـ پاش چل ساڵ لە پێشنیازەکەی مەلا بەختیار، دەبێ لەخۆمان بپرسین: ئەم پێشنیازە چەند قازانجی بە خەباتی ڕەوای گەلی کوردستان گەیاند؟

ـ ئەگەر ئەم پێشنیازە بۆ مام جەلال نەکرابا، کۆمەڵە ئەڵتەرناتیڤی تری لەبەردەمدا نەبوو؟

ــ بۆ کادرەکانی کۆمەڵە خۆیان بە تەنیا کۆنفراسێکیان نەگرت و پێشنیازەکە لەناو کۆنفرانسەکەدا نەخرایە ڕوو؟

ـ نەوشیروان کرایە سکرتێر و جێگرەوەی ئارام، ئەی بۆ دەسەڵاتەکانی یەک بە یەک پێناسە نەکرا؟ ئەمیش دەسەڵاتی ڕەهای پێ ڕەوا بینرا؟

ــ ئایا کۆمەڵە ئەوەندە لاواز بوو کە نەتوانێت سەرکردەیەک لە ڕیزەکانی خۆیدا بەرهەم بهێنێت؟

ـ ئایا کۆمەڵە، جگە لە پاشکۆبوون، بژارەی تری نەبوو؟

ــ ئایا مەلا بەختیار ئاگاداری هەڵوێست و بیروبۆچوونی سالار عەزیز بووە کە بەتوندی دژی هاتنی نەوشیروان بووە بۆ ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە؟ ئەوکاتە سالار عەزیز لە دەرەوەی وڵات بووە و هاوڕێکانی و بەتایبەتی مەلا بەختیار چاوەڕوانی هاتنەوەی ئەویان نەکردووە و پێشنیازی خۆی کردووە: سەرکردایەتی بە دەسەڵاتی موتڵەقەوە ڕادەستی نەوشیروان بکرێت، خۆیشی باجێکی قورسی داو بەسەدان کەسیش بوونە قوربانی... تاد.

کادیرانی کۆمەڵە دەیانزانی کە نەوشیروان بۆ ڕامکردنی کۆمەڵە و دەستەمۆکردنی کادر و ئەندامەکانی دەهێنرێتەوە و وەکو سکرتێر بەسەر کۆمەڵەدا دەسەپێنرێت

نەوشیروان هەوڵی بێوچانی دەدا، کادرە سیاسی و عەسکەرییەکان بەگژ سالار عەزیزدا بکات و لە ڕیزەکانی کۆمەڵە پەراوێزی بخات

پێشنیازەکەی مەلا بەختیار چەند قازانجی بە خەباتی ڕەوای گەلی کوردستان گەیاند؟




(1) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ. ل 167.
(2) کملک: کورتکراوەی کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی کوردستان ئەندێشەی ماو تسی تۆنگ.
(3) بسک: کورتکراوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.

* بەروێنە: Vorbid بەر+ وێنە لەسەر کێشی Vor+Bild بەعەرەبی: قدوە: کەسێک لەلایەن کەسانی ترەوە وەکو نموونە دەبینرێت.
غاندی بەروێنەی ئەو کەسانەیە کە بڕوایان بە ڕێبازی نازەبرەزەنگ هەیە.
چێ گوارە (جیڤارا) بەروێنەی چەپ و شۆڕشگێڕە لاوەکانی جیهانە.
** هۆمۆجێن: Homogen: هاوئاهەنگ، هاوشێوە (متجانس)..

**تێبینی:** بەشی یەکەمی ئەم باسە لە ژمارەی پێشووی (ڕووداو)دا ناونیشانەکەی بە هەڵە ئاوا نووسرابوو: "کۆمیتەی هەرێمەکان هەڵوەشانەوە.. یان هەڵیانوەشاندنەوە؟"

## مانگی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجەی مەمکە

# لە کوردستان هەفتانە 18 ئافرەت تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبن



**ئاراس براذۆستی**
**رووداو - هەولێر**



لە کوردستان ناوەندی تەمەنی تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمک 45-49 ساڵە

مانگی ئۆکتۆبەر لەلایەن رێکخراوی تەندروستیی جیهانییەوە بە مانگی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجەی مەمک دیاریکراوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە سەختترین نەخۆشییەکان لە رۆژمێری تەندروستی جیهانیدا، تەنیا رۆژێکیان بۆ تەرخان دەکرێت. بەڕای پسپۆڕانی هۆشیاریی تەندروستی، دانانی مانگێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجەی مەمک ئەوە دەردەخات کە نەخۆشییەکە کوشندە و مەترسیدارە.

وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان هێشتا ئامارەکانی ئەمساڵی بڵاونەکردوونەتەوە، بەڵام بەپێی ئاماری ساڵی پاری هەمان وەزارەت، لە هەرێمی کوردستان هەفتانە زیاتر لە 18 ئافرەت وەک تووشبووی شێرپەنجەی مەمک دەستنیشان دەکرێن. توێژەرانی بوارەکە بۆیان دەرکەوتووە تەمەنی تووشبوون بەو شێرپەنجەیە لە کوردستان کەمترە، ئەوەش دەگێڕنەوە بۆ گۆڕانی شێوازی ژیان بەرەو ستایلی ناتەندروست.

بەپێی ئەو ئامارەی لەلایەن د.خالس قادر، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستانەوە دراوەتە (رووداو)، ساڵی رابردوو 921 حاڵەتی شێرپەنجەی مەمک لە کوردستان تۆمارکراون، بەپێی هەمان داتا، ساڵی 2016 لە کوردستان 524 حاڵەت و ساڵی 2015ش 813 حاڵەتی شێرپەنجەی مەمک تۆمارکراون.

بەپێی ئەو ئامارانە، هێشتا رێژەی شێرپەنجەی مەمک لە کوردستان ناگاتە پێنجیەکی ئەوەی لە وڵاتانی رۆژئاوایی هەیە.

د.فەتاح حەمەرەحیم هەورامی، هەڵگری بڕوانامەی بۆرد (دکتۆرا) لە پزیشکیی گشتی و مامۆستای زانکۆی سلێمانی، بە (رووداو)ی گوت: "شێرپەنجەی مەمک لە کوردستان کەمترە بەراورد بەوەی لە ئەوروپا و ئەمریکا هەیە، بەڵام جیاوازییەکە بەو رادە زۆرە نییە".

لەبارەی هۆکارەکانی ئەو جیاوازییە، د.فەتاح وای دەبینێت کە لە کوردستان هەموو حاڵەتەکانی شێرپەنجە تۆمار ناکرێن: "لە کوردستان سیستمی پشکنینی پێشوەختە کارا نییە و تەنیا ئەوانە پشکنین دەکەن کە تووش بوون، بۆیە دەکرێ چەندین حاڵەت هەبن کە لە قۆناغەکانی سەرەتای شێرپەنجەی مەمکدا بن و تاوەکو ئێستا تۆمار نەکرابن".

جگە لەوە، پزیشکە پسپۆڕەکە پەرشوبڵاویی داتاکان و نێوەندەکانی تۆمارکردنی نەخۆشییەکە بە هۆکار دەزانێ: "سیستمێکی ئاماری یەکگرتوومان نییە، تەنانەت لە هەمان شاردا چەند نێوەندێک هەن کە نەخۆشەکان روویان تێدەکەن، بەو شێوەیە هەموو حاڵەتەکان ناچنە یەک نێوەند".

### شێرپەنجەی مەمک چییە؟

شێرپەنجەی مەمک، بریتییە لە گۆڕانی شێرپەنجەیی لە شانەکانی مەمکدا کە زیاتر لە کۆکەرەوە و رێڕەوەکانی شیردا روودەدات. شێرپەنجەی مەمک زیاتر لە پێنجیەکی ئەو شێرپەنجانە پێکدێنێ کە تووشی خانمان دەبن. لە ساڵی 2008 دا زیاتر لە 458 هەزار خانم بەو جۆرە شێرپەنجەیە مردوون.

پزیشکێکی پسپۆڕی شێرپەنجە دەڵێت بڕیاربەدەستانی وڵات باوەڕیان بە خۆپارێزی نییە، هەرچەندە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەند بۆنەیەکدا گوتوویەتی: "دەبێت پێشگیری لە نەخۆشییەکان بکەین". بەڵام بەڕای پزیشکانی پسپۆڕی بوارەکە، ئەمە نەبووەتە بەشێکی گرنگ لە پرۆگرامی وەزارەتی تەندروستی.

د.فەتاح هەورامی دەڵێت، سیستمی تەندروستیی کوردستان ئەوەندەی بیر لەوە دەکاتەوە چۆن تووشبووان چارەسەر بکات، پلانێکی بەهێزی نییە بۆ هاندانی خانمان تاوەکو خۆیان لە تووشبوون بپارێزن، یان هۆشیاریان بکاتەوە لە گرنگیی پشکنینە پێشوەختەکان و زوو دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە.

د.فەتاح بە نیگەرانییەوە دەڵێت: "سیستمی تەندروستیی ئێمە سەنگەری یەکەمی بەرگری چۆڵ کردووە و خەریکی دیواری دووەم و سێیەمە، لەکاتێکدا سەنگەری یەکەم گرنگترینە کە بریتییە لە لایەنی هۆشیارکردنەوەی ئەوانەی هێشتا تووش نەبوون، یان لە سەرەتای تووشبووندان و نازانن ئەو نەخۆشییەیان هەیە".

### بۆچی گەنجەکان زۆرتر تووش دەبن؟

د.شێرکۆ عەبدوڵڵا کە دکتۆرای لە نەشتەرگەریی گشتیدا هەیە، یەکێکە لەوانەی ساڵی رابردوو سەرپەرشتی توێژینەوەیەکی لەبارەی شێرپەنجەی مەمک کردووە، ئەو دەڵێت لە کوردستان چەند هۆکارێک هەن کە خانمانی خوار پەنجا ساڵی زۆرتر تووشی شێرپەنجە دەبن، لەوانە"

1- زۆر خواردنی مریشکی دەواجن: ئەو مریشکانە ماددەگەلی هۆرمۆنییان پێدەدرێت و خانمانیش بە خواردنی ئەو مریشکانە هەمان هۆرمۆن وەردەگرن و ئەوەش رێگا بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەکات.

2- شیرینیی دەستکرد: خەڵکی ئێستا زۆر زیاتر لەوانەی پێشوو شیرینییە دەستکردەکان دەخۆن بە تایبەتی لە بۆنەکاندا.

3- خواردنە خێرا و لە قوتوونراوەکان لەلایەن گەنجانەوە زیاتر دەخورێن، بە بەراورد بە خانمانی بەتەمەن کە زیاتر بە خۆراکە کلاسیکییە کوردییەکانەوە پابەندن.

4- گرتنەبەری شێوازی رۆژئاواییانە لەلایەن خانمانی نوێوە، لە نموونەی ئەو شێوازانەش کە شێرپەنجەی مەمک زیاد دەکەن: درەنگ شووکردن، درەنگ منداڵبوون و کەم منداڵبوون، دوورکەوتنەوە لە شیردانی سروشتی و بەکارهێنانی رێوشوێنی رێگری لە منداڵبوون وەک حەبی دژە سکپڕی و هاوشێوەکانی.

### خانمانی کورد بە گەنجی تووش دەبن

توێژینەوەیەک کە ساڵی 2016 لەسەر 884 ئافرەتی کوردستان (454 تووشبووی شێرپەنجەی مەمک و 430 کەسی تەندروست) کراوە، دەریخستووە تەمەنی نێوەندیی تووشبوون بەو نەخۆشییە لە کوردستان 45-49 ساڵە، بەڵام لە ئەمریکا نزیکەی 60 ساڵە. پزیشکانی توێژەر دوای دەرکەوتنی ئەو ئەنجامانە گوتبوویان دەبێت لە کوردستان لە تەمەنێکی زووترەوە پشکنینی پێشوەخت بۆ شێرپەنجە بکرێ، بۆ نموونە لە ئەمریکا لە 50 ساڵیدا ئەو پشکنینانە دەکرێن، دەبێت لە کوردستان خانمان هان بدرێن لە تەمەنی 40-45 ساڵییەوە بیکەن.

### نیشانەکانی

- گرێ لە مەمکدا یان لە بنباڵدا.
- گەورەبوون و شۆڕبوونەوەی مەمک.
- پووکانەوە و رۆچوونی گۆی مەمک.
- سووربوونەوە یان پووکانەوەی پێستی مەمک.
- دەرچوونی شلەمەنی لە گۆی مەمک.
- ئازارێکی جێگیر لە مەمک و دەوروبەریدا.

### کێ زۆرتر تووش دەبێ؟

- 99%ی تووشبووان ئافرەتن
- بۆماوەیی
- ئەو ئافرەتانەی منداڵیان نابێت.
- ئەوانەی شیری خۆیان نادەنە منداڵەکانیان.
- جگەرەکێش.
- قەڵەوەکان.
- ستایلی نادروستی ژیان.

# 9 خۆراک ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەکەن

**رووداو - ئاژانسەکان**

هەندێک خۆراک هەن کە خۆراکی خوازراوی مرۆڤن، بەڵام مرۆڤ بێ ئاگایە ئەو خۆراکانە نەک دۆست، بەڵکو دوژمنی سەرسەختی جەستەی مرۆڤن. لەو خۆراکانەی بە دۆستی شێرپەنجە ناسراون بریتین لە:

**1 شەکری سپی و شیرینیی دەستکرد:**



بە ئاسانی زیندەپاڵ دەکرێن و باشترین خۆراکی خانە شێرپەنجەییەکانن، بۆیە باشترە سوود لە شیرینییە سروشتییەکان وەربگیرێت وەکو هەنگوین و گەزۆ

**2 گۆشتی لە قوتوونراو و دەستکاریکراو:**



بۆ درێژکردنەوەی تەمەنیان و پاراستنیان لە تێکچوون ماددەی پارێزەریان تێدەکرێت، بە تەواوی ساخبووەتەوە کە ماددە پارێزەرەکان یەکێک لە هۆکارە یاریدەدەرەکانی تووشبوون بە شێرپەنجەن.

**3 ماسیی حەوز:**



بڕێکی زۆر ماددەی کیمیایی دەکرێتە ئەو حەوزانە، ئەو ماددانە بەیەکەوە سەردەکێشن بۆ شێرپەنجە، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە، چونکە خەڵکی بۆ تەندروستبوون روو لە خواردنی ماسی دەکەن، کەچی تووشی شێرپەنجە دەبن، بۆیە گرنگە حەوزەکانی ماسی لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و کشتوکاڵەوە بە وردی و وریاییەکی زۆرەوە کۆنترۆڵ بکرێن.

**4 خواردنە ترشێنراوەکان:**



خەیارشۆر بە نموونە، لە سرکە و خوێیەکی زۆردا هەڵدەگیرێت، ئەو خۆراکانەی دەترشێندرێن ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی گەدە زیاد دەکەن.

**5 گۆشتی برژاو:**



لە برژاندنی گۆشتدا هایدرۆکاربۆنە فرەسووڕە ئەرۆماتییەکان پەیدادەبن، ئەوانیش سەردەکێشن بۆ شێرپەنجە، دەبێت بزانین مەرج نییە گۆشتی برژاو هۆکاری راستەوخۆ بێت، بەڵام پێویستە خواردنی گۆشتی برژاو کەم بکرێتەوە.

**6 رۆنی هایدرۆجینکراو:**



گفتوگۆیەکی زانستی قووڵی لەسەرە، هایدرۆجینکردنی رۆن بە هەر مەبەستێک بێت هۆکارێکە بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە، کێشەکە لەوەدایە کە لە بازاڕەکانی کوردستان ناتوانی رۆنی هایدرۆجینکراو بناسیتەوە، ئەمەش کارەساتێکی تەندروستیی گەورەیە.

**7 چیپسی پەتاتە:**



توێژینەوە پزیشکییەکان سەلماندوویانە رۆژانە یەک ئۆنس چیپسی پەتاتە ئەمانەت بەسەردەهێنێ:

- یەک کیلۆگرام کێشت لە ساڵێکدا زیاد دەکات.
- ئاستی چەورییە زیانبەخشەکانی جەستەت بەرز دەکاتەوە.
- گوشاری خوێن بەرزدەکاتەوە.

**8 پاکەتی گەنمەشامی:**



ماددەی "PFOA" تێدایە کە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەکات.

**9 ئاردی سفر:**



ئەگەری قەڵەوی و شەکرە زیاد دەکات، فرەکیسی هێلکەدان لە خانماندا زیاد دەکات، ئەمەش شێرپەنجەکانی کۆڵۆن و مەمکی لێدەکەوێتەوە.

# دەرمانی نوێی شێرپەنجە بەڕێوەن

**رووداو - ئاژانسەکان**

ناوەندە پزیشکییەکان سەرقاڵی دۆزینەوەی چارەسەری تازەن بۆ نەخۆشیی شێرپەنجە. ئێستا کۆمەڵێک دەرمانی تازەی نەخۆشییەکە لە قۆناغی تاقیکردنەوەدان لەسەر مرۆڤ و ئاژەڵ.



ئەمانە هەندێک زانیارین لەبارەی نەخۆشیی شێرپەنجە:

- زیاتر لە 100 جۆری شێرپەنجە هەن
- باوترین جۆرەکانی لە خانماندا بریتین لە:
  - * شێرپەنجەی مەمک
  - * سییەکان
  - * گەدە
  - * کۆڵۆن
  - * ملی منداڵدان

- **باوترین جۆرەکانی شێرپەنجە لە پیاواندا**
  - * شێرپەنجەی سییەکان
  - * گەدە
  - * جگەر
  - * کۆڵۆن
  - * رێکە
  - * سورێنچک

- **دەرمانی نوێ بەڕێوەن:**
940 دەرمانی شێرپەنجە لە قۆناغی تاقیکردنەوەدان لەسەر مرۆڤ و 1064 دەرمانیش لە قۆناغی تاقیکردنەوەدان لەسەر ئاژەڵ.

- **توێژینەوەکان بەردەوامن:**
ئەمساڵ دەست بە 469 توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەو دەرمانانە کراوە و52 هەزار نەخۆش لە توێژینەوەکاندا بەشدارن.





هونەر رێبوار

# دکتۆر تێکدەرن؟

کاتێک دەبیتە پزیشک، هەر لە یەکەم رۆژەوە پرسیاری زۆرت لەبارەی تەندروستی لێدەکرێت، دەچیتە هەر شوێنێک، کۆمەڵێک نەخۆش هەن کە راوێژت پێدەکەن و قەت بۆ جارێکیش بە قسەت ناکەن!

لە یەکێک لە بۆنەکاندا لەماڵی خزمێک لەگەڵ باوکم دانیشتبووین، کۆمەڵێک کەسی ناسیاو و خزمی دیکەی لێبوون، لەو مەجلیسانەشدا بەشێوەیەکی گشتی، یان گفتوگۆی سیاسییە، یان پرسیارکردنە لە دکتۆر. بۆ هەر وەڵامێکیش کە تۆ پێیان دەڵێی، دنیایەک بیانوویان هەیە. بەڵام لە هەمووی گرنگتر بە لایانەوە ئەوەیە، کە گلەیی بکەن و پێت بڵێن چاک نەبووم.

یەکێک لە پیاوەکان لە مەجلیسەکەدا کە تەمەنی لە سەرووی 50 ساڵ دەبوو، گوتی ئەرێ کورم مادام هەر لێرەی دەبا ئەمنیش دەردی دڵی خۆمت بۆ باسبکەم: " ئەوە 10 ساڵە شەکرەم هەیە، دەرمانەکانیش دەخۆم، زۆر سەوزە و میوەش دەخۆم! بەڵام هیچ باش نەبووم، دکتۆر هەموو جار پێم دەڵێت شەکرەکەت کۆنترۆڵ نییە".

کە لێمپرسی دەرمانەکان چۆن دەخۆی و چۆنی لەگەڵ رێژیمکردن و خۆپارێزی؟ گوتی: "وەڵڵا من لە ماڵێ جیهازم هەیە، بەیانیان کە هەڵدەستم فەحسی شەکرەکەم دەکەم، ئەگەر شەکرەم بەرز بوو، ئەو رۆژە دەرمانەکان دەخۆم، ئەگەریش شەکرەکەم باش بوو ئەوە دەرمانی بۆچییە؟ بۆ سەوزە و میوەش من بەردەوام کە دادەنیشم هەموو میوەکان دەخۆم".

لەڕووی زانستییەوە کاتێک کەسێک وەک تووشبووی نەخۆشیی شەکرە دەستنیشان دەکرێت، بە دڵنیاییەوە پزیشکەکەی چەندین پشکنینی بۆ کردووە تاوەکو بڕیاری داوە، زۆرجاریش بەر لە نووسینی دەرمان چەند جارێک بە نەخۆش دەگوترێت دەبێت خۆپارێزی بکات. پاشان ئەگەر تەنیا بەوە کۆنترۆڵ نەبوو، دەست بە پێدانی دەرمان دەکرێت و بەپێی پێویستی تووشبووەکە، بڕە دەرمانەکەی بۆ دیاری دەکرێت.

زۆر لە نەخۆشەکان کاتێک کە خۆیان پشکنین دەکەن، رەنگە لەکاتی بەر لە نانخواردن و چەند کاژێرێک بەڕۆژووبوون پشکنین دەکەن کە لەوکاتەدا زۆرجار شەکری خوێن کەم دەکات، ئەمەش رەنگە هی دەرمانەکە بێت کە لەوکاتەدا ئاستەکەی ئاسایی یان نزیک لە ئاساییە، یان هۆکارەکەی برسیبوون بێت کە چەند کاژێرێکە کەسەکە نانی نەخواردووە، بەڵام گرفتی زۆربەی نەخۆشەکان ئەوەیە لەو کاتەدا هەست دەکەن چاکبوونەتەوە و دەڵێن ئیدی شەکرەکەم باشە، بۆیە واز لە دەرمان دەهێنن! ئەمەش رێگەیەکی هەڵەیە و هیچکات نابێت بەبێ راوێژی پزیشک نە دەرمان بگۆڕدرێت، نە وازیشی لێبهێنرێت.

هەروەها هەندێکجار نەخۆش گوێی لێدەبێ کە میوە باشە، رۆژانە چەندین جۆری میوەی تەواو شیرین بەسەر یەکەوە دەخوات، ئەوەش رێگەیەکی نادروستە و نابێت هەموویان بەسەریەکەوە بخورێن، بەڵکو خواردنی جۆری جیاواز بەبڕی کەم و لەکاتی جیاواز رێگەی دروستە.

هەندێ رێنماییم لەبارەی شێوازی دەرمانەکە و خۆپارێزی بە پیاوەکە گوتن، سەبارەت بەوەی کە نابێت بەبێ گەڕانەوە بۆ پزیشک واز لە دەرمانەکان بێنێت و بۆ میوە خواردنیش نابێت هەرچەند و هەرچییەکی لەبەردەست بوو بە ئارەزووی خۆی بیخوات و دەبێت بڕەکەی دیاریکراو بێت. ئەو کە قسەکانمی بەدڵ نەبوو، بەتووڕەییەوە گوتی: "وەڵڵاهی دکتۆریش سەریان لەو خەڵکە تێکداوە؟".

# موجاهیدینی خەلق...

# دەوڵەتێکی شاراوە لەناو دەوڵەتی ئەلبان

**ڕووداو- هەولێر**

ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق لە ئەلبانیا بنکەیەکیان داناوە، بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەیەکی بەریتانیک ڕێکخراوەکە لەو بنکەیەوە پارە دەبەشێتەوە، تۆڕی پەیوەندیی رادیۆیی داناوە و هەواڵ و زانیاری لەسەر ئێران بڵاودەکاتەوە. خەڵکی ئەلبانیا باس لەوە دەکەن کە ئەو بنکەیە وەکو دەوڵەتێکی شاراوەی ناو وڵاتەکەیانی لێهاتووە.

ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی (ئیندیپێندنت)ی بەریتانی ئاشکرای دەکات کە ڕێکخراوە ئۆپۆزیسیۆنەکەی ئێران لە بەرزاییەکی نزیک تیرانا بنکەیەکی داناوە 340 هەزار مەتری چوارگۆشەیە. ئۆڵسی یازیچی، نووسەری ئەلبانی کە لەبارەی ڕێکخراوەکە لێکۆڵینەوە دەکات، دەڵێت: "ئێمە لە وڵاتێکی ئازاد و دیموکراتیکدا دەژین، بەڵام ئەوان (موجاهیدین) دەوڵەتێکیان لەناو دەوڵەتەکەی ئێمەدا دروستکردووە و یاسای خۆیان دادەنێن".

موجاهیدینی خەلق لە ڤیدیۆیەکدا بنکەکە بە "کەمپی نیشتەجێبوون" ناو دەبات، کە تێیدا پەیوەندیی خەڵکی ناوچەکە لەگەڵ دانیشتوونی کەمپەکە، شوێنە جیاوازەکانی و چالاکییە هونەری و مەدەنییەکانی ناو کەمپەکە پیشان دەدرێ. لە کۆتایی ئەو گرتە ڤیدیۆییەدا ئافرەتێک بەناوی سومەیە محەممەدی دەردەکەوێ و لەژێرنووسی گرتەکەدا باسی ئەوە دەکرێ کە باوکی سومەیە لەلایەن هەواڵگریی ئێرانەوە ناچار کراوە بڵێ کچەکەم لەلایەن موجاهیدینەوە ڕفێنراوە.

مستەفا و مەحبووبە محەممەدی، باوک و دایکی سومەیە، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە بەریتانییەکە دەڵێن 21 ساڵە کچەکەی خۆیان نەبینیوە، دوایین جاریش کە قسەیان لەگەڵ کرد لە ساڵی 2004 بوو کاتێک هەوڵیان دا سومەیە و براکەی لە کەمپی ئەشرەف لە ناوەڕاستی عێراق دەربکەن. مستەفا و مەحبووبە کە هاووڵاتیی کەنەدان، سەردەمانێک لایەنگری موجاهیدین بوون و یارمەتییان بۆ ڕێکخراوەکە کۆدەکردەوە، بەڵام دواجار هەردووکیان لە گروپەکە هەڵگەڕانەوە.

دایک و باوکەکە ڕێکخراوی موجاهیدین بەوە تۆمەتبار دەکەن کە سومەیەیان هەڵخەڵەتاندووە و پەلکێشی عێراقیان کردووە، دواتر پاسپۆرتەکەیان لێسەندووە و کردوویانە بە ئەندام لە ڕێکخراوەکەدا. مستەفا و مەحبووبە بە هەوڵی دیپلۆماتە ئەمریکی و کەنەدییەکان توانییان کوڕەکەیان لە کەمپەکەی عێراق دەربکەن، بەڵام کچەکەیان هەر لەوێ ماوەتەوە. موجاهیدینی خەلق تۆمەتەکانی خێزانی محەممەدی ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ سومەیە بە ویستی خۆی هاتووەتە ناو ڕێکخراوەکە و لە چەند گرتەیەکی ڤیدیۆییشدا خۆی لە دایک و باوکی بێبەری دەکات.

ئەندامێکی پێشووی موجاهیدین، لە تیرانای پایتەختی ئەلبانیا، قسە بۆ (ئیندیپێندنت) دەکات و ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە لە ڕێکخراوەکەدا گوشار هەبێ و دەڵێ: "من بڕیارم دا شوێن ژیانی خۆم بکەوم، بەڵام هیچ گوشارێکم لێنەکرا بۆ ئەوەی بمێنمەوە".

دایک و باوکی سومەیە هەوڵێکی زۆریان لەگەڵ بەرپرسانی ئەمنیی ئەلبانیا دا تاوەکو لە دۆزینەوەی سومەیەدا یارمەتییان بدەن، بەڵام ئەوان گوتبوویان کچەکەیان لە ئەلبانیا نییە. دواجار گروپێکی تایبەت بە کاروباری پەنابەران بە دایک و باوکەکەیان ڕاگەیاندبوو کە کچەکەیان لە 2015 هاتووەتە تیرانا. بەپێی ڕاپۆرتەکە، مستەفا و مەحبووبە توانیبوویان بەرپرسێکی پۆلیسی شارەکە ڕازی بکەن بۆ دڵنیابوون لە چارەنووسی سومەیە بچێتە نێو کەمپەکەوە.

یازیچی لەبارەی ئەو هەوڵەی پۆلیسەوە بە ڕۆژنامە بەریتانییەکە دەڵێ: "ئەمە شۆکێکی گەورە بوو بۆ موجاهیدینی خەلق، چونکە ئەمە ڕۆڵ و پێگەی فەرماندەکانی موجاهیدین لەبەرچاوی ئەندامانی دیکەی ڕێکخراوەکە شکاند".

دایک و باوکەکە هەواڵی ئەوەیان بیستبوو کە کچەکەیان هەفتەی جارێک وەکو وەرگێڕ لەگەڵ نەخۆشەکانی کەمپی موجاهیدین سەردانی نەخۆشخانەیەکی تیرانا دەکات. چەند ڕۆژێک دوای چوونی پۆلیس بۆ ناو کەمپەکە، مستەفا و مەحبووبە بڕیاریان دا بچنە نزیک نەخۆشخانەکە و چاوەڕێی هاتنی کچەکەیان بکەن. سومەیە نەهات، بەڵام ژمارەیەک لایەنگری ڕێکخراوەکە هێرشیان کردە سەر دایک و باوکی ئەو کچە و بە "تیرۆریست" ناویان بردن. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، کێشەکە گەیشتە پۆلیس و دواتر لە میدیاکانی ئەلبانیادا دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو.

پارێزەری خێزانی محەممەدی بە ڕۆژنامە بەریتانییەکەی ڕاگەیاندووە کە پارێزەرەکەی موجاهیدین خەلق ئافرەتێک بووە بەناوی مارگاریتا کۆلا، پێشتر ڕاوێژکاری باڵیۆزخانەی ئەمریکا بووە لە تیرانا. بەگوتەی میگێنا بانا، پارێزەری محەممەدی، لە دانیشتنەکەی پۆلیسدا کۆلا گوتوویەتی: "من تەنیا پارێزەر نیم، بەڵکو نوێنەری یاسایی باڵیۆزخانەی ئەمریکاشم". ئەمەش کۆی پرۆسەی لێپرسینەوەکەی بە قازانجی موجاهیدین گۆڕی.

حەسەن حەیرانی، ئەندامی باڵای پێشووی ڕێکخراوەکە باس لەوە دەکات کە موجاهیدین بە سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە هەڵبژاردنەکان زۆر دڵخۆش بوون. حەیرانی بە (ئیندیپێندنت) دەڵێ: "وەکو زەماوەند وابوو، سەرکەوتنی ترەمپ هۆکار بوو بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکە هەنگاو بۆ ئەم کەمپە نوێیە بنێ".

ڕێکخراوی موجاهیدین لە ساڵی 1965 دامەزراوە، تاوەکو 1979 دژی ڕژێمی پاشایەتی ئێران چالاکییان دەکرد، دواتر لەگەڵ گەڕانەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی، دامەزرێنەر و ڕابەری کۆماری ئیسلامی، بەرەنگاری ڕژێمی ئیسلامی بوونەوە. دواجاریش ناچار بوون بنکە و بارەگاکانیان بۆ کەمپی ئەشرەف لە باکووری بەغدا بگوازنەوە، بەڵام لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە 2003، ئەستێرەی بەختی ئەو ڕێکخراوەش لە عێراق ئاوابوو، حکومەت و هێزە شیعەکانی عێراق گوشاریان لەو ڕێکخراوە کرد وڵاتەکەیان جێبهێڵن.

حکومەتی ئەمریکا لە ساڵی 2013 قەناعەتی بە حکومەتی ئەلبانیا هێنا ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە وەکو پەنابەر وەربگرێ، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی هێرشی میلیشیا شیعەکانی عێراق بۆ سەر کەمپی موجاهیدین لە عێراق، بەشی زۆری ڕێکخراوەکە بۆ ئەلبانیا گوازرانەوە. موجاهیدینی خەلق لە ئیدارەی ئێستای ئەمریکادا پاڵپشتی گەورەی وەکو جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی سەرۆکی ئەمریکا و ڕودی جولیانی، پارێزەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکای هەیە.



ڕووبەری کەمپەکەی موجاهیدینی خەلق لە ئەلبانیا 340 هەزار مەتر چوارگۆشەیە

گیەرگی تاناسی، ڕۆژنامەنووسی ئەلبانی، لەبارەی هەوڵەکانی موجاهیدین بۆ دانانی کەمپەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان یەکەمجار 13 ملیۆن دۆلاریان بۆ کڕینی 200 هەزار مەتر چوارگۆشە دا، دواتریش 140 هەزار مەتر چوارگۆشەی دیکەیان کڕی و ئێستاش پانتایی ناوچەکە بەردەوام گەورەتر دەبێتەوە.

بەگوتەی تاناسی، ئەندامانی ڕێکخراوەکە 1700 کۆمپیوتەری لینۆڤۆیان کڕیوە، هەمیشەش بە کاش پارە دەدەن و کارتی بانکی بەکارناهێنن بۆ ئەوەی "شوێنەوار لەدوای خۆیان جێنەهێڵن".

ڕاپۆرتەکە دەڵێت، پێدەچێ موجاهیدین دەستی گەورەی لەناو حکومەتی ئەلبانیادا هەبێ، چونکە وەزیرێکی حکومەتی ئێستا و دوو وەزیری حکومەتی پێشووی وڵاتەکە لەگەڵ جولیانی لە مەراسیمی نەورۆزی ئەمساڵ کە موجاهیدین ڕێکیخستبوو، بەشدار بوون.

حەسەن حەیرانی دوای قسەکردن لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکانی لەناو سەرکردایەتی



# شەڕی سایبەری..

# هەڕەشە نوێیەکەی سەر ئاسایشی جیهان

هیچ ڕێککەوتنێک یان ڕێسایەکی نێودەوڵەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی هێرشی سایبەری نییە

**ڕووداو- هەولێر**

تاوەکو دەیەیەک لەمەوبەر جەنگەکان لە چوار گۆڕەپانی سەرەکیدا بەڕێوەدەچوون: زەوی، دەریا، ئاسمان و بۆشایی، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا پانتایی سایبەری وەکو گۆڕەپانێکی نوێی جەنگ و ململانێ دەرکەوتووە و بووە بە سەرچاوەیەکی نوێی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی وڵاتان. جیاوازیی ئەم جۆرە نوێیە لە جەنگ و ململانێ ئەوەیە کە کۆنترۆڵکردنی ئەستەمە.

مانگی ڕابردوو کۆمپانیای فەیسبووک ڕایگەیاند کە هێرش کراوەتە سەر 50 ملیۆن بەکارهێنەری تۆڕەکە. لە دوو ساڵی ڕابردوودا هێرشە سایبەرییەکانی ڕووسیا بۆ سەر دامەزراوە دیموکراتیکەکانی ئەمریکا و ئەورووپا باسی گەرمی ناوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە. هەفتەی ڕابردوو حکومەتی بەریتانیا ڕایگەیاند کە هەواڵگریی ڕووسیا زنجیرەیەک هێرشی کردووەتە سەر دامەزراوە سیاسی، بازرگانی، تەندروستییەکان و دەزگا میدیاییەکانی بەریتانیا. هەموو ئەو هەواڵانە ئاماژەن بۆ ئەوەی مەیدانێکی نوێی ململانێ کراوەتەوە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی میکانیزمی بەرەنگاربوونەوەی نییە.

جەنگی سایبەری بە پێچەوانەی جۆرەکانی دیکەی جەنگ، پێویستی بەوە نییە لایەنەکانی شەڕەکە لەڕووی هێزی فیزیکییەوە هاوسەنگ بن، بەڵکو تەنیا چەند هاککەرێک بەسن بۆ ئەوەی کەلێنی گەورە لە سیستەمی زانیاری و داتابەیسی بەرگری و پیشەسازیی وڵاتە زلهێزەکان یان کۆمپانیا زەبەلاحەکاندا بدۆزنەوە و بۆ ئامانجی خۆیان بەکاریان بهێنن. هەر بۆیە تەکنۆلۆژیای سایبەر یەکێک لەو ئامرازانەیە کە وڵاتان بەکاریدێنن بۆ ئەوەی لاوازی سەربازیی خۆیانی پێ قەرەبوو بکەنەوە، لەوانەش ئێران و ئیسرائیل کە ئێستا لەسەر ئاستی تەکنەلۆژیای سایبەر لە پلەی پێنجەم دێن.

یەکێک لە تەحەدا گەورەکانی بەردەم شارەزایانی ئەمنی و ئاسایشی سایبەری وڵاتان ئەوەیە کە ئەو جۆرە هێرشانە پێشبینی ناکرێن، بۆیەش دانانی میکانیزمێکی دڵنیا و پتەو بۆ ڕێگری لێیان ئەستەمە، حکومەت و کۆمپانیاکانیش ناتوانن بەو خێراییەی هێرشەکەیان دەکرێتە سەر بەرپەرچیان بدەنەوە، لەبەر ئەوەی دیاریکردنی سەرچاوەی هێرشەکان و ئامانجی هێرشەکە و لایەنی سیاسی پشت هێرشەکە چەندین مانگ لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی سیاسی و یاسایی دەوێ.

جیا لەمە دۆزینەوەی لایەنی بەرپرسیار لە هێرشەکان و ئەو دەسەڵاتەی لە پشتیانەوەیە و ئامانجی سیاسی هێرشەکان ئاسان نییە، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی وادەکات دانانی ڕێسای هاوشێوەی ئەو ڕێسا نێودەوڵەتییانەی بۆ شەڕی سەربازی هەن ئەستەم بێت و تەنانەت هیچ ڕێککەوتنێکی جیهانیش لەئارادا نییە بۆ ئەوەی سزایەکی بۆ دیاری بکرێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)، هەموو کۆمپانیا ئەورووپییەکانی بەرهەمهێنانی فڕۆکە ناچارن هەفتانە ژووری فڕۆکەوانەکان و ئامێرەکانی لە ڤایرۆسی ئەلیکترۆنی پاک بکەنەوە، ئەم ڤایرۆسانە دەکرێ لە ڕێگەی مۆبایلی ئاندرۆیدی یەکێک لە فڕۆکەوانەکانەوە کە بە وایەرلێسی فڕۆکەکەوە بەستراوە، بچێتە نێو کۆی سیستەمەکە و لەوێوە کەلێنی خوازراو بۆ هاککەرەکان دروستبکات.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە کەرتی تەندروستیی ئەمریکا و ئەورووپا دەکات کە بەشی زۆری ئامێرە کۆمپیوتەرییەکانیان هی سەردەمێکە هێشتا هێرشی سایبەری نەبیوو بە دیاردە، نموونەی ئەو ئامێرانەش ئەو ڕۆبۆتانەن کە بۆ نەشتەرگەری بەکاردەهێنرێن و سیستەمە کۆمپیەتەرییەکەیان لەگەڵ سیستەمی ناوەندی یەک یان چەندین نەخۆشخانەدا پێکەوە بەستراونەتەوە، بۆیەش هەڕەشەی ئەوەیان لەسەرە لە ناوەڕاستی نەشتەرگەرییەکدا هێرشی سایبەرییان بکرێتە سەر و پەکبخرێن.

ئەم دوو نموونەیە ئاماژەن بۆ ئەوەی لە شەڕی سایبەریدا بە پێچەوانەی شێوازەکانی دیکەی شەڕ، ئامانج تەنیا لێدان لە دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکانی وڵاتان نییە، بەڵکو هەڕەشەکە دەکرێ لەسەر هەموو کەرتەکان و کۆی ژێرخانی وڵاتان بێ، لەوێشەوە دۆخێکی نادڵنیا و ناسەقامگیر لە وڵاتەکاندا دروست بکرێ.

کەناڵی (ڤایس)ی ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای دەکات کە هەر ئامێرێک ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە ئینتەرنێت یان مانگی دەستکردەوە بەسترابێتەوە، هەڕەشەی ئەوەی لەسەرە ببێ بە ئامانجی هێرشی سایبەری.

> دڵنیام هەر ئێستا کەرتە پیشەسازییەکانی ئەورووپا پڕکراون لە ڤایرۆس و چاوەڕێی ڕۆژی خۆی دەکەن
>
> خاوەنی کۆمپانیایەکی سایبەری

## تەکنەلۆژیای سایبەری وەکو چەکێکی شاراوە

سەرەتای ئەمساڵ بنیامین نەتانیاهو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، لە کۆنفرانسی تەکنەلۆژیای سایبەری (سایبەرتێک)دا ڕایگەیاند: "دوو ساڵ لەمەوبەر ئەوەم کرد بە ئامانج کە دەبێ بتوانین یەکێک لە پێنج زلهێزەکەی ئاسایشی سایبەری بین لە جیهاندا ، ئەمڕۆ بەو ئامانجەی خۆمان گەیشتووین".

بەگوتەی نەتانیاهو، 20%ی کۆی وەبەرهێنەرانی جیهان لەبواری تەکنەلۆژیای سایبەری ڕوویان لە ئیسرائیل کردووە، ئەمەش بەو مانایەیە کە بەشی زۆری تەکنەلۆژیای سایبەر لە دەستی کەرتی تایبەتدایە نەک حکومەت، هەرچەندە هیچ کۆمپانیایەکی بواری سایبەر ناتوانێ پێچەوانەی بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ئیسرائیل هاوکاری هیچ

# سزاکانی ئەمریکا دەستی سوپای پاسداران بەهێزتر دەکات


سزاکانی ئەمریکا بازاڕی ڕەشی نەوت و کاڵا بۆ ئێران فراوانتر دەکات

**رووداو- هەولێر**

مانگی رابردوو لە پارێزگای هورمزگان لە باشووری ئێران دەست بەسەر 52 لۆریدا گیرا کە بەنیازبوون 884 هەزار لیتر سووتەمەنی لە رێگەی گەرووی هورمزەوە بۆ شوێنێکی نادیار بگوازنەوە. چوار رۆژ دوای ئەم هەڵمەتە و لە رۆژی 21ی ئەیلولدا، دیوانی ئەنجوومەنی باڵای هاوئاهەنگی ئابووریی ئێران پرۆژەی فرۆشتنی نەوت بە کڕیارانی کەرتی تایبەتی پەسەند کرد، ئامانج لەو پرۆژەیە دۆزینەوەی رێگەی نوێیە بۆ فرۆشتنی نەوت، بڕیارە لە چوارچێوەی ئەو پلانەدا رۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت رەوانەی بۆرسەی نەوتی ئێران بکرێ.

بەگوێرەی راپۆرتێکی ماڵپەڕی (فۆرین پۆڵسی)، بیژەن نامدار زەنگەنە، وەزیری نەوتی ئێران دژی ئەو هەنگاوەیە، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی وەزارەتی نەوت لەسەر فرۆش و داهاتی نەوت کەمدەکاتەوە. تەنانەت لیژنەی وزەی پەرلەمانی ئێرانیش لەگەڵ ئەو هەنگاوەدا نین، چونکە پێیانوایە ئەو پرۆژەیە تەنیا یارمەتی دەڵاڵە نێوخۆییەکانی نەوت دەدات بۆ ئەوەی لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی نیشتمانی گیرفانی خۆیان پڕبکەن.

جەلال میرزایی، ئەندامی لیژنەکە، بە ماڵپەڕی (ئیلنا)ی ئێرانی راگەیاند کە هەلومەرجی پێویست بۆ دروستکردنی بۆرسەی نەوت لە ئارادا نییە. بەشێک لە نیگەرانییەکانیش سیاسین و پەیوەندییان بە دابەشبوونی گۆڕەپانی سیاسیی ئێرانەوە هەیە بەسەر موحافزکار، میانڕەو و ریفۆرمخوازدا. ریفۆرمخوازەکان پێیانوایە ئەو جۆرە هەنگاوانە بۆ سووککردنی باری سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا، لایەنێکی سیاسی بەهێز دەکات و بازاڕی رەشی نەوتی ئێرانیش گەورە دەکات.

بڕیارە لە سەرەتای مانگی داهاتووەوە قۆناغی دووەمی سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران دەستپێبکەن کە بەشێوەیەکی سەرەکی کەرتی نەوت و غازی ئێران دەکەنە ئامانج. ئیدارەی کۆشکی سپی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران و کۆمەڵەی 5+1 داهاتی ئێرانی بەرزکردبووەوە و لەوێشەوە تاران بە دەستێکی پڕەوە دەیتوانی یارمەتی میلیشیاکانی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بدات.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (فۆرین پۆڵسی)، سیاسەتکارانی واشنتن ئەو راستییەیان پشتگوێ خستووە کە سوپای پاسداران بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی میلیشیا شیعەکان پشت بە ئابووریی فەرمی و یاسایی ئێران نابەستێ، بەڵکو پەنا بۆ بازاڕی رەش، قاچاخی نەوت، قاچاخی دۆلار و کاڵا دەبات، فرۆشتنی نەوتیش بە بازاڕی تایبەتی نێوخۆیی رێگە بۆ دروستبوونی بازاڕی رەش خۆشدەکات، بە جۆرێک داهاتی راستەقینە هیچکات بۆ سندوقەکانی حکومەت ناگەڕێتەوە.

راپۆرتێکی (پەیمانگای ئینتەرپرایزی ئەمریکی)، ئەوە ئاشکرا دەکات کە داهاتی چالاکیی قاچاخی سوپای پاسداران لە ساڵی 2007 نزیکەی 12 ملیار دۆلار بووە، راپۆرتەکە بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی پەرلەمانتارێکی ئێرانی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "قەبارەی بازرگانییە قاچاخەکە ئەوەندە گەورەیە ناکرێ بە ئاژەڵ یان کۆڵبەر کرابێت، بەڵکو لە رێگەی کەناڵی نایاسایی و بەهۆی لۆری یان کۆمەڵێک ئەسکەلەی شاراوەوە گوازراوەتەوە کە پیاوانی خاوەن دەسەڵات و دەوڵەمەند چاودێری دەکەن".

لە ساڵی 2014 و لە گەرمەی رێککەوتنی ئەتۆمیدا، ساڵانە بایی 7 ملیار دۆلار نەوت، یان رۆژانە 125 هەزار بەرمیل نەوت و بەرهەمی نەوتی بە قاچاخ لە ئێرانەوە رەوانەی دەرەوەی وڵات کراون. لە مانگی ئابی ئەمساڵیشدا حەسەن روحانی، سەرۆککۆماری ئێران، لەبەردەم پەرلەمانتارانی وڵاتەکەیدا رایگەیاند کە حکومەتەکەی توانیویەتی قەبارەی بازرگانی نایاسایی لە 22 ملیار دۆلارەوە بۆ 12.5 ملیار دۆلار کەم بکاتەوە، لە نێویشیاندا بەتایبەتی ئاماژەی بە قاچاخی نەوت و بەرهەمەکانی کرد.

ئەو کات حکومەت و پەرلەمانی ئێران لەسەر ئەوە کۆک بوون کە بەشێک لە کێشەی ئیدارەی ئابووریی ئێران پەیوەندی بە بازرگانیی نایاساییەوە هەیە. ئەو قەبارەیەش کە روحانی لە گوتارەکەی خۆیدا بۆ پەرلەمان باسی کرد، ئەو راستییە پشتڕاست دەکاتەوە کە بەشێکی گەورە لە ئابووری و بازرگانیی ئێران بەشێوەی نایاسایی بەڕێوەدەچێ.

چاوەڕێ دەکرێ لە چەند مانگی داهاتوودا هەناردەی فەرمی و یاسایی نەوتی ئێران بەبڕی یەک ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا دابەزێت، لە حاڵێکی وەهادا ئەگەر بازرگانی نایاسایی نەوتی ئێران بەردەوام بێت، ئەوە 10% کۆی هەناردەی ئێران لە رێگەی بازرگانیی قاچاخ و نایاساییەوە دەبێ.

لە چەند ساڵی رابردوودا، وەزارەتەکانی داد، دەرەوە و خەزێنەی ئەمریکا کۆمەڵێک هەڵمەتی هاوبەشیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانییە نایاساییەکانی سوپای پاسداران رێکخستووە، بەڵام هەموو ئەو هەڵمەتانە پەیوەندییان بەو چالاکییە بازرگانیانەوە هەبووە کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دەکرێن، بەڵام وەکو لە راپۆرتی گۆڤارە ئەمریکییەکەدا هاتووە، حکومەتی ئەمریکا نەیتوانیوە ئەو راستییە ببینێ کە سزاکان هەلومەرجێک دەخولقێنن، تێیدا هەم کەرتی تایبەت و هەم کەرتی گشتی بەشێک لە ئابووریی وڵاتەکەیان رادەستی سوپای پاسداران بکەن، ئەمەش نەک هەر بۆ ئەوەی ئابووریی وڵاتەکەیان لەژێر باری سزاکان دەربکەن، بەڵکو بۆ ئەوەش کە دەستی لایەنێک لە ململانێ نێوخۆییەکانی ئێراندا بەهێزتر بکەن.

بەپێی راپۆرتەکەی (فۆرین پۆڵسی) ئیدارەی ترەمپ نەیتوانیوە ئاکامە نەخوازراوەکانی سزا ئەتۆمییە نوێیەکانیش بخاتە نێو ئەجێندای خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنی سوپای پاسداران، چونکە ئاکامی خوازراوی سزاکان ئەوە بووە کە بە زیادکردنی گوشارە داراییەکان لەسەر ئێران گیرفانی سوپای پاسداران بەتاڵ بکات، بەڵام مێژووی چالاکییە ئابووری و بازرگانییەکانی سوپای پاسداران شایەتی لەسەر ئەو راستییە دەدەن کە ئاکامی نەخوازراوی ئەو سزایانە قورسکردنی ژیانی رۆژانە لەسەر خەڵکی ئاسایی و کردنەوەی دەرفەتی گەورەبوونی بازاڕی رەشە بۆ سوپا.

ـیادا



موجاهیدین، هەست دەکات سعودیە لە رێگەی کەناڵەکانی تورکی بن فەیسەڵ، بەڕێوەبەری پێشووی دەزگای هەواڵگریی سعودیە پارەیەکی زۆری رژاندووەتە دەست رێکخراوەکە. حەیرانی لە یەکێک لە هاورێکانی لە سەرکردایەتی پرسیبوو ئەو کەمپە گەورەیە بەو هەموو باڵەخانەیە بە چی دروستکراوە؟ هاورێکەی لە وەڵامدا گوتبووی :"دواجار فەیسەڵ هێلکە ئاڵتوونییەکەی کرد".

## هەڕەشە لە دانیشتووانی ناوچەکە دەکات

# داعش لە باشووری سووریا دەردەکەوێتەوە

**رووداو- هەولێر**

چەکدارانی داعش لە باشووری سووریا هۆشدارییان داوە کە ئەگەر ئۆپەراسیۆنەکانی حکومەت لە ناوچەی سوێدا رانەگیرێ، ئەوە دەیان ئافرەت و منداڵی بارمتەی ئەو ناوچەیە گوللەباران دەکەن. خەڵکی ناوچەکە داوا دەکەن هێزەکانی حکومەت بیانپارێزێ، دوای ئەوەی هەفتەی رابردوو داعش ڤیدیۆی کوشتنی یەکێک لە ئافرەتە بارمتەکانی بڵاوکردەوە.

دوو مانگ لەمەوبەر چەکدارانی داعش ژمارەیەک هێرشی لەناکاویان بۆ سەر شاری سوێدا و گوندەکانی دەوروبەری کرد کە تێیدا 200 کەس کوژران و دەیان کەسیش بوونە بارمتەی رێکخراوەکە. ئەو هێرشە بە یەکێک لە خوێناویترین هێرشەکانی داعش لە مێژووی حەوت ساڵەی شەڕی نێوخۆی سووریا لە قەڵەم دەدرێ، ئاماژەیەکیشە بۆ ئەوەی داعش توانای چالاکی تیرۆریستی ماوە، هەرچەند بە کردەوە تەنیا ناوچەیەکی بچووک لە رۆژهەڵاتی سووریایان لەبەردەست ماوە.

مەیسوون سەعاب کە یەکێک لە ئافرەتە دانیشتووەکانی ناوچەکەیە، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە چیرۆکی دۆزینەوەی تەرمی دایک و باوک و براکەی و 34 خزم و کەسی دیکەی خۆی بۆ ئاژانسی (ئەسۆشێتید پرێس)ی ئەمریکی دەگەڕێتەوە و دەڵێ: "تاوەکو ئێستاش ناتوانم باوەڕ بەو رووداوە بکەم، وەکو خەون و کابووسێک وایە کە ناتوانم لێی بەخەبەر بێم".

زیاتر لە دوو مانگ بەسەر هێرشەکەی 25ی تەمووزی داعش بۆ سەر ناوچەکە تێپەڕیوە، بەڵام کێشەی بارمتەکان مشتومڕێکی زۆری لە ناوچە شاخاوییەکەی باشووری سووریادا دروستکردووە کە زۆرینەی دانیشتووانەکانی سەر بە ئاینی دروززن. سوێدا و ناوچەکانی دەوروبەری بە درێژایی حەوت ساڵی رابردوو بە دەگمەن ئاگری شەڕی نێوخۆیان بەرکەوتووە، خەڵکی ناوچە گوندییەکان وەکو هەمیشە خەریکی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات بوون، بەڵام لە مانگی تەمووزی ئەمساڵەوە دۆخەکە گۆڕاوە. خەڵکی ناوچەکە ئەو رۆژەیان بیر ناچێتەوە کە لە کاژێر چواری بەیانی دەنگی "ئەڵڵاهو ئەکبەر"ی چەکدارانی داعش لەگەڵ دەنگی تەقینەوە و تەقەی گوللە تێکەڵ بوو.

دوای بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆکەی داعش کە تێیدا ئافرەتێکی تەمەن 25 ساڵ بەناوی سەروەت ئەبوعەممار بە گوللە دەکوژرێ، خەڵکی سوێدا رژانە سەر شەقام. دانیشتووانی شارەکە حکومەتی سووریا بەوە تۆمەتبار دەکەن کە هیچ شتێکی نەکردووە بۆ رزگارکردنی ئەو 30 کەسەی داعش بە بارمتەی گرتوون.

دروزەکانی سوێدا کە کەمینەیەکی ئاینین لە سووریا، ئامادە نەبوون لە 2011 لەدژی حکومەتی سووریا خۆپیشاندان بکەن، بەڵام لەهەمانکاتدا نەچوونە ناو سوپاشەوە بۆ ئەوەی لەدژی ئۆپۆزیسیۆن شەڕ بکەن. چەکدارانی درووز لە حەوت ساڵی رابردوودا تەنیا بەرگرییان لە کۆمەڵگەکەی خۆیان کردووە. خەڵکی ناوچەکە لە حەوت ساڵی رابردوودا مافی کۆمەڵێک خۆپیشاندانیان پێدراوە، دوایین نموونەیان خۆپیشاندانەکەی هەفتەی رابردوو بوو کە تێیدا باڵەخانەی پارێزگای ناوچەکەیان داخست.

بەپێی راپۆرتەکەی (ئەسۆشێتید پرێس)، چەکدارانی گەنج و مێرمنداڵ بە جلی سەربازییەوە بەناو شەقامەکانی شاردا دەسووڕێنەوە، هەندێک لە چەکدارەکانیش بە جلی باوی ناوچەکە هاتوچۆ دەکەن. سوپای سووریا چەک و کەرەستەی شەڕی خستووەتە بەردەستی دانیشتووانی شارەکە بۆ ئەوەی بەرپەرچی هێرشەکانی داهاتوو بدەنەوە.

ناوچەی سوێدا لە باشوور و دێرەزوور لە رۆژهەڵاتی سووریا دوو لەو ناوچانەی سووریان کە چەکدارانی داعشی لێماون، خەڵکی ناوچەکە دەترسن داعش ناوچەکەی ئەوان وەکو بنکەیەک بۆ خۆکۆکردنەوە و چالاکی دیکە بەکاربهێنێ، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کێشەی بارمتەکان هێشتا نەبڕاوەتەوە و حکومەتی سووریاش ئۆپەراسیۆنێکی بۆ سەر ئەو ناوچانەی پارێزگای سوێدا دەستپێکردووە کە گومان دەکرێ چەکداری داعشی لێبن.

ئێستا داعش هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ئەگەر حکومەت ئۆپەراسیۆنەکەی خۆی لە ناوچەکە رانەگرێ، ژمارەیەکی زیاتر لە بارمتەکان دەکوژێ. گۆڕانکارییەکانی دوو مانگی رابردووی سوێدا تەحەدایەکی نوێ بۆ حکومەتی سووریا دروستدەکات کە بە هاوکاریی رووسیا، ئێران و میلیشیا شیعەکان ناوچەیەکی زۆری سووریا لەژێر دەسەڵاتی چەکدارانی داعش و ئۆپۆزیسیۆن دەرکردووە.

مەیسوون لە کاتی هێرشەکەی مانگی تەمووزدا لەگەڵ هاوژینەکەی و دوو کوڕەکەی لە ماڵەوە خەوتبوون، کاتێک دەنگی تەقە بەخەبەری هێنان. داعش دەرگای ماڵی دراوسێکەیانی شکاندبوو و پیاو و ژنی ماڵەکەی کوشتبوو. هاوژینی مەیسوون بە چەکەوە چووبووە سەربان بۆ ئەوەی تەقە لە چەکدارانی داعش بکات، بەڵام لەپڕ گوێی لە قیژەی کەسێک بوو کە دەیگوت "ئەبوو خالدیان کوشت".

لەگەڵ بیستنی ئەو هاوارە مەیسوون لە ماڵەوە دەرچوو، لەو کۆڵانە تەنیا باوکی ئەو ناوی ئەبوو خالد بوو، کاتێک گەیشتە ماڵی باوکی، بەسەر تەرمی خوێناوی خێزانەکەیدا کەوت، ئەژنۆی شکا و لەناو خوێناوەکەدا دانیشت و دەستی بە شین کرد. مەیسوون دەڵێ: "هیچ کارەساتێک لەوە گەورەتر نییە دایک و باوکی خۆت بەو وەزعەوە ببینی کە لەبەر چاوی خۆت خەڵتانی خوێن بوون. شەوی پێشتر تاوەکو درەنگ پێکەوە بووین".

چیرۆکی هێرشەکەی سوێدا ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی داعش، سەرەڕای رووخانی خەلافەتەکەیان و لەدەستدانی هەزاران چەکدار و ناوچەکەی زۆر، تاوەکو ئێستاش توانای ئەوەی ماوە پیلانی هێرشی گەورە دابڕێژێ و مەترسی لەسەر ئاسایشی ناوچەکان دروستبکات.


دروزەکانی سوێدا لە 2011 لەدژی حکومەتی سووریا ڕانەپەڕین، بەڵام نەچوونە ناو سوپاشەوە بۆ شەڕ لەدژی ئۆپۆزیسیۆن

وڵاتێک بکات.

ئەم تایبەتمەندییەی تەکنەلۆژیای سایبەر وایکردووە حکومەتێکی وەکو ئیسرائیل خۆی لە بەرپرسیارێتی ئەو هێرشانە بدزێتەوە کە لەلایەن کۆمپانیاکانی ئەوانەوە دەکرێنە سەر دامەزراوەی وڵاتانی دیکە. لەلایەکی دیکەوە ئەو جۆرە تەکنەلۆژیایە قەرەبووی هەموو ئەو کەموکورییانە دەکاتەوە کە ئیسرائیل لە بواری سەربازیدا هەیەتی.

لە چەند ساڵی رابردوودا یەکێک لەو فاکتەرانەی وایکردبوو رەخنەی توند لە پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای سایبەر بگرێ، ئەوە بوو کە ئەو تەکنەلۆژیایە هەڕەشە لەسەر سنووری تایبەتی ژیانی هاووڵاتیان دروست دەکات، هێرشی مانگی رابردووی هاککەرەکان بۆ سەر 50 ملیۆن هەژماری فەیسبووک نموونەی ئەو جۆرە هێرشانەن، بەڵام شارەزایانی تەکنەلۆژیای سایبەر دەڵێن هێرشەکان چیدی ناکرێ تەنیا وەکو هەڕەشەیەک بۆ سەر مافە مەدەنی و یاساییەکانی هاووڵاتیان سەیریان بکرێ.

باراک پێرڵمەن، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری کۆمپانیای سایبەری ئیندیجی لە ئیسرائیل کە ساڵانێکە لە بواری دابینکردنی ئاسایشی سایبەر بۆ کۆمپانیا و کارگە گەورەکان کار دەکات، دەڵێت پێکەوە بەسترانی تۆڕەکانی پەیوەندی و بازرگانی جیهان رێگەی بۆ کارکردنی خاوەن کۆمپانیاکان خۆش کردووە، بەڵام هەر ئەمەش رێگەی بۆ هاککەرەکان کردووەتەوە بە ئاسانی دەستیان بە دامەزراوە دوورەدەستەکان بگات.

پێرڵمەن دەڵێت هێرش بۆ سەر کۆمپانیا و دامەزراوەکان بووە بە شتێکی کردەیی، وەکو چۆن لە سەرەتای 2016 سیستەمی بەرهەمهێنانی وزەی ئۆکراینا هاک کرا یان لە 2015 کارگەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی پۆڵا لە ئەڵمانیا هاک کرا، چاوەڕێ دەکرێ ئەوە بەردەوام بێت. بە بۆچوونی پێرڵمەن ئەو جۆرە هێرشانە چیدی وەکو هەڕەشەیەک بۆ سەر سنووری تایبەتی ژیانی هاووڵاتیان نابینرێن، بەڵکو "هەڕەشەیەکن بۆ سەر ژیانی خەڵکانێکی زۆر. من دڵنیام هەر ئێستا کەرتە پیشەسازییەکانی ئەورووپا پڕکراون لە ڤایرۆس و چاوەڕێی رۆژی خۆی دەکەن بۆ ئەوەی لە ژێرخانیان بدەن، لەوانەش کۆمپانیاکانی دەرمانسازی، کۆمپانیاکانی نەوت و وزە، بە کورتییەکەی هاککەرەکان چەکی خۆیان سوار کردووە و چاوەڕێی فەرمانی تەقەن.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# قبوڵکردنی شکست.. بۆ خۆڕاستکردنەوە

لە کوردەواریدا قسەیەک بڵاوە کە وەک نوکتە بووە بە بەشێک لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن: "کابرا نەیدەزانی هەڵپەڕێت، دەیگوت زەوییەکە لێژە". بەداخەوە ئەم بیرکردنەوەیە وەک پاساوێک بەسەر تەواوی جەستەی کۆمەڵگەی کوردیدا زاڵ بووە. کەس هەڵەی خۆی نابینێ، یاخود نایەوێ دان بە کەموکورتیی خۆیدا بنێت، بەردەوام بەدوای بیانوویەکدا دەگەڕێت تا عەیبەکانی خۆی پێ بشارێتەوە. تیپێکی فووتبۆڵ کە یارییەک دەدۆڕێنێ، دەڵێن ناوبژیوان خیانەتی کرد. خوێندکارێک لە تاقیکردنەوە دەرناچێ، پێیوایە مامۆستا بە ئەنقەست خستوویەتی. پێشینانیش بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانە گوتوویانە: (بیانووی تر، نانی جۆیە).

کاتێک کەسێک هەڵەیەک دەکات، زەمەن ناگەڕێتەوە تا هەڵەکە نەکات، بەڵام داننان بە هەڵە بۆ ئەوەیە جارێکی تر ئەو هەڵەیە دووبارە نەکەیتەوە. لە بەرامبەردا ئیعتراف نەکردن بەهەڵە، یان نەبینینی کەموکورتییەکانی خۆت، بەواتای درێژەدانە بەو هەڵە و کەموکورتیانەی کە خۆت نایانبینی، یاخود ناتەوێ دانی پێدابنێی کە هەڵەن. مرۆڤێک هەڵەیەک دەکات و نایەوێ وەک هەڵە دەرکەوێت، لە ساکارترین مانادا ئەوەیە کە دەیەوێ لەسەر هەڵەکانی بەردەوام بێت. ئەگەر کەسێکیش بیەوێ پێی بسەلمێنێ کە ئەوە هەڵەیە، ئەو بەدوای پاساو و بیانوودا دەگەڕێت تا لانیکەم ئۆباڵی هەڵەکە بخاتە گەردنی شتگەلێکی تر نەک خۆی.

ئەم جۆرە ڕەفتارکردنە ئەگەر بۆ ژیانی ئاسایی کەسێک خراپ بێت و لێکەوتە خراپەکانی تەنها بۆ خۆی یان بۆ دەوروبەر و بازنەیەکی بەرتەسک بێت، کە بوو بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بێگومان دەبێتە هەڕەشە و مەترسیی گەورە لەسەر ئایندەی ئەو کۆمەڵگایە. ئێستا کۆمەڵگەی کوردی لە دۆخێکی لەم جۆرەدا دەژی، ئەگەر چارەسەری ریشەیی بۆ نەدۆزرێتەوە، بە دڵنیاییەوە کورد پێویستی بەهیچ دوژمنێک نییە بۆ لەناوبردنی. تەماشا بکە بەدرێژایی مێژوو دەیان بڕیار و ڕەفتاری هەڵەی کورد دەبینیت کە بووە بە مەینەتی گەورە بۆ میللەتەکە، بەڵام هیچ ڕابەر و سەرکردەیەکی ئەو قۆناغە دانی بە هەڵەی بڕیار و ڕەفتاری خۆیدا نەناوە، بەردەوام ئۆباڵەکە خراوەتە ئەستۆی کەسانی دەرەوەی خۆی. ئەمەش وایکردووە مێژووی کورد بەردەوام دووبارە بێتەوە.

ئەمڕۆ لە دونیای پێشکەوتوودا گەل و نەتەوە زیندووەکان دەیان ڕێگەیان دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی خۆیانی تێدا ببیننەوە، کە مەبەست لێی دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی هەڵەکانیانە، بە ئامانجی چارەسەرکردنیان. ڕۆژانە فیدباکی ڕەفتار و کردارەکانیان دەبیننەوە، بۆیە بەردەوام پێشدەکەون. مرۆڤ کاتێ دەچێتە بەردەم ئاوێنە، بۆ ئەوە دەچێت کە خۆی ببینێ. بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کەسێک عەیبەکەی خۆی دەبینێ و چاکی دەکات، کەسێکی تر یان نایبینێ، یان باوەڕ بە ئاوێنەکە ناکات، یان دەیبینێ و لەبری چاککردنی، بە دوای پاساو و بیانوویەکدا دەگەڕێت تا بیکات بە خەتای ئەو.

لەم جۆرە وڵاتانەی ئێمە کە کۆمەڵگەی تێکشکاوین، دەرفەتەکانی فیدباک و خۆبینینەوە، کەم و لاوازن. بەڵام ئەوەش نییە کە هیچ هۆکار یان ئامرازێکیش نەبێت تا خۆمانی پێ هەڵبسەنگێنین. چ لە ژیانی ڕۆژانەی تاک بە تاکمانەوە تا دەگاتە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بەگشتی، هۆکارگەلێک هەن تا وەک ئاوێنە ڕووی خۆمانی تێدا ببینینەوە. بەڵام حیکمەت لەوەدایە کە کەڵک لەو خۆبینینە وەرگرین.

ئەمساڵ دوو هەڵبژاردن لە کوردستان بەڕێوەچوون، بۆ هێزگەلە سیاسییەکان دەرفەتێکی باش بوو ئەگەر بیانەوێ خۆیانی پێ هەڵبسەنگێنن. بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و ئاستی بەشداریی خەڵک، دەرئەنجامەکان، جۆری مامەڵەی هێزە سیاسییەکان بۆ ئەنجامی هەڵبژاردن، هەموویان قابیلی ئەوەن لێیان بکۆڵدرێتەوە، بۆ بەو جۆرە بوون؟

دەبێ توێژەرانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە وردی لەسەری بوەستن. ئایا هیچ هێزێکی سیاسی کردی بە دەرفەتی خۆبینین؟ هیچ هێزێک بەخۆیدا چووەوە؟ هیچ هێزێک خاڵی لەسەر کەموکورتییەکانی خۆی دانا؟یان ئەسڵەن کەس دانی بە شکستی خۆیدا نا؟ یاخود وەک جاران ئۆباڵی شکستەکانیان خستە سەر ئەوەی (زەوییەکە لێژە)؟

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پڕ لە کەموکووڕی بوو، ساختەکاری زۆر کرا، پەنجەی تۆمەتەکان بەو ئاراستەیە بوون کە (بە ڕێکخراوی لەلایەن کۆمسیۆنەوە ئەنجام دراون). پەرلەمانی عێراق و دادگای فیدراڵی هاتنە ناو کێشەکەوە، کۆمیسیاران لەکارەکانیان ڕاگیران، لێکۆڵینەوە لە ئەنجامەکان کرا، پاش ئەوەی بۆ ماوەیەک یاری بە کات کرا، بێ ئەوەی هیچ لە دەرئەنجامەکان بگۆڕن، ئەنجامەکان پەسەند کران و ئێستا پێکهێنانی حکومەت لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەیە کە زۆرترین لۆمەیان لەسەر بوو. دیارترین کارەکتەری سیاسی کورد و عێراقی کە زۆرترین نارەزایی هەبوو لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، دکتۆر بەرهەم ساڵح بوو، ئێستا بەو ئەنجامە بووە بە سەرۆک کۆمار. بۆ پۆستەکانی تریش و حیزبەکانی تریش بەو جۆرەیە.

پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەو هەڵبژاردنە پڕ لە ساختەیەی عێراقیان قبوڵ کرد، بۆ ئەوەی کوردستان ڕەتدەکەنەوە، لە کاتێکدا کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم، بەشێکی زۆری ئەو گرفتانەی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان چارەسەر کرد، ڕێکارەکانی دەنگدان و ئەژمارکردن، سڕینەوەی ناوی دووبارە و مردووان و ڕێگری لە ساختەکاریی ڕێکخراو.. ئەوەی ئەرکی کۆمیسیۆن بوو پیشەییانە ڕایانپەڕاند، بەڵام ئەوەی ئەرکی حیزبەکانە لە دروستکردنەوەی متمانەی دەنگدەر بە هەڵبژاردن، لە هاندانی خەڵک بۆ چوونە سەر سندوقی دەنگدان، لە دەستنەبردن بۆ ساختەکاری، جێبەجێ نەکران. ئەگەر ساختەکاری کرابێت کۆمیسیۆن نەیکردووە، حیزبەکان کردوویانە. هەرچەندە یەکەمجارە هەڵبژاردنێک بکرێت بەو ئەندازەیە نزیک بێت لە واقیعی حاڵی حیزبەکانەوە. هەڵبژاردنێکی تا ڕادەیەکی زۆر باشتر لەوەی عێراق و لە هەڵبژاردنەکانی پێشتر بەڕێوەچوو.

تێکچوونی ئەو هاوسەنگییەی لە کوردستان هەبوو، بەهۆی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و ڕێگاکانی ساختەکردنەوە نییە، بەڵکوو هۆکارگەلی تر هەن. لە یەکەم هەڵبژاردنەوە لە ساڵی 1992 تا جیابوونەوەی بەشێک لە یەکێتی و دروستکردنی گۆڕان لە 2009، یەکێتی و پارتی بە دەنگ و بە ڕێژەی جەماوەر لەیەک نزیک بوون. کە گۆڕان دروست بوو 24 کورسی برد، بەشی زۆری دەنگدەر و جەماوەری یەکێتی بوو. ئێستاش ئەوەی نوێ نزیکەی نۆ کورسی لە گۆڕان بردووە. ئەگەر تەماشا بکەیت، دەنگی یەکێتی و گۆڕان و ئەوەی نوێ کە لەناو یەک بازنە دەسوڕێتەوە و یەک بنکەی جەماوەرییە، هەمان ئەو ڕێژەیەیە کە جاران هاوسەنگ بوو بە دەنگەکانی پارتی.

پێویستە یەکێتی و گۆڕان لەو ڕاستیە بگەن کە لەسەر چ بنەمایەک دروست بوون، ئایا ئێستا دەستیان گرتووە بەو سەرەتایەوە کە وەک پرەنسیپ لەسەری دروستبوون و وەک جیاوازییەک لە پارتی خۆیان پێ ناساند؟ بێگومان نەخێر. کەواتا دەبێ دان بەوەدا بنێن کە لەچیدا شکستیان هێناوە، هۆکاری شکستەکە بکەنە سەرچاوەی خۆڕاستکردنەوە. ئەمە بۆ یەکگرتووی ئیسلامیش ڕاستە، دەبێ بەدوای ئەو هۆکارانەدا بگەڕێت کە لەنێوان دوو هەڵبژاردندا دەنگەکانی بۆ نیوە زیاتر دابەزاندووە. بەم شێوەیە دەتوانن ڕێگای هەستانەوە بدۆزنەوە، نەک بە دەستبردن بۆ پاساو و بیانووی ناواقیعی.



ڕەحمان غەریب

# بارزانی رزگار بکەن

....، بەڵام دەرنەچوونی کاندیدی کاک مەسعود بۆ سەرۆککۆماری عێراق، پێویستە دەرگا لەسەر بابەتێکی ئێجگار گرنگ بکاتەوە کە ڕەگوریشەی لە زۆر ڕووداوی ئەم چەند ساڵەی دواییدایە: بۆچی دەبێت ململانێ سیاسییەکانی پارتی یەکسان بکرێنەوە بە ململانێ شەخسییەکانی کاک مەسعود؟

ڕوونتر بڵێم: کاک مەسعود کە سیاسییەکی قەدیری کوردستانە و لە تەواوی ڕووداوەکانی پەنجا ساڵی ڕابردوومان‌دا هەیە، بۆچی هەموو ڕووداوە سیاسییەکان بە لایەنی دەروونیی ئەوەوە دەبەستنەوە؟

کەس نەیگوتووە پارتی و تیمەکەی بارزانی، سازش لەسەر تێڕوانینەکانی بارزانی بکەن، بەڵام لۆبی و مانۆڕی زیاد لە پێویست بۆ "بڕیار"ەکانی، ئەوە بەرهەمدەهێنێ کە دەیبینین و دەبیستین بە نیگەرانییەوە دەڵێن گوایە: قسەی بارزانی شکێنراوە.

ڕاگەیاندنی پارتی و نەیارەکانی پارتی و ڕاوێژکارەکانی بارزانی و ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆیش، چەند ساڵێکە برەو بە تێڕوانینێکی خێڵەکی دەدەن، گوایە قسە قسەی بارزانییە و سازش نازانێ و لە گفتوگۆ و دانوستاندنەکاندا نەرمونیان نییە. بەڵام دەبێت پێش هەموو کەسێک، دڵسۆزانی کاک مەسعود، ئەو لەو داوە ڕزگار بکەن کە کەم و زۆر لەگەڵ تێڕوانین و مێژووی سیاسییەکی وەکو بارزانیدا، یەکناگرێتەوە.

ئەگەر ڕاستییەکیش لەوەدا هەبێت کە کارەکتەری خودی بارزانی ڕێژەیەک لەو خۆنەگری و کەمحەوسەڵەیی‌یەی هەبێت، ئەمە نابێت بێتە بواری گشتییەوە. ئاخر پێگەکەی بارزانی دەبێت بیرمان بخاتەوە کە هیچ شتێک بۆ ئەو شەخسی نییە و ئەوەی هەیە، ململانێی بەرژەوەندی و هەندێکجاریش جیاوازیی تێڕوانینی سیاسییە.

بۆ بارزانی و پارتی و گەلی کوردیش وا باشە کار لەسەر تۆخکردنەوەی ئەو هێڵانە بکەن کە سکێچی کارەکتەرێکی بەئەزموونمان پیشان دەدەن مێژووەکەی سەرشارە، لێوانلێوە لە ڕووداو، لەم ڕووداوانە و تەنها جووڵەیەک لە جووڵەکانی بارزانی دەگۆڕێت و ئەوراق تێکەڵ ناکات و گرژییەکی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە.

نیسبەتی بارزانی بە تەحقیقکردنی خەونەکانی، نیسبەتی ماسییە بە ئاو. دەوترێت کە بارزانی مەبەستێتی وەکو سەرکردەیەکی مێژوویی و نەتەوەیی بچێتە مێژووەوە و بیەوێت کەلەبەری هەندێک ڕووداو پڕبکاتەوە. کەواتە باشترە پارتی هاوکاری بن وەکو سیاسییەکی خاوەن موبادەرە و سنگفراوان و بەئەزموون هەڵوێست وەربگرێت. ئەوەی ئێستا پارتی دەیکات دروستکردنی وێنەی سەرۆک حیزبێکی نەفەسکورتە کە لەو کاتەی ڕووداوەکان بە دڵی ئەو ناڕۆن، هەڵوێستی توند دەبێت ء لە دڵی دەگرێت.

دەبێت جەنابی بارزانی خۆی پێش هەموو کەس و دواتر تیمەکەشی ئەوە بزانن کە مێژووی بارزانی و ئەو تەنگوچەڵەمانەی تووشی هاتوون، کارەکتەرێکیان دروست کردبێت بەرگەی ئەوە بگرێت هەندێک ڕووداو بە ویستی ئەو نەبن. بەڵکو دەبێت ئەو توانایەشی هەبێت وەبەرهێنان لەو ڕووداوانەدا بکات و بەکاریان بهێنێتەوە بۆ چەسپاندنی دید و تێڕوانینەکانی بۆ سیاسەت و بەڕێوەبردن.

بۆ نموونە: کاک مەسعود ریفراندۆم ء ئینجا هەڵبژاردنیشی لەکاتی خۆی کرد ء بۆی چووە سەر، ئێستا دەرنەچوونی کاندیدی پارتی بۆ سەرکۆماری عێراق، دەبێت بکرێتە دەرفەتێک بۆئەوەی بارزانی دەسەڵات و نفوزی خۆی بخاتە ئەو جێگەیانەوە کە پێشتر نەیتوانیوە. ئەمەیە کە دەگوترێت سیاسەت فەنی مومکینە.

بارزانی ڕێگەی دووەم و سێیەمی لەبەردەمدا نییە لە بەرامبەر دەرنەچوونی کاندیدەکەی، بەوجۆرە نییە وەکو هەندێک ڕۆژنامەنووس پێیانوایە کە بارزانی ناچار کراوە بەدوای شەریکی نوێدا بگەڕێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی هەرێم یاخود مامەڵە لەگەڵ یەکێتیدا بکات وەکو برا بچووکێک (لەسەر بنەمای ژمارەی کورسییەکان)، یان دوورتریش دەڕۆن، وەک گەڕانەوەی دوو ئیدارەیی.

تاکە ڕێگەی بارزانی ئەوەیە لەپاڵ خەونە نەتەوەییەکانیدا، پێشهاتە نوێیەکان موتوربە بکات لە دیدگاکانی خۆی و باشکردنی گوزەرانی خەڵک و هاوکار بێت لە هاندانی هەمووان بۆ دروستکردنی حکومەتێکی بەهێز کە بتوانێت ئاستێکی بەرزی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکات. ئەمەش ئەگەر خۆی بیەوێت، هەڵبەت.



رابەر تەڵعەت

# دیموکراسی بەبێ هەڵبژاردن

دیموکراسی وەک چەمک، وەک تێگەیشتنێکی دیاریکراو بۆ حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و شار؛ تەمەنی سێ هەزار ساڵە، هەڵبژاردن وەک میتۆد و میکانیزمی بەرجەستەکردنی دیموکراسی، وەک ئیرادەی خەڵک و خواستی زۆرینە تەمەنی تەنها دوو سەد ساڵە. لە مێژووی مۆدێرندا یەکەم هەوڵدان بۆ چەسپاندنی دیموکراسی بە تێگەیشتنی مۆدێرن لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسیدا لە 1789 لەدایکبوو، بەڵام بەنێو نزیک دوو سەدە لە جەنگ و ماڵوێرانی، توندوتیژی و ناسەقامگیریدا گوزەری کرد تا گەیشت بە جەنگی دووەمی جیهانی؛ لێرەوە فەرەنسا و ئەورووپای ڕۆژئاوا توانیان لە کەناری شەپۆلی دووەمی دیموکراسیدا، دوای قوربانییەکی زۆر، دوای تێڕامان و تێگەیشتن لە مێژووی ئاڵۆزی خۆیان، بگەن بە کەناری سەقامگیری و گەشەکردنی سیاسی و دیموکراسی.

باشوور و ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەورووپا، زیاتر لە نیو سەدەی دیکە بە تووڵە ڕێگا و هەوراز و نشێوی تۆتالیتاریزم و ناسەقامگیری و دواکەوتوویی ئابووری و سیاسیدا گوزەریان کرد، تا لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت، ئەویش بە یارمەتی و بەهاناوەچوونی یەکێتی ئەورووپا و بە داسەپاندنی سەدان مەرج و ڕێوشوێن و دامودەزگا و چاودێرییەوە، سواری شەپۆلی سێیەمی دیموکراسی بوون، بەڵام تا ئێستاش و دوای زیاتر لە چارەکە سەدەیەک و دوای زیاتر لە دەیەیەک لە ئەندامێتی لە یەکێتی ئەورووپادا، هێشتا لەنگەریان لە کەناری دیموکراسی و سەقامگیری سیستەمی سیاسی و ئابووری پێشکەوتوودا نەگرتووە. نموونەش بۆ ئەمە، هەنگاریا کە لەناو وڵاتانی دوای کۆمۆنیزمدا پێشەنگ بوو لە وەرچەرخانی دیموکراسیدا، ئەمڕۆ لە هەڵبژاردنەکانیدا پارتی (یووبیک) ی شۆفێنیست و نزیک لە ئایدیای نازیزم بەردەوام سەرکەوتنی زیاتر بۆخۆی تۆمار دەکات و لە گەشەکردندایە.

نەک بە تەنها مێژووی خۆرئاوا، بەڵکو مێژووی بەهاری عەرەبیش وەک شەپۆلی سێیەمی دیموکراسی لەم دواییانەدا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە وەرچەرخانی دیموکراسی پرۆسەیەکی ئاسان نییە و ناتوانرێت بە تەنها لە خواست و گوتاری سیاسیدا یان تەنها لە هەڵبژاردندا بێتە دی. بەپێچەوانەوە مێژووی دیموکراسی و یەکەم ئەزموونەکانی، لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسیدا بە توندوتیژی لەدایک دەبێت کاتێک شۆڕش سەری ڕۆڵەکانی خۆی دەخوات و دەپەڕێنێت، تا دەگات بە جەنگە ناوخۆییە یەک لەدوای یەکەکانی ئەورووپا و بەڵکان و تا گەیشتن بە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی و لەدوای ئەویش جارێکی دیکە و لەدوای 1918 وە، هەوڵدان بۆ چەسپاندنی دیموکراسی، لەڕێگای هەڵبژاردنەوە لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا نازیزم و فاشیزم بەرهەم دێنێت و ئەورووپا ڕووە و چارەنووسێکی ڕەشتر دەبات و جەنگی دووەمی جیهانی 1939 – 1945، ئەوەندەی دیکە خوێن و کوشتار و ماڵوێرانی بەسەر خەڵک و وڵاتانی تازەپێگرتووی دیموکراسیخوازی ئەورووپادا دەبارێنێت.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، بەهاری عەرەبی 2011، هیوایەکی گەورەی بۆ خەڵکی خێرلەخۆنەدیوی قوربانیی دەستی ناسیۆنالیزم و عروبە دروست کرد، شەپۆلی سێیەمی دیموکراسی لە بەهاری عەرەبیدا، بە تامەزرۆییەوە خەڵکی بردە سەر سندوقەکانی دەنگدان، بەڵام ئەنجامەکان هەر لە میسرەوە تا دەگاتە تونس، نائومێدی و شەڕی ناوخۆ و گەڕانەوەی دەسەڵاتی سوپا و توندوتیژیی گروپە ئیسلامییەکان و ماڵوێرانی بوو. بە ئەندازەیەک ئەمڕۆ وڵاتانی بەهاری عەرەبی خۆزگە بۆ ڕۆژانی سەردەمی موبارەک و عابدین و قەزافی و ئەوانیتر دەخوازن.

ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا، دوای ساڵانێکی زۆر لە چەوساندنەوەی دەستی ڕژێمی بەعس و ئەنفال و کیمیاباران و کۆڕەو و خەباتی شاخ و شار، بۆ یەکەمجار بۆمان ڕەخسا خۆمان حوکمی خۆمان لە ناوچەیەکی بچوکی سەر خاکی خۆمان بکەین، هەموومان بە ئومێدەوە لە ساڵی 1992 باوەشمان بۆ دیموکراسی کردەوە، ناسینی ئێمەش بۆ دیموکراسی هەڵبژاردن بوو، بەڵام ئێمەش خۆ چاکتر نەبووین لە فەرەنسای شۆڕشی فەرەنسی و ڕۆبسبیر و فەیلەسوف و ڕۆشنگەرانی سەردەمی ڕۆشنگەری، دیموکراسی و هەڵبژاردنەکەی ئێمەش، یەکەم دەسکەوتی شەڕی ناوخۆ و خواردنی سەری ڕۆڵەکانی خۆی بوو.

دیموکراسی بۆ ئێمەی کورد و میللەتانی دیکەی هاوشێوەی ئێمە لە ڕۆژهەڵات و ئەفریقاشدا، بووە بە سێبەر و لە پێشمانەوە ڕێدەکا، هەرچی دەکەین پێی ناگەین، ئێمە لە دیموکراسیدا هەڵبژاردن باش دەناسین، بەڵام هیچکات لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دیموکراسیمان دەستنەکەوتووە، نەک هەر دیموکراسی، بەڵکو باجی هەڵبژاردنەکانیشمان بە هەڵگیرسانی شەڕ و ئەوەندەی دیکە دروستبوونی نائارامی و ناسەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی داوە. بۆ؟ ئایا ئێمە هێشتا ماومانە لە دیموکراسی تێبگەین؟ یان دیموکراسی هێشتا ماویەتی بە باڵای ئێمە بکا؟

وەڵام؛ دیموکراسی پەیوەندی بە تێگەیشتن و ئامادەیی کولتووری گەلانەوە نییە، پەیوەندی بەو دامودەزگا و ئەزموونە مێژوویی و یاساییانەوە هەیە کە کۆمەڵگا دەپەڕێننەوە بۆ کەناری سەقامگیری و دیموکراسی. ڕۆڵی یاسا، چەسپاندنی یاسا، بەهێزکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە دەرەوەی کۆمەڵگای سیاسی، ئەو کۆمەڵگا مەدەنییەی کە دەتوانێت لە بازاڕی کاردا بەرهەمهێن بێت، هەر لە شتومەک و کاڵای بەکاربەرییەوە تا بەرهەمهێنانی مەعریفە و زانست و زانیاری لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێ و لەسەر بونیادی ئابوورییەکی دامەزراو پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگای سیاسی ببەستێت نەک چاوی لە دەستی دەوڵەت بێت و ببێتە پاشکۆی کۆمەڵگای سیاسی.

لەدۆخی ئێستای ئێمەدا، ڕۆڵی یاسا، دادپەروەری و خزمەتگوزاری، دەبێت ئامانجی سەرەکی پرۆسەی سیاسی بێت. پارت و لایەنە سیاسییەکان ئەگەر نەتوانن هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی قبوڵ بکەن، دەبێت کار بۆ تەوافوق و لێکنزیکبوونەوە بکەن، هەمووان بەشداری بکەن لە حکومەتێکی بەهێزی خزمەتگوزاردا، چونکە لەم هەڵبژاردنەدا شەقام و دەنگدەر گوتیان "دیموکراسی نابێتە نان بۆمان"، هەڵبژاردنێک نەتوانێت دیموکراسیانە بێت، با دیموکراسییەکمان هەبێت بێ هەڵبژاردن بێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# پارتی دۆڕاوە یان براوە؟

1

ئـەوەی لـە 2ی ئۆکتۆبـەردا ڕوویـدا، بەشـێک بـوو لـە مانـۆڕی سیاسـیی نێو خانەوادەی بارزانی و تاڵەبانی بۆ داهاتووی حوکمڕانـی. هاوکێشـەکە زۆر سـادەیە، بـەڵام دەرهاوێشـتەکانی هـەر هەمووی لە قازانجـی پارتـی شـکاونەتەوە. ڕەنگبـێ ئەمـڕۆ دڕدۆنگییەک لە پارتییەوە بەرامبەر سەرۆکایەتیی دکتۆر بەرهەم ساڵح هەبێت کە بۆچی لە بەربژێربوون نەکشایەوە، بەڵام دەشێ هەمان پرسیار لە پارتیش بکرێ کە ئەی باشە مادام هەموو دونیا (بەو پێیەی تا ئێسـتا وڵاتان پێشـوازی و پیرۆزباییان لە سـەرۆککۆماری نـوێ نەکردووە) لەگەڵ ئـەوەدا بوون کە نێچیرڤـان بارزانی ببێتە سـەرۆککۆمار، پارتـی بۆچی کەسـێکی دیکـەی کاندید کرد؟ لە دوا سـاتەکاندا دکتـۆر بەرهـەم گوتـی: "تەنهـا کاتێک دەکشـێمەوە کـە نێچیرڤـان بارزانـی بەربژێری پارتی بێت بۆ ئەم پۆستە". ئەو باش دەیزانی نێچیرڤـان بارزانی هەولێر ناکاتە قوربانیی بەغدا و سـەرۆکایەتیی حکومەتی داهاتـووی پارتی کە زۆرترین دەنگـی دوای هەڵبژاردنەکانـی 1992 دێنێت، تەسـلیمی یەکێکـی دیکەی ناو بنەماڵەکەی خۆی ناکات، باشیش ئەوەی دەزانـی کـە کوڕەکانی جەنگـی و پاڤڵ تاڵەبانـی، پێویسـتیان بەوەیە بەرامبەر قوبـاد تاڵەبانـی سـەرکەوتنێک تۆمـار بکەن، یان هەر نەبێ ئایندەی قوباد لەناو حوکمڕانیی ناوخـۆی یەکێتی و هەرێمدا بخەنـە ژێـر پرسـیارەوە. لێرەوەیـە کە دەبێ هەموو قەناعەت بەوە بێنین دکتۆر بەرهـەم یارییەکـی یەکجـار زیرەکانەی کـرد. هەمـوو لایـەک دەیانزانـی دکتۆر بەرهـەم دەیەوێ ببێتە سـەرۆککۆمار و لێـی ببووە عوقدەیـەک بەرامبەر هەموو لایەنەکان، بۆیە هەمووانی ئیدارە کرد.

کێشـەی پارتـی لە بنەڕەتـدا ئەوە نەبـوو کە کـێ دەبێتە سـەرۆککۆمار، ئەوەندە نەبێ کە دەیویست لە دەرەوەی ئیرادەی ئەودا ئەوە ڕوونەدات. ئەگەرنا ئـەوە بۆ چوار سـاڵ دەچـێ کە پارتی هیـچ نوێنەرایەتییەکـی لەبەغدا نەماوە و ئیشـی خۆیشـی دەکات. هێشتا زووە بڕیار لەوە بدرێت کە بەرهەم سـاڵح بۆ لـە بەغدایە؟ چونکـە پارتی ئامادە بوو هەموو خێروبێرەکانی ئـەو دامەزراوەیە ببەخشـێتە یەکێتـی لەبەرامبـەر کشانەوەی بەرهەم سـاڵح! کەواتە چی لـە ئەسـڵی مەسـەلەکە دەگـۆڕا؟ خوا دەزانـێ. پارتی ئەمجارەیـان بە تیرێک چەندین نیشانی پێکاوە کە گرنگترینیان سـەرکەوتنی گەورەیەتـی لـە ناوخۆی کوردستان، لادانی مالیکی و عەبادی لە گۆڕەپانی سیاسـی و کەرتکردنی ماڵی تاڵەبانی.

# دانیشە فوئاد! هەستە فوئاد! شەرمەزارم نەکەی فوئاد!

3

لە یەکـەم کابینەی حکومەتـی کاتیدا لە بەغدا، بڕیار وابوو کەسانی تێکنۆکرات بکرێنە وەزیر و لەو بەینەشدا ئەمریکییەکان هەندێک خەڵکیـان مەشـق پێکردبوو، دکتـۆر فوئاد حوسێن ئەوکات یەکێک بوو لەوانەی مەشقیان کردبوو، وا دانرابوو کە بکرێتە جێگری وەزیری پەروەردە. ئەوکات پارتی بە حیسابی ئەوەی لـە پشـکی یەکێتییـە، ڕێگەیـان نـەدا ئەو پۆستەی پێ بدرێت. دانیشە فوئاد!

دوای ئـەوە، فوئـاد حوسـێن کـە کەسـایەتییەکی دنیادیتـەی بـە ئەزمـوون بـوو، لەو ڕۆژەوەی کە سـەرۆک بارزانی بووە سـەرۆکی هەرێمی کوردستان، بووە سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و بوو بە کەسـایەتییەکی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی. هەستە فوئاد!

لە کۆتاییشدا، سەرباری ئەوەی کە ئەگەر دکتـۆر فوئـاد لـەڕووی نێودەوڵەتییەوە لای سەرکردەکانی دنیا لە بەرهەم ساڵح ناسراوتر نەبووبێ، نەناسراوتر نەبوو، لەلایەن پارتییەوە (چونکە مەکتەبی سیاسـیی پارتی سـەرۆک بارزانییـان سەرپشـک کـرد بـۆ دیاریکردنی بەربژێری ئەو پۆستە) لە دوا ساتەکاندا کرایە بەربژێری پارتی. لێـرەدا ئەوەی ڕوویداوە، بە هەموو پێوەرێک هیچ گوناهی فوئاد حوسێنی تێدا نییە، ئەسـڵەن پارتی لێـرەدا کڵاوێکی گەورەیان لەسەری یەکێتی نا کە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی کوردسـتاندا بە شتێکی واوە خەریکیـان کـردن و لەبەر بەغـدا ئاگایان لە کوردسـتان نەمـا. ڕێک وەکو ئەو سـاڵانەی کە تاڵەبانی لە عیشـقی بەغدا، کوردستان و ستراتیژییەتی نەتەوەیی تەسلیمی پارتی کرد. بارک الله فوئاد!

# بە بارمتەگرتنی ئەنجامەکان

2

بـە دڵنیاییـەوە قەبوڵنەکردنـی ئەنجامـی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمیسیۆنەوە، لە هەنگاوی یەکەمدا، هەڵوەشـانەوەی کۆمیسیۆنی بەدوادا دێـت (بـەوەش ئابـڕووی خۆیـان دەبـەن)، هەنـگاوی دوای ئەوەش ڕەنگبێ دوو ئیدارەیی بێـت، پارتـی بـە هیـچ شـێوەیەک ئامادەی مساوەمە لەسەر ئەنجامەکان نییە و پێکهاتەی حوکمڕانـی بەپێی ئـەو ئەنجامانەیە کە هەیە. ئـەوەی یەکێتـی دەیـەوێ بیـکات و پێـش ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی پێکهاتەی حکومەت ببینێـت، بـە بارمتەگرتنـی ئەنجامەکانە، لەو بەینەشـدا دەیەوێ هەموو حزب و قەوارەکانی دیکـە بکاتە پەیژە بۆ گەیشـتن بەو ئامانجە. یەکـەم لێدوانی گوتەبێژی یەکێتی لە ئێوارەی هەڵبژاردنەکانـی 30ی ئەیلـول دەلالەتـە لەوەی کە ئـەوان دوای ئەوەی ڕێگرییان لێ کـرا لـەوەی تەزویر بکەن، بـێ ئەوەی هیچ ئەنجامێـک ڕاگەیێندرابێت، تا ئـەو ڕاددەیە چوونە پێش کە بایکۆتی پرۆسـەی سیاسی لە کوردستان بکەن!

دوا بەیاننامەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتـی، بـاس لە شـەراکەتی ڕاسـتەقینە دەکات! شـەراکەتی ڕاسـتەقینە کاتێـک ڕوودەدات کـە دوو لایەن بەقـەدەر یەکتری سـەنگ و قورسـاییان هەبـێ، بـە هەمـوو پێوەرێـک پارتـی بـراوەی هەڵبژاردنەکانی 12ی مایـس بـووە، بردنـەوەی یەکێتیـش لـە ژێـر تۆمەتـی تەزویـردا دەگـەوزا. سـەرۆککۆماری ئێسـتا کە ئەوکات حزبێکی دیکەی هەبوو و ئێسـتا لە پشکی یەکێتییە، تا دوا سـاتەکان دژی ئـەم "گزی و فزی"یە بوو! بەڵام دوایی یەکێتی هیچ حیسابێکی بۆ حەساسـیەتەکانی پارتی نەکرد و داهاتووی پۆسـتی سـەرۆککۆماریی خسـتە بـەردەم ئیرادەی عەرەب و غەیرە کوردەوە.

پارتـی ئەگـەر حکومەتـی زۆرینـەش پێکنەهێنـێ، ئاینـدەی یەکێتـی لەنـاو حوکمڕانیی کوردسـتاندا سـنووردار دەکات. چیتـر نـاز و فیزیـان هەڵناگـرێ، گـۆڕان دەتوانێ ببێتە کارەکتەرێکی سـەرەکیی ئەو حکومەتەی کە پێکدێت، چونکە پارتی ئیتر لـەوە تێگەیشـتووە کـە 23ی حوزەیران و 16ی ئۆکتۆبەر بە هیچ شێوەیەک بە یەکتری بەراورد ناکرێن.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# بەرهەم شۆو

ڕاگەیەنـدراوی کۆبوونـەوەی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتیی یەکێتی لەبـارەی هەڵبژاردنەوە و، نـە ڕەتکردنەوە و نە ڕەتنەکردنەوەی ئەنجامەکانی، بەشـێکە لەو شـۆیەی ماوەیەکە بە ماڵی تاڵەبانی بەرهەمدەهێنـرێ و بەسـوتفەش نـاوی ئەکتـەرە سـەرەکییەکەی ئـەم وەرزەی بەرهەمە. شـۆیەکە کە پێـش شـازدەی ئۆکتۆبەر دەسـتیپێکردووە و چیرۆکەکەی بەمشێوەیەیە:

لەو ڕۆژانەدا کە بڕیار لەسەر گشتپرسی دەدرێت، د. بەرهـەم کەڵکەڵـەی خەونێکی کـۆن لەکەللەی دەدات. لێکدانـەوە و پەیوەندییەکانـی دڵنیـای دەکەنەوە کە کەس پشـتیوانی لە گشتپرسی ناکات و ئەوانەی ئەو کارە دەکەن، تووشـی خۆکوژییەکی سیاسـیی کوشـندە دەبن. جا پیاو و قارەمان ئەو کەسە دەبێت کە دوای ئەوە بەسەر پشتی ئەسپێکی سـپییەوە نا، بەڵکو ئەگەر پێویسـتی کرد، لەسەر پشـتی ئابرامزێک یان هەمەرێکی حەشدی شەعبی خۆی بـکات بە هەولێردا و هەرێمی کوردسـتان لە لەنێوچـوون `ئینقـاز` بکات. چەنـد ڕۆژێک بەر لە شـازدەی ئۆکتۆبـەر، وەک کەسـێکی ئـاگادار لـە بەغـدا بـۆی گێڕامـەوە، چەند نوێنەرێکـی کۆن و نوێی یەکێتی و گۆڕان دەچنە بەغدا و لەوێ لەگەڵ سـەرۆکی ڕاستەقینەی عێراق، کە حاجی ئاغایەکی ئێرانیی ناسراوە بۆ هەمووان، دادەنیشن. گۆڕانەکان بیرۆکـەی بەهەرێمکردنـی کەرکـووک و سـلێمانی و جیاکردنـەوەی لـە هەولێر ڕەتدەکەنـەوە، بەڵام وەک باسـدەکەن، لە بەغدا دکتـۆری ئینقاز هەمان هەڵوێستی گۆڕانی نەبووە.

لـە وەرزی یەکەمی شـۆیەکەدا ماڵـی تاڵەبانی خۆیـان ڕۆڵ دەگێڕن و بە ڕادەسـتکردنی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە بەشی یەکەمی پلانەکە جێبەجێ دەکـەن. دوای ئەوان نـۆرەی پلانی دووەم دێت کە تێیدا دکتۆر سەر لە چوار لایەنەکە دەدات و بەناوی دژایەتیی پارتی و یەکێتییەوە دەیانخاتە سـەر ئەو بڕوایەی کە دەبێ حکومەتێکی ئینقاز دروستبکرێت. لەو ڕۆژانەدا بوو کە بەرپرسـێکی گەورەی ئەمریکیم بینـی و بەپێکەنینـەوە باسـی ئـەو هەوڵـەی د. بەرهەمی بۆ کردم. ئەوکات تێنەدەگەیشتم مەسەلە چییە، بـەڵام دوای ئەو ڕاگەیەندراوانەی لە ئەمریکا و وڵاتانـی دیکە بڵاوکرانـەوە و بە دیاریکراوی ناوی نێچیرڤـان بارزانی و قوباد تاڵەبانی وەک نوێنەرانی دانپێدانراوی کوردستان هاتبوو، تێگەیشتم ئەمریکا و هاوپەیمانەکانـی دووشەشـی ئێرانیی حکومەتی ئینقازیـان لەدەسـتی ئەو کەسـەدا تۆپانـدووە کە خۆی بۆ ئەو جێیە خۆشکردبوو و بەئەنقەست ناوی قوبادیشیان هێناوە.

پـاش ئـەو جووڵەیـەی ئەمریـکا، ڕووداوەکانی شۆیەکە بە ئاراستەیەکی دیکەدا ڕۆیشتن. دەبووایە ئـەوەش ڕووبدات، چونکە خەریـک بوو بینەر بێزار دەبوو. بۆیە دەبووایە ئەمجارە د. بەرهەم بیسەلمێنێ کە ڕەقەمە و کاریگەری لەسـەر بڕیاری سیاسی لە کوردستان هەیە و مادام کاک نەوشیروانیش نەماوە، ئەو ڕابەری ئۆپۆزیسیۆنە و بە شتێکی نوێوە هاتووە کە ناوی هاوپەیمانییە. شتێکی عەنتیکەشە، نە حیزبە و نـە ڕێکخراوی خێرخوازییـە و نە قوتابخانەیەکی فیکریشە. شتێکە کە هەرکاتێک هیچی لێدەرنەچوو، دەتوانیت وەک تۆپی بلیارد پەرشـوبڵاوی بکەیت و ئەگەر بووە شتێکیش، ئەوە چاکتر. بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنەکانـی پەرلەمانـی عێراق دەریخسـت کە کڕیاری نییە و دکتۆر لەو تاقیکردنەوەیە دەرنەچوو.

لـەم وەرزەی بەرهـەم شـۆودا کـە ئێسـتا پەخشـدەکرێت، پاڵەوانی شـۆیەکە جارێکی دیکە هەوڵـدەدات بینەران ڕابگرێـت و نەهێڵێت بێزاربن. بۆیە پشـت لە قسـەکانی چەند مانگـی ڕابردووی خـۆی دەکات و بـە سـیناریۆی ماڵـی تاڵەبانـی بەرهەمهێنەری شـۆیەکە ڕازی دەبێت بەوەی کە بە هەر نرخێک بێت، ببێتە سـەرۆککۆمار. باربووکەری شۆیەکە و ماڵی تاڵەبانی قازانجی چاک لە شۆیەکی وا پڕبینـەر دەکـەن و فۆکەسـی خەڵـک لەسـەر مەسـەلە جدییەکانی دیکـە لە ڕۆنـی ڕەنگاوڕەنگ لادەبەن. ئەکتەرە تۆڕاوەکەی خۆشیان، کە ماوەیەک سەرکێشـیی دەکرد، بەبـێ ڕەچاوکردنی حورمەت بـۆ ڕابـردووی و ئەو کەسـایەتییەی لەنێو خەڵکدا هەیبووە، بەوجـۆرە دەگەڕێننەوە. بافڵ تاڵەبانیش لـە ڕۆژی هەڵبژاردنـدا هێندەی دیکـە حورمەت بۆ ئیشەکە ناهێڵێتەوە و مژدەی ئەوە دەدات کە ئەوانی دیکەش وا وردە وردە دێنەوە! سەیر لەوەدایە هەر لە گەرمەی ئەم گەڕانەوەیەی ئەمدا بۆ "ماڵە گەورەکە"، سـەودا بەو پۆستەشـەوە دەکرێ کە هێشتا دکتۆر دەستی پێنەگەیشتووە! چونکە پێشنیازی ئەوە بۆ پارتی کرابوو کە ئامادەن دەست لە بەغدا بەردەن بۆ حکومەتێکی دوو ساڵ بە دوو ساڵی کوردستان، یان سـەرۆکایەتی کۆماری دوو ساڵ بە دوو ساڵ لە بەرامبەر ئیمتیازی زیاتر لە کوردستان!

بەرهـەم شـۆ لە مێـژووی سیاسـەتی کوردیدا بێوێنەیـە. چونکـە لـە شەسـتەکانەوە چەندیـن شـۆی دیکەمان هەبوون و هەمیشـە هەرچییەکیش تێیاندا ڕوویدابێت، ڕۆڵگێڕە سەرەکییەکانی کەمێک حورمەتیان لە ئیشەکەدا هێشتووەتەوە، بەڵام شۆی ئەمجارە هەر لە پەیمانشکێنی و پەشیمانبوونەوەوە بیگـرە تا دەگاتـە خەنجەر لە پشـتی یەکدی دان و سـڕینەوەی پەرێزی پاکی ڕابـردوو بۆ وەرگرتنی پۆستێکی کەمبەها، هەموو ئەو پێکهێنەرانەی تێدایە کە بیکاتە شۆیەکی بێحورمەت.



ڕەفعەت سەلیمی

# فەرەشگەرد و پارادۆکسە جەوهەرییەکانی

پێناسـەیەکی کورت: فەرەشـگەرد (iran revival) ڕێکخراوێکی سیاسیی دژی کۆماری ئیسـلامیی ئێرانـە کە لە 17ی سـێپتەمبەری 2018 بـە ئامانجی لەناوبردنی ڕژێمی کۆماری ئیسـلامیی ئێـران و بـە دروشـمی ((ئێران وەردەگرینـەوە)) خـۆی ڕاگەیاند. دەسـتەی دامەزرێنـەری فەرەشـگەرد یـان ئەوانەی کە مانیفێسـتی فەرەشـگەردیان واژۆ کردووە، لە 40 کەس پێکهاتوون کە لە ساحەی سیاسیی ئێـران و ئۆپۆزیسـیۆنی ئێرانیـدا نەناسـراو یـان کـەم ناسـراون و زیاتـر کۆماریخـوازان و پاشـایەتیگەرایانی مەشـروتەخواز تێیـدا بەرچاون. فەرەشـگەرد لـە ڕاگەیاندنی خۆیدا ڕەزا پەهلەوی (وەلیعەهدی پێشـووی ئێران و کوڕی حەمەڕەزاشا) وەک کەسایەتیی کلیلی و سەرەکیی نێوان دژبەرانی سێکولار دیموکرات و وەک فاکتـەری یەکێتیبەخش بۆ پرۆسـەی لەناوبردنی کۆماری ئیسلامی ئێران ناودەبات.

بەبڕوای نووسەری ئەم وتارە، ئەم ڕێکخراوە کۆمەڵێک پارادۆکسی زەقی جەوهەریی تێدایە و لـەم وتـارەدا دەمانـەوێ تیشـک بخەینـە سەریان.

**یەکەم:**

نـاوی ڕێکخراوەکـە (فەرەشگەرد)ـە کە وشـەیەکی پاڵەیـی و دەلالەت لـە چەمکێکی ئایینـی زەردەشـتی دەکات، بەواتـای گەڕاندنەوەی جیهان بۆ ئەو کەماڵ و لووتکەیەی کـە لە دەسـپێکی خلقـەت و بەر لـە هاتنی ئەهریمـەن و خراپە تێیدا بووە (1) و هاوتای (مەعـاد- معاد)ـە لە ئایینە سامییەکاندا. لـە دەقـە ئایینییەکانـی زەردەشـتیدا وەک نۆژەنکردنـەوە یان سـەرلەنوێ بنیاتنانەوەی جیهان ناوبراوە و بە سەرهەڵدانی سووشیانت دەستپێدەکات (2). لەو کاتەدا بەپێی نەریتی زەردەشـتی، ئەهریمـەن شکسـت دەخوات و دێـوەکان دەچنە ناوی زەمینەوە و دوابەدوای ئـەوە خراپە لە جیهان دەسـڕێتەوە و جیهان پاک دەبێتەوە. لە فەرەشگەرددا هەر ئێزەدێک دێـوی بەرانبەری خـۆی لەناو دەبـات، کاتی ڕوودانـی لە نیوەڕۆدا و لە کاتی ڕێپیتۆن - نە دەبێـت و لەو ڕۆژەوە ئێـزەدی ڕێپیتۆن وەک سـەرووەر و سالاری فەرەشگەرد ناونراوە. هەر ئەمە خۆی هەموو پارادۆکسە جەوهەرییەکانی فەرەشـگەردی لەخۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام من هـەر لەم خاڵـەدا بەتەواوی قـووڵ نابمەوە و تەنها دەپەڕژێمە سـەر دیارترین پارادۆکسـی پەیوەندیدار بـە ناوی ڕێکخراوەکە کە بریتییە لـەوەی ڕێکخراوێـک کـە ئیدیعـای بنیاتنانی حکومەتێکی سێکۆلار دیموکرات بۆ وڵاتەکەی دەکات، چـۆن دەبێت ناوێکـی هێندە ئایینی بۆخـۆی هەڵبژێرێت؟ چ شـتێک گەرەنتیـی ئـەوە دەکات کە ئـەم ڕێکخراوە لـە ئەگەری سـەرکەوتنیدا ئێران لە دەسـتی ئیستیبداد و سـەرکوتکاریی ئیسـلامی - وەک ئـەوەی کە ئـەم تاقمە دەیڵێـن - دەردەهێنێت و نایخاتە باوەشی ئیسـتیبداد و سەرکوتکاریی ئاینێکی دیکەوە، یان نایخاتە باوەشـی ئیستیبدادێکی ئیسـلامیی دیکـە، بـەڵام لەسـەر دەسـتی کۆمەڵێـک کەس و دەموچـاوی دیکە؟ گوایە زمانی فارسی چەمکی مۆدێرن و دەستەواژەی نوێـی کەمـی هەیە باشـتر لە دەسـتەواژەی فەرەشـگەرد دەلالـەت لـە ڕێکخراوێکـی سـێکۆلاری دیموکرات بکات کە دامەزرێنەرانی ئـەم ڕێکخـراوە پەنایان بۆ دەسـتەواژەیەکی ئایینـی هێنـدە تـۆخ بـردووە، یـان ئەوەتە ئـەم ناوە گوزارشـت لـە نـاخ و بیروباوەڕی ڕاستەقینەی دامەزرێنەرانی دەکات؟ لەبیرمان نەچووە کە خودی حەمەڕەزاشـای پەهلەویی ئەگەرچی حکومەتەکەی پاشگری ئیسلامیشی پێوە نەبوو، کەسـایەتییەکی تاسـەر ئێسقان مەزهەبـی و تائیفی بوو، تەنانەت ڕاسـتەوخۆ یارمەتیی شیعەکانی لوبنان و وڵاتانی دیکەشی دەدا، بەڵام ئەوکات زروفی جیهانی و ناوچەیی بەجۆرێـک بـوو، یارمەتیـی حەمەڕەزاشـای پەهلـەوی بـۆ شـیعەکانی دەرەوەی ئێـران لەبەرچاو نەدەگیرا.

**دووەم:**

دامەزرێنەرانـی فەرەشـگەرد ڕوونیـان نەکردووەتـەوە کـە دەیانەوێ ئێران بۆ کام سـەردەمی زێڕینـی پێشـوو بگەڕێننـەوە. لێـرەدا پرسـیار ئەوەیـە کە بە بـەراورد، ئێـران لـە کام سـەردەمدا حکومەتە یەک لـەدوای یەکەکانـی لە حکومەتـی کۆماری ئیسلامیی ئێران باشـتر هەڵسـوکەوتیان کـردووە، کام حکومـەت سـەرکوتکاری و توندوتیژیی لەکارنامەدا نەبووە، ئێران کەی حکومەتێکـی سـێکۆلار دیموکراتی هەبووە کە ئێسـتا ئەم تاقمـە هوتافی گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە دەدەن؟

هەرچەنـد دامەزرێنەرانـی فەرەشـگەرد ڕوونیـان نەکردووەتـەوە کـە دەیانـەوێ ئێران بۆ کام سـەردەمی زێڕینی پێشـوو بگەڕێننـەوە بـەڵام ئاماژەکان پێمـان دەڵێـن کە مەبەسـتیان ڕژێمی پاشـایەتی و لەنێویشـیدا پاشـایەتیی بنەماڵـەی پەهلەوییە، غافڵ لـەوەی کە گەلانی ئێران چل سـاڵ بەر لە ئێسـتا ڕژێمی پاشایەتیی بنەماڵەی پەهلەوییان تێپەڕاندووە.

**سێیەم:**

ئـەم ڕێکخـراوە لـە مانیفێسـتەکەیاندا دەڵێـن ئێمـە ڕێکخـراو یـان حیزبێکـی سیاسـی نیـن، بەڵکـوو دەڵێـن ئێمـە ڕایەڵەیەکیـن پێکهاتـوو لـە چل کەس کە کار بۆ لەناوبردنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و گەڕاندنەوەی ئێران بۆ سەردەمی زێڕینی شکۆمەندیی پێشوو دەکەین. پاساویشیان ئەوەیە کە فەرەشگەرد سەرۆک، گوتەبێژ، مەکـۆی سـەرەکی، ئۆرگانـی دیاریکراو و هتـدی نییـە و ئەم چل کەسـە هەموویان لـە یـەک ئاسـتدان. ئەمە بۆخـۆی خۆڵ لەچـاوی خەڵـک کردنە و پرسـیار لێرەدا ئەوەیـە کە ئەم چل کەسـە خۆ بە وەحی مونزەل یـان ئیلهامی خواوەنـدی یەکیان نەگرتووە و بەیاننامەیان ئامادە نەکردووە. بێگومـان فەرەشـگەرد ڕێکخراوێکـی سیاسـییە و هەر ڕێکخراوێکیش دەسـتێک یـان ڕێکخەرێک مۆتـۆڕی ئەودیو پێکهاتن و جووڵانەوەیەتـی. جگە لـەوەش گریمان کە فەرەشـگەرد حیزب یـان ڕێکخراوێکی سیاسـی نییە، لێرەدا پرسـیار ئەوەیە کە ئایا کاری سیاسـیی پانتابەرین و گشتگیر بەبـێ حیزب یـان ڕێکخراوێکی سیاسـی تۆکمە چەنـدە مومکین و ڕێتێچووە و ئایا ڕەتکردنـەوەی حیزب و کاری ڕێکخراوەیی لـە دونیـای ئەمـڕۆدا بـۆ کەسـانێک کە ئیدیعـای سـێکۆلار دیموکراسـی دەکـەن واتـای دەبێـت؟ ئایا نەبوونی سـەرۆک و دەسـتەی سـەرۆکایەتی و گوتەبێژ و هتد لە درێژخایەندا نابێتە هۆی پاشـاگەردانی و تـرازان و دواجار سـەرهەڵدانی ناکۆکی و ناتەبایـی و لەناوچوونی فەرەشـگەرد؟ بەبـاوەڕی مـن ئەگـەر ئـەم ئیدیعایـە ڕاسـت و باوەڕی ڕاسـتەقینەی دەسـتەی دامەزرێنـەری فەرەشـگەرد بێـت، ئەمـە دەرخـەری ئانارشـیزمێکی ترسـناک و وێرانکـەرە کە لەناخی تـاک بە تاکی ئەم کەسـانەدا مەندی بەسـتووە و خۆشـیان ئاگایـان لێی نییە و دواجار لە فاشـیزمدا خۆی دەبینێتەوە و پێویسـتیش بە گوتن نـاکات کـە ئەمـە چەنـدە بـۆ داهاتووی ئێران مەترسـیدارە. بەڵام من باوەڕم وایە کە فەرەشـگەرد حیزب یـان ڕێکخراوێکی سیاسییە و دەسـتێکی گەورەشی لەپشتە و کەواشبوو ئەمە پارادۆکسێکی گەورەیە.

**چوارەم:**

**بـە** لەبەرچاوگرتنی ئـەوەی کە زۆربەی خەڵکی ئێران چەندە لەمەڕ دەستوەردانی دەرەکـی لـە وڵاتەکەیـان هەسـتیارن، ئیدیعـای فەرەشـگەرد بـۆ قبووڵکردنـی یارمەتیـی دەرەکـی ئامریـکا و وڵاتانـی دیکـە بـۆ لەناوبردنی کۆماری ئیسـلامیی ئێـران، ئەوەمـان بۆ دەردەخـات کە ئەم چل کەسـە هەر چلیان لە دەرەوەی ئێران دەژیـن و خوێندنەوەیەکـی دروسـتیان بۆ کۆمەڵگـەی خۆیـان نییـە. هـەر ئەمەش دەبێتـە هـۆی ئەوەی کە کەسـانێکی زۆر تەنانەت لەناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا دژیان بوەسـتنەوە. جەختکردنـی لەڕادەبەدەری ئەوان بۆ قبووڵکردنی یارمەتیی دەرەکی ناڕاسـتەوخۆ وەگێـڕی ئەوەشـە کـە فەرەشـگەرد و ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیی هیوایـان بە چالاکی و نافەرمانی مەدەنیی گەلانـی ئێرانیش نییـە وغافڵن لەوەی کە بەهێزترین هێز بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لـە هەر وڵاتێکدا بە پلـەی یەکەم خەڵکی ناوخۆی خودی ئەو وڵاتەیە.

**پێنجەم:**

فەرەشـگەرد ڕایگەیانـدووە کـە ئەوان هیـچ مۆدێلێکی حوکمڕانی بەسـەر ئێرانی داهاتـوودا ناسـەپێنن و تەنهـا دەیانەوێ وەلیعەهـدی پێشـوو سـەرۆکایەتی حکومەتی ڕاگوزەر یـان کاربەڕێکەر بکات تـا ئەوکاتـەی کـە ڕیفراندۆمی شـێوازی حوکمڕانی بەڕێوەدەچێت. لێرەدا پرسـیار ئەوەیـە کە بۆ وەلیعەهدی پێشـوو؟ ئایا مەبەسـتیان ئـەوە نییـە کە کوڕی شـای پێشـوو وەک سوشـیانت یـان مونجـی و ڕزگارکـەری گـەورەی ئێران جێبخـەن و دواتـر ڕژێمـی پاشـایەتیی بنەماڵـەی پەهلـەوی بـە بیانـووی زۆر و زەبەندەی وەک ڕێگـری لە پارچەبوونی ئێران زیندوو بکەنـەوە؟ بێگومـان ئەم ڕێکخـراوە هەر لەئێسـتەوە خەریکـی دوورینـی عەبـای سوشیانت و ڕزگارکەرە گەورەکەیە بەبالای ڕەزا پەهلەویـدا و ئەمـەش پێموانییـە لـە داهاتووی ئێـران و ئێرانـی داهاتوودا جێگای ببێتەوە و تەنانەت لەگەڵ دروشمی سـێکۆلار دیموکراسیشـدا کە فەرەشگەرد هەڵگریەتی، یەک ناگرێتەوە.

**شەشەم:**

فەرەشـگەرد ئالیەتێکی دیاریکراوی بۆ چۆنیەتـی لەناوبردنی کۆماری ئیسلامیی ئێـران ڕانەگەیانـدووە جگـە لـەوەی کـە دەڵێـن ئێمە خوازیـاری ئەوەین ئامریکا و وڵاتانـی دەرەکی هەموو جـۆرە جەختێک بخەنە سـەر کۆماری ئیسلامی، بەڕادەیەک کـە ببێتە هـۆی لەناوچوونی. پرسـیاری گـەورە لێرەدا ئەوەیە کـە ئەگەر جەختی وڵاتانـی دەرەوە ببێتە هـۆی لەناوچوونی ڕژێمی ئێران، ئەی ڕۆڵی ئێوە لێرەدا چی بـووە کە خۆتـان بە خاوەنی ئـەو حەقە دەزانـن حکومەتـی ڕاگـوزەر پێکبێنـن و سەرۆکەکەشی دیاری بکەن؟

**حەوتەم:**

ئێـران وڵاتێکـی فرەنەتەوەیـە و فەرەشـگەرد بەرنامەیەکـی ڕوونـی بـۆ داهاتـووی ئەم گەلانە لـە ئەگەری نەمانی کۆماری ئیسـلامیدا نییە هـەر بەوجۆرەی کە ئێسـتاش فرەنەتەوەیی و هەمەڕەنگی لـە پێکهاتـەی دەسـتەی بەڕێوەبـەری فەرەشگەرددا ڕەنگی نەداوەتەوە.

**ئاسۆی بەردەم فەرەشگەرد**

بێگومـان پارادۆکسـە جەوهـەری و پێکهاتەییەکانـی فەرەشـگەرد زۆر لەمانە زیاتـرە کە لەم وتارەدا باسـکرا، هەربۆیە بـەم شـێوازە و بـەم هەمـوو کێشـە و پارادۆکسانەوە تەنیا و تەنیا بۆ ماوەیەکی زۆر کـورت لە سـاحەی سیاسـی ئێراندا دەژی. زۆرن ئـەو ڕێکخراوانـەی لەماوەی ئەم چل ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هاتوون و ڕۆشتوون و کەم کەسیش هەستی بە هاتن و چوونیان کردووە. ئەمە تەنیا وەڵامێکی لاواز و قەناعەتپێنەکەرە بۆ پێداویسـتیی سەڵتەنەتخوازان بە هەبوونی ڕێکخراوێکی تۆکمە. فەرەشـگەرد سازێکە کە باش کۆک نەکراوە و ژەنیارەکەشـی لە لووتکەی ناشـارەزاییدایە. گۆمێکی مەندە لـە پارادۆکـس و دووفاقـی کـە تەنانەت ئەگەر سـێبەری پەلەوەرێکیشـی بکەوێتە سەر، دەشڵەقێت.

(1)جـۆن هینێلـز، ناسـینی ئوسـتوورەکانی ئێـران، وەرگێڕانـی ژالە ئامووزگار و ئەحمـەد تەفەزولی، لاپەڕەی (31)

(2)ژالە ئاموزگار و ئەحمەد تەفەزولی، ئوسـتوورەی ژیانی زەردەشـت، لاپەڕەی (58)

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more


# ئەڤین لە کوردستان کرا بە خێو

10




خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net












زانکۆی ستراتفۆردی ئەمریکی کە 8 لقی لە ئەمریکا هەیە و دوای وەرگـرتنی مۆڵـەتی یاسایی لـە حکومەتی هەرێم، لقی خۆی لـە هەولێر دەکـاتەوە و تـاکـە زانـکۆی راستەقینەی ئەمـریکـی یە لــە ئێراق و کـوردسـتان. ئـەم زانکـۆیە خـاوەنی 10 دانپێدانـانـی ئەمریکـی و جیهانی یە و سـەرجەم سیستمی خـوێندن، مەنهەج، کامپێسی ئەلکترۆنی و بروانامەکانی لە ئەمریکاوە دێن. ئەم زانکۆیە ئەمساڵ 2 سکول بە چەندین بەشەوە دەکاتەوە:

- سکولی بیزنس و بیزنسی نێودەوڵەتی بەم بەشانەوە:
- ژمێریاریی و دارایی
- سەرچاوە مرۆیی یەکان
- بەڕێوەبردنی کار
- بەڕێوەبردنی گاز و نەوت

**سکولی ئەندازیاریی کۆمپیوتەر بەم بەشانەوە:**
- ئەندازیاری پرۆگرامەکانی مۆبایل و وێب
- ئەندازیاری سایبەر سکیوریتی
- ئەندازیاری تێلێکۆمیونیکەیشن
- ئەندازیاری نێتوۆرک
- ئەندازیاری داتابێیس
- ئەندازیاری سۆفتوێر

هەروەها ئەم زانکۆیە ئینستیتوتی زمانی ئینگلیزی کردۆتەوە بۆ خوازیارانی فێربوونی زمان کە 6 ئاستی هەیە و قوتابییان ئامادە دەکات بۆ خوێندنی ئاکادیمی، بیزنس، گفتوگو یان بۆ تاقیکردنەوەی ئایل و تۆفل.

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارانەی خوارەوە:**

1616 970 750 00964

1616 980 750 00964

ئادرێس: هەولێر- شەقامی گوڵان